ڕەوت
البديل
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# مانگرتنی کفری، پەرەستەندنێکی پڕبایەخ و هەنگاوی دواتر

ڕاپۆرت: نەوزاد بابان



لە دووەمین هەفتەی مانگرتنی لاوان و گەنجانی بێکاری شاری کفریدا (٢٣-٧-٢٠٢٣)، ئەم دوو دروشمە بەرزکراوەتەوە:

- بیمەی بێکاری هەر ئێستا و دەستبەجێ
- کار، یان بیمەی بێکاری

دابینکردنی هەلی کار ئەو وادە پووچ و درۆیەیە کە حکومەتی هەرێم و حزبەکانی دەسەڵاتدار و هەتا ئۆپۆزیسیۆنی قەومی نیو-لیبراڵی (نەوەی نوێ) و حزبەکانی ئیسلامی سیاسیش، بەهەر هەموویانەوە، خەریکن لاوانی کچ و کوڕی بێکاری هەرێمی کوردستانی عێراقی، پێ فریودەدەن، تا لە چاوەڕوانیدا بیانهێڵنەوە.

چاوەڕوانی هەلی کار کاتێک دروستە و مانای واقعی و عەمەلی هەیە کە هەر ئێستا و دەستبەجێ بیمەی بێکاری هەبێت بۆ بژێوی ئەو ئینسانانەی کە لە دەرەوەی ئیرادەی خۆیان بێکار کراون.

لە وڵاتانی ئەوروپا خەڵکی بێکار چاوەڕوانی هەلی کارە، بەڵام هەر لە یەکەم ڕۆژی تۆمارکردنی ناوی کەسەکە وەک بێکار موچەیەک (جا چ بیمەی بێکاری یان سۆشیال)ی پێدەدرێت و ئینجا چاوەڕێی هەلی کار دەبێت.

لە کوردستانیش دەبێ سەرەتا و دەستبەجێ بیمەی بێکاری دابین بکرێ ئینجا بێکار چاوەڕێی هەلی کار بێت.

پێویستە تۆماری بێکاران لە هەر شار و شارۆچکەیەک دەست پێبکرێت و بێکاران بە هێزی دەستەجەمعی و ڕێکخراوبوونی خۆیان بەسەر حکومەتی هەرێمیدا ساغ بکەنەوە کە دەبێ بیمەی بێکاریان بۆ دابین بکات.

بۆ دەبێ ئەم هەموو سەروەت و سامانەی هەرێم ببێتە ملکی مشتێک کۆمپانیا و سەرمایەداری دەوڵەمەندی زەبەلاح و دەسەڵاتدار، بەڵام بژێووی ژیانی سەدان هەزار لاوی کوڕ و کچی بێکاری لێ دابین نەکرێت؟

لاوانی بێکاری کچ و کوڕی شاری کفری

کۆبوونەوەتان لە دەوری ئەو دوو دروشمە و پێکهێنانی ناوکۆکەیەکی ڕێکخراوەیی بێکاری بەناوی (ناوەندی بێکارانی شاری کفری) یان (ڕێکخراوی بێکارانی شاری کفری) ئەو هەنگاوەی دوووەمە کە یەکگرتوویی و سوربوون و پێداگری ئێوە لەسەر خواستەکان دەردەخات و هێز و تواناتان پێدەبەخشێت بۆ بەدەستهێانی خواستەکانتان.

- سەرکەوتن بۆ لاوانی کوڕ وکچی بێکاری شاری کفری
- بیمەی بێکاری هەر ئێستا و دەستبەجێ

بیمەی بێکاری بۆ کچان و کورانی بێکار تا ئەو کاتەی هەلی کارێکی گونجاو دابین دەکرێت بۆیان

# سەرکەوتن بۆ جەماوەری مانگرتووی شاری کفری



بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی شاری کفری، لە دوو شەممە (١٠ی تەمموزی ٢٠٢٣)ەوە، نارەزایەتییەکانی خۆیان بەگردبوونەوە و هەڵدانی چادر و مانگرتن، خستە سەر شەقامەکانی ئەو شارە. ئەمرۆش دوای تێپەڕینی هەفتەیەک، ئەم نارەزایەتی و مانگرتنە هەر بەردەوامە، دژ بە بێکاری و خراپی خزمەتگوزارییەکان و پشتگوێخستنی شارەکە، لە لایەن حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتدارانی زۆنی سەوز و دەقەرەی گەرمیانەوە.

خراپی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ژیان لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان لە کەس شاراوە نییە، هەر وەک ئێستا لە کفریدا لە ئاستێکی کارەساتباردا دەیبینین، بێکاریش لە سەراسەری هەرێمەکەدا ڕێژەیەکی پێوانەیی بەرزی هەیە، و نمونەکەی لە ڕێژەی بێکاریی لاوانی کوڕ و کچی ئەم شارەدا گەیشتۆتە ئاستێکی سەرسامئاوەر و سامناک.

خەڵکی ئەم شارە کە بێکاری و گرانی و هەژاری بەسەریاندا سەپێندراوە و بێ بەشکراون لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ژیان، مافی خۆیانە کە دژی ئەم ستەم و بێ بەشییە، لێبڕاوانە بێنە مەیدان، تا حکومەت و دەسەڵاتێک لەبەردەم خواستەکانیاندا بەچۆکدابێنن، کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی کۆمپانیای زەبەلاح و سەرمایەداری ملیۆنێر و ملیاردێری دەوروبەری لە زیاد بووندایە و نوقمی گەندەڵییە.

هەڵسوڕاوان، ڕابەرانی مەیدانی نارەزایەتییەکەی کفری

سەرکەوتن و بەدەستهێنانی خواستەکانی جەماوەری مانگرتووی شارەکەتان، بەشێکی بەستراوەتەوە بە دەخالەتی ئاگاهانە و نەخشەمەندانەی ئێوە، کە هەرچی زووتر خواستەکان بەرجەستە بکەنەوە و کۆبوونەوەی گشتی پێکبهێنن لە ناوەندی شار و نوێنەرانی خۆتان هەڵبژێرن.

بەو پێیەش کە بێکارییەکی لە ڕادە بەدەری گەنجان و لاوان لەم شارەدا هەیە و دەسەڵاتداران و حکومەتی هەرێمیش، بەدرێژایی فەرمانڕەواییان لە هەوڵی وادەی پوچ و درۆ و دەلەسەدا بوون، بۆ ڕاگرتنی جەماوەری بێکار لە چاوەڕوانیدا، بەناوی ئامادەکردنی هەلی کارەوە، بەڵام بێکاری ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر بووە.

ئەم حکومەت و دەسەڵاتە، دەتوانێ ژمارەی کۆمپانیاکان و ملیۆنێر و ملیاردێر زیاد بکات، بەڵام هەرگیز ناتوانێ هەلی کار دابین بکات بۆ ئۆردووی بێ ئەژماری بێکاران، کە هەر ئێستا پێویستە بژێوی ژیانیان دەستبەجێ دابین بکرێت، بەر لەوەی چاوەڕوانی هەلی کار بن لە ئایندەدا، بۆیە (دابینکردنی بیمەی بێکاری تا ئەو کاتەی هەلی کارێکی گونجاو دابین دەکرێت) مافێکی بێ ئەملا و ئەولای کوڕان و کچانی بێکاری شاری کفرییە. بۆ دەبێ ئەم هەموو سەروەت و سامانەی هەرێم ببێتە ملکی مشتێک دەوڵەمەندی زەبەلاح و دەسەڵاتدار، بەڵام بژێووی ژیانی سەدان هەزار لاوی کوڕ و کچی بێکاری لێ دابین نەکرێت؟

جەماوەری ئازادی ئازدیخواز، چالاکوانانی نارەزایەتییەکان لە شار و شارۆچکەکان




حکومەتی هەرێم و حزبەکانی دەسەڵاتدار، بەدرێژایی فەرمانڕەوایەتییان، هەرکاتێک درۆ و دەسەلە و وادەی بۆش و پوچەڵیان، نەیتوانیبێت جەماوەری نارازی فریوو بدات و نارەزایەتییەکەیان لەباربەرێت، بێ دوودڵی پەنایان بردۆتەبەر سەرکوت و ڕاوەدوونان و گرتن و کوشتنی جەماوەری خۆپێشاندەر و مانگرتوو، بۆیە نابێ جەماوەری ئەم شارە لە تەنهاییدا بەجێ بهێڵرێ.

پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵی پشتیوانی لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستاندا، بۆ نارەزایەتی و مانگرتنەکەی کفری، و پەیوەندی کردن بە هەڵسوڕاوان و ڕابەرانی مەیدانی نارەزایەتییەکەوە، دەتوانێ ڕۆڵێکی خۆی بگێڕێت لە بەهێزکردنی ئەو بزووتنەوە نارەزایەتییە و بەرگرتن بە توندوتیژی دەسەڵاتداران بە دژیان.

بەو ئەندازەیەی کە حکومەتی هەرێم و حزبەکانی دەسەڵاتدار ڕووبەڕووی نەفرەت و نارەزایەتییەکی یەکگرتووی جەماوەری زەحمەتکێشی هەموو شارەکان دەبنەوە، ناچار بە پاشەکشە دەبن و بەچۆکدادێن لە بەرامبەر خواستە ڕەواکاندا.

- سەرکەوتن بۆ جەماوەری مانگرتووی شاری کفر ی
- بیمەی بێکاری تا کاتێک هەلی کارێکی گونجاو دابین دەبێت

# خەباتی چینی کرێکار و ئاڕاستە جیاوازەکان

دڵشاد محەمەد

لە سەرەتای ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگەی دەرەبەگایەتییەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی بەرفراوانتر لە ململانێ، کە کۆمەڵگەی سەرمایەدارییە، پرولیتاریا هەر بەردەوامە لە خەبات و هەوڵدانیدا بە ئامانجی گەیشتن بە دنیایەکی بێ چین. شکست و نەگەیشتن بە ئامانجەکەی نەیوەستاندوە.

چینی کرێکار هەردەم لە خەباتدایە و لە پشت قەیرانەکانی سەرمایەدارییەوە شۆڕشەکەی گەشە دەستێنێت، مەیل و گرایشی سۆشیالیستی ناو ئەو چینە، ئایندەی شۆڕشەکە لە ئاسۆدارکردن و ڕێکخراوکردنی چینەکەدا دەبینێت و مێتۆدێکی خەباتکارانەی شۆڕشگێر دەکاتە پلاتفۆرمی خۆجیاکردنەوە لە مێتۆدی وردەبۆرژوازیانەی ڕیفۆرمیستی، کە لە هەناوی بزووتنەوە سیاسییەکاندا خەریکی چالاکیی مەدەنی و یاسایی و خەباتی ئاشتییانەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی و چاکسازییە لە دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، بۆ شەفافیەتی سەرمایەی سەرمایەداران، کە دەچێتە خزمەت سەپاندنی دەسەڵاتی سەرمایەداری، بەڵام ڕەوتی سۆشیالیستی ناو چینی کرێکار لەو ڕوانگەوە بزووتنەوەی کرێکاری و خەباتەکەی ڕێکخراو و ئاسۆدار دەکات، کە هەڵوەشاندنەوەی پایەکانی سستەمی حوکمڕانی چینی سەرمایەدارە و هێرشبردنە بۆسەر بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداران و دەستگرتنە بەسەر سەرمایەکانیاندا، چونکە لەبنەڕەتدا موڵکی گشتییە.

بۆرژوازی و دەسەڵاتەکەی هەمیشە لە هەوڵی بەستنەوەی ئەم چینەدایە بە دامودەزگا سیاسی و سەندیکا و ڕێکخراوە بەناو ئینسانییەکانیەوە، وە بانگەوازی ڕزگاربوون لە قەیران بەگوێی کارگەردا دەدات، وەک خۆی خولقێنەری قەیرانەکان و بەیاسایی کردنیان نەبێت.

ئەم پەرەگرافەی سەرەوە دەبەستمەوە بە کاگەر لە کوردستان وە ڕۆڵی کۆمۆنیزمی بۆرژوازیش لەم نێوەدا جیاواز نەبوو لە سونەتێک کە بۆرژوازی ڕەنگرێژی کردوە.

سەرەتا، شوراکانی (١٩٩١) وەک دەرهاویشتەیەکی سەرەتای ڕاپەڕین هاتەپێش، کە دەکرا گۆڕانکاری سستەم بێنێتەکایەوە، ئەویش بەدەستبردن بۆ گۆڕانکاری ئابووری - کۆمەڵایەتی، بەڵام هێندەی بابەتەکان بە سیاسی بوونێکی خوازیاری چاکسازییانە کرا، گرتنەبەری ئاسۆی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە ئابورییە بنچینەییەکان لەبەرچاونەگیرا، ئەمەش خولانەوە بوو لە هەمان بازنەی سەرمایەداریدا، دروشمەکان تێنەپەڕین لە دروشمی داخوازیکردن لە بۆرژوازی کە سەرەکیترینیان (نان، کار، ئازادی) بوو، لە کاتێکدا دەبوو دەسەڵاتدارەتی شوایی دابمەزرێت و هەوڵی گۆڕانکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕیشەیی بدات، ئەمەش درێژەدانە بە هەمان سستەمی بۆرژوازی کورد.

شەپۆلی نارەزایەتییەکان، لە سەرەتای نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو، لە ژێر دەسەڵاتی حزبە ناسیونالیستە میلیشیاییەکانی کوردستاندا، سەریهەڵدا و کارگەر ژیانی لە دۆزەخێکدا بوو، کە دەکرا ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانەی لێ بکەوێتەوە، چونکە لە هەناوی قەیرانەکاندا کارگەر دەتوانێت ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانە بەرجەستەبکات، بەمەرجێک ڕێکخراوبونی بە ئاسۆیەکی سۆشیالیستانەوە لەبەرچاو بگیرێت، چونکە نارێکخراوبونی وەک لاشەیەکی بێسەری لێدەکات.

لەو کاتەدا چەندین ڕێکخراوی کرێکاری هاتەبوون وەک پێداویستیەکی مێژوویی بۆ پرۆلیتاریا، بەڵام ڕێکخراوەکان لەوپەڕی ڕادیکاڵبوونی خۆیاندا بە (یەکێتی بێکاران) یشەوە لە ڕەوتێکی ڕیفۆرمخواز تێنەپەڕین، هەنگاوێکی ڕیشەیی دروستمان نەنا، کە دەکرێت بەرپرسیارێتی مێژویی لەئاست وەرگرین، دیارە بۆ ئێمە جیاواز لە مەیلە ڕیفورمیستەکەی ناو ئەو بزووتنەوەیە، هەڵوێست و بەخۆداچونەوەمان لەخۆمان بەرجەستەکردەوە و دەمانەوێت ئەزموونێک لە هەڵەکانی پێشو وەرگرین.

ئێمە وەک کارگەری سۆشیالیست کاتێک بۆ ئاییندە دەڕوانین، کارێک کە پێشتر بە ناکاملی بەجێمان هێشت دەچینەوەسەری و ڕەخنە لەخۆمان دەگرین، وە سنوربەندی خۆمان یەکلایی دەکەینەوە لەگەڵ سونەتە بۆرژوازییەکانی ناو هەناوی بزووتنەوە سیاسییەکەی چینی کرێکار، بەمەش دەمانەوێت سروشتی خۆڕێکخستنمان وەک چینێکی کۆمەڵایەتی، چەکدار بێت بە ئاسۆیەکی سۆشیالیستی خەباتکارانەی شۆڕشگێر، بەو ئامرازەی لەخۆماندا جێکەوتەی دەکەین بۆ بەرەنگاربونەوەی سەرمایەداری و تێکشکاندنی پایەکانی.

نەک گەران بەدوای مێتۆدێک کە نزیک بێت لە بورژوا ناسیونالستی کورد بە بانگەوازی؛ خۆسەری، خۆبەڕێوبەری، کە لە لای کوردانی سوریا بوونی هەیە. سەرانی ئەم خۆسەرییە جیاواز نەبوون لە پەیرەوکەرانی سستەمی حوکمڕانی ئێستای کوردستانی عێراق، بە پەنابردن بۆ (UN) و وڵاتە زلهێزەکان، ئەمەش زۆر بەکورتی قسەم لەسەرێتی چونکە دەمەوێت بێمەوەسەر ئەسڵی بابەت، کە خەباتی چینی کرێکار و ئاراستە جیاوازەکانە.

سەرکەوتنی بزووتنەوەی چینی کرێکار لە گرتنەبەری ئاسۆی ڕیفۆرم و چاکسازیدا نییە، وەک تەیفە جیاوازە ناکۆمۆنیستییەکان دەیخەنەڕوو، چونکە ئەوانە دەڕواننە خەباتی کارگەر تەنها لە چوارچێوەی کاری یاسایی و سەندیکایی، و دەستبردن بۆکاری ئینسانی وەک تۆڕی هاوکاری، یان بیمەی بێکاری و بە یاساکردنی لەشفرۆشی!

کاتێک ئەمە دەڵێین، واتا دەبێت بزوتنەوەیەکی تێکشکێنەری سەرمایە بێت وگەشەی ئەم بزوتنەوەیە پەیوەستە بە ئاگایی چینایەتی و سۆشیالیستانەی چینی کرێکارەوە و دەبێت گەشەی پێبدرێت، کاری فێمێنیستانە و ڕیفۆرم و دژە دین، بەم ڕوانگە ڕیفۆمیستییەوە نابنە سەرچاوەی خەبات بۆ کاری شۆڕشگێڕانە، لەم نێوەدا بزووتنەوە واقعییەکەی چینی کرێکار بوونی هەیە و لە کارکردیدا هەڵگری پەیامێکی شۆڕشگێڕانەیە، نەک تەنها لە کوردستان، بەڵکو لە عێراقیشدا وە ئامانجی لەوە گەورەترە و دەیەوێت هاوخەباتی چینایەتی سەر مەشقی کارکردنی بێت.

(کۆبەری ڕاپەڕیوانی شۆڕشگێر) وەک ڕێکخراوێکی سەربە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی چینی کارگەر، مێتۆدێکی شۆڕشگێڕانەی سۆشیالیستی گرتۆتەبەر بۆ بەگەڕخستنی



توانای کارگەر و گۆڕانکارییە مێژویەکەی.

لە (کۆبەر)دا، باوەڕ بەفراوان بوونی جەنگە چینایەتییەکان جێگیرە و دەڕوانێتە ئەم جەنگە لەگەڵ بەردەوامی قەیرانەکانی سستەم بۆ فراونبوونی جەنگە چینایەتییەکە و تێکشکاندنی سەرمایەداری. (کۆبەر) وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار هەر لە سەرەتای ڕێکخراوبوونیەوە، گەربڕوانینە (بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی یەکەم)ی لە پێش هەرشتێکدا سەرتاپای ڕژێم و سستەمی حوکمڕانی ڕەت دەکاتەوە.

لێرەوە دەڵێین بنبەستکردن و لەقاڵبدانی ڕۆحیەتی شۆڕشگێڕانەی پرۆلیتاریا، تەنها بەهۆی سەرکوت و توقاندنەکانی دەسەڵات و سیستەمەکەی بەڕێوە نەچووە، بەڵکو پلاتفۆرمی حیزب و تەیفە ڕیفۆرمیستەکان و نەریت و کارکردی مێژوویشیان ڕۆڵی کۆشندەیان بینیوە لە بەلاڕێدابردن و کوشتنی ئەو ڕۆحیەتە شۆڕشگێڕانەیە، لێرەوە ڕێگەخۆشکەربوون بۆ دەسەڵاتی بورژوازی بۆ لەباربردنی خەباتی کارگەر و تیرۆرکردن و ڕاوەدوونانی کرێکارانی شورشگێر بەڕۆحیەتی شۆرگێرانەی کۆمۆنیزم، وە کوێرکردنی ڕێگە ڕۆشنەکانی سوشیالیزم لەنێو کادرەکانی خۆیاندا بەو بەرنامە داڕێژراوە لیبراڵییەی کە ڕیفۆرم و سکویلاریزم و سەربەخۆیی کوردستان و ڕیفراندومی لەخۆیدا بەرجەستە کردبوو. لە دواجاریشدا لە ئاتائیستێک زیاتری پێنەماوە و هەموو کردە و هزری بەدژە دینەوە بەستۆتەوە.

٢٠٢٣-٨-٥



## وەڵامێک بەدیندار زێباری لەکەیسی زیندانیانی بادیناندا

دیندار زێباری، ڕێکخەری ڕاسپاردە نێو دەوڵەتیەکانی حکومەتی هەرێم، لە وەڵامی نامەیەکی ڕێکخراوەی ئەمەنستی ئەنتەرناسیۆنالدا، کە داوای ئازادکردنی دەستبەجێی ( گوهدار زێباری و شێروان شێروانیان) ،کردووە ، نوسیویەتی، هیچ لایەنێکی ناوەوەو دەرەوە بۆی نیە تەدەخول لە کاروبارەکانی دادگاکانی هەرێمدا بکات.

بەڕێز دیندار زێباری، بەداخەوە ئەمە سەری چەندەمین جارە تۆ وەڵامی دکیومنتەکانی ئەم ڕێکخراوانە بە ڕستەی پفدراوی بەتاڵ دەدەیتەوە. سیناریۆ سازییەکانی دەسەڵاتدارانی هەرێم بۆ دووبارە هێشتنەوەو زیندانیکردنەوەی هەردوو ڕۆژنامەنوس ( گوهدار زێباری و شێروان شێروانی)، ئاشکراو زاڵمانەیە.

پێویستە دەستبەجێ تەواو زیندانیانی سیاسی لەلای حکومەتی هەرێم، ئازادبکرێن و ئازادی ڕادەربرین ومانگرتن وخۆپیشاندان بەفەرمی بناسرێت.

# ژیانی زیندانی و ئارەزووی ئازادی

ڕەزا سەر سپی

بە وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی و بەناوی ئازادی کورد و کوردستانەوە، وە بە خەیاڵی دەوڵەتی کوردییەوە، لە ساڵی (١٩٩١)ەوە تا ئێستا (هۆزی کوێستانی بارزانی) و (هۆزی گەرمەسێری تاڵەبانی)، هەوڵیان داوە نەوەکانی ژێر دەسەڵاتیان بکەنە کۆیلە، تا وەک باڵندە و ئاژەڵی دەستەمۆی ماڵان، کاتێک دەرگاشی بۆ ئاواڵا بکرێت، ژیانی ئازادانەی دەرەوەی قەفەس و دەرەوەی ماڵەکە بەلایەوە نامۆ بێت، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم هەوڵانەی ئەو حزبە دەسەڵاتدار و میلیشیاییانە و سەرکوتگەرییەکانیان، نەوەکانی تازەی ئەم هەرێمەی کوردستانی عێراق، ملیان بەم کۆیلەتییە نەداوە و نەک هەر بەردەوام نارەزایەتییان نواندووە، بەڵکو بە شەپۆلی خۆپێشاندانی گەورە و ڕاپەڕینیش هاتوونەتە مەیدان بەدژیان.

زۆرێک لە خێزانەکانی ئەم هەرێمە یا ئەندامێکی خێزانەکەیان لە دەریایی (ئیجە)دا لەدەست داوە یان خزمانی نزیک و پلەیەکیان وەک پوورزا و ئامۆزا و خاڵۆزا، ئەمەش دوای کوشت و کوشتار و سەرکوتی نارەزایەتی و خۆپێشاندانەکانیان لە لایەن دەسەڵاتی خۆماڵی کوردستانەوە، کە ئەم دەسەڵاتە ئاسۆی ژیانێکی ئازاد و کامەرانی داست بەرووی گەنجان و لاوانی ئەم هەرێمەدا، بۆیە بە هیوای ئازادبوون لە کۆیلەیی سەری خۆیان هەڵگرتووە بەرەو هەندەران.

کچانیش کە چانسی دامەزراندن و چونەسەرکار و شووکردن و خێزان پێکهێنانیان زۆر کەمتر بۆتەوە، کۆیلەبوونیان خەستتر و تووندتر بۆتەوە، چ لە ڕێگەی توندوتیژی ناوخێزان و فشاری پیاوسالاری و کۆنەپەرستییەتی ناو کۆمەڵگە و لایەنگری نەکردنی سیستمی یاسا و دادوەری لە ژنانێک کە زوڵمیان لێدەکرێت و دەستدرێژیان دەکرێتەسەر، گشت ئەمانە پەرەی داوە بە ڕەشە کوژی ژنان و خۆکوژی و خۆسووتاندنیان کە بۆتە میحنەت و ژیانێکی پڕ خەمناک و دژوواتر بۆ خێزانەکانیان.

ئەگەر بە سەرپێی و ڕوکەشیانەش بڕوانین، دەبینین ئەم بارودۆخە تراژیدیایەی گەنجانی کوڕ و کچی ئەم هەرێمەی کوردستانی عێراق، ئاکامی دەستبەسەراگرتنی سەروەت و سامانی ئەم هەرێمەیە لەدەستی کەمایەتییەکی خاوەن دەسەڵات و میلیشیا و ئاسایش و دادگا و زیندان.

سەیر کەن دە (١٠) ساڵ نەوت و گازی ئەم هەرێمە بە بۆری هەناردەی بازاڕەکانی جیهان کراوە، ئێستاش دوای ڕادەستکردنی دۆسیەکە بە حکومەتی ناوەندی، بە تانکەر و لۆری ژێربەژێر هەر لە سنورەکانەوە ئاودیو دەکرێت. سەیرکەن هەرچی زەوی و زاری کوردستان هەیە دراوەتە کۆمپانیا و خاوەن پرۆژەکانی وەبەرهێنان، ئەمەیە کە ئاکامەکەی لایەک بۆتە هۆی ئەوەی هەر ڕۆژە ژمارەی خاوەن پرۆژەی ملیۆنەر و ملیاردێر لە کوردستاندا زیاد بکات و دۆلارەکانیان لە بانکەکانی ناوخۆ و دەرەوەدا کەڵەکە بێت، وە لە لایەکی تریشەوە ملیۆنان گەنجی کوڕ و کچی بێکار کە هیچ ئایندەیەک لە بەردەمیاندا نییە بژێوی ژیان و هەتا پەیداکردنی نانی ڕۆژانەشیان ئەستەم دەستکەوێت.

چارەسەر نە لە سەرهەڵگرتندایە بەرەو هەندەران، نە لە خۆکوژی، و نە لە بێدەنگی و قبوڵکردنی وەزعی مەوجوددا. چارەسەر لە خۆڕێکخستندایە بۆ هەڵپێچانی سەراپای ئەم بارودۆخە ئابووری و سیاسییەی کە داسەپاوە بەسەر خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشدا. پێویستە هاوچەشنی شوراکانی کوردستان کە لە ساڵی (١٩٩١) شکڵیان گرت، ئەم جارە بە تۆکمەتر و بە یەک ڕیزیی و بەدیلێکی کۆمۆنیستییەوە بێنە مەیدان.

٢٠٢٣-٨-٦

# مەگەر متمانە ماوە تا لە دەستی بدەن؟

نەوزاد بابان

ئێستا کە کۆتایی مانگی حەوتە (تەمموز)، هێشتا موچەی مانگی شەش (حوزەیران) لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە نەدراوە، میدیای حزبەکانی دەسەڵات بۆ داپۆشینی ئەم شکستەی حکومەتە تێکشکاوەکەیان، کەوتوونەتە پڕوپاگەندەی ئەوە کە ئەگەر حکومەتی مەرکەزی ڕاستەوخۆ موچەی کارمەندانی هەرێم بدات ئەوە کێشەیە بۆ سیادە و سەروەری هەرێم و دەڵێن لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە متمانە لەدەست دەدەین!

دنیایەکی سەیرە گوڵم، حکومەتی هەرێم و ئەم دەسەڵاتە زەمانێک باڵۆرەی سەربەخۆیی ئابوورییان لێدەدا بە نەوت و گازی کوردستانەوە، کەچی هەر خۆشیان مانگی سێی ئەمساڵ چوون بۆ بەغدا و ئەو مەلەفەیان بە تەواوی ڕادەستی حکومەتی مەرکەزی کرد، و نەشیان وت کێشە بۆ سیادە و سەروەری هەرێم دروست دەکات و متمانە لەدەست دەدەین لە لای خەڵکی کوردستان.

ئەوە هەر ئێوە بوون سەروەری ئەم هەرێمەتان کردە، تەراتێنی دەزگا سیخوڕ و تیرۆریستەکانی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە، ئەوە هەر ئێوە بوون سەروەری ئەم هەرێمەتان کردە قوربانی بەرژەوەندییەکانی مانەوەی دەسەڵاتی خۆتان و گیرفانی کۆمپانیا زەبەلاحەکانتان، ئەوە هەرئێوە بوون ڕۆژێک دەستی حکومەتی بەعستان گرت، ڕۆژێک دەستی ئێران و ڕۆژێک تورکیا، ئێوە ئێستا لە دۆڵێکن خەڵکی کوردستانیش لە دۆڵێکی تر، بۆیە بە چ چاو و ڕوویەکەوە باسی ئەوە دەکەن کە متمانە لەدەست دەدەن لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە، مەگەر متمانە ماوە تا لە دەستی بدەن؟ ئێوە لە لای خەڵکی ئازادیخواز و زەحمەتکێشی کوردستان، قیمەتی یەک تاڵە پوشیشتان نەماوە، پاراستنی ئەم هەرێمە و سەروەری خەڵکی کوردستان بەندە بەنەمانی ئێوەوە.




٢٠٢٣-٧-٢٦

# لە یادی تیرۆری هاوڕێیانی ئازیزدا، هۆکار و لوتکەی درامایەک

ڕۆژی (١٤ی تەموزی٢٠٠٠) هێزە چەکدارەکانی "یەکێتی نیشتمانی کوردستان" بەگوێرەی پلانێکی پێشتر دارێژراو لە لایەن سەرکردایەتییانەوە تاوانێکی تیرۆریستییان لەناو جەرگەی شاری سلێمانیدا، ئەنجامدا، کە بووە هۆی گیان لەدەستدانی پێنج هاوڕێ: عەبدول باست موحسن، محەمەد موستەفا (کەریم) و ئیبراهیم موحمەد (هاوکار) و هاوڕێ لەتیف و ئومێد نیکبین، کە ئەندامانی (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق) بوون.

یادی ئەو هاوڕێ ئازیزانەم هەمیشە بەرز ڕائەگرم و قەت لە یادم ناچن.

ئەم یادە هەمیشە چرکە ساتێکی دڵتەزێنە بۆم کە ئەو هاوڕێیانە بوونە قوربانیی، هەروەها پڕە لە هەست و بیرەوەرییەکی تایبەت، نەک تەنها لەبەرئەوەی کە لەگەڵ ئەو هاوڕێ ئازیزانەدا بووم ئەو ڕۆژە، و هەریەک لەو ئەندامانەی (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق) و (لیژنە مەرکەزی)ەکەی، کە لەوێ بووین، لەناو مەقەر یان ئۆفیسی ڕادیۆکەدا، لە بەردەم ئەگەری تیرۆردا بووین لە لایەن ئەو هیزانەی (یەکێتی)یەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە لوتکەی درامایەک بوو کە بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کۆمۆنیزمی ئەو نەوەیەی ئێمە لە کوردستاندا تیا چالاکبووین و لەسەرەتای هەشتاکانی سەدەی پێشووەوە شکڵیگرتبوو، بەم ساتە خۆیناوییە گەیشت.

ئەم دراما خۆیناوییە ساتێک بوو لە مێژوویەکی بەردەوامی جەنگی چینایەتی کۆمەڵگەی کوردستان، و ڕەوندی ململانێی




بزووتنەوە و ڕەوت و ترادسیۆنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری و ڕێکخراوەییەکانی نێو ئەم کۆمەڵگەیە، کە ئەمرۆ لە هەرکات زیاتر توند و تیژ و هەمەلایەنەتر بووەتەوە.

بە بڕوای من، (یەکێتی) تەنها لەبەر سیاسەتی جیابوونەوەی کوردستان، کە ئەو کات (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق) بەرزی کردبووەوە و ئێستاش (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان) بەردەوامە لەسەری، ئەم تیرۆرەی ئەنجام نەدا، و تەنانەت لەبەر بانگەوازی ئەو حزبەش نەبوو بۆ یەکسانی ژن و پیاو، وە یان هەموو ئەو مەسەلانەی کە (یەکێتی) لە دەعوانامەکەیدا بۆ دادگا بەرزیکردبووە بۆ داخستنی مقەرەکانی ئەو حزبە. تەنانەت فشاری ئێرانیش فاکتۆری سەرەکی نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوە لە ترادسیۆنی هیزەکانی ناسیونالیزمی کوردا بووە و هەیە کە ئەو کارە تیرۆریستیانە ئەنجام ئەدەن بەرامبەر نەیارانیان بۆ جێخۆشکردنی خۆیان لە گەمەی جیۆپۆلیتیکس ودابینکردنی پێداویستییەکانی ئاسایشی دەوڵەتانی ناوچەکەدا. هەموو ئەمانە ئەتوانن تەنها فاکتۆری لاوەکی یا ڕووکەش بن، بەڵام ناتوانن جەوهەری ئەم کارە تیرۆریستییە بەیان بکەن، چونکە بەسادیی سەرچاوەی ئەو تیرۆرە، سیاسەتی دژە کۆمۆنیستیی و تاکتیکی فاشیستانەی سەرکردەکانی (یەکێتی) بوو وەک هیزێکی میلیشیای ناسیۆنالیزمی کورد.

ناسیونالیزم بەبێ دوورخستنەوەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە دەستڕاگەیشتنیان بە سیاسەتی سەربەخۆی چینایەتی خۆیان ناتوانێ ئایدیا و ئاسۆی سیاسیی ناسیۆنالیستی خۆی گشتگیر بکات لە ئاستی کۆمەڵگەدا. کێشمەکێشی ناسیونالیزم و هێز و حزبەکانی و دژایەتیان لەبەرامبەر بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا مەسەلەیەکی ستراتیژییە بۆیان و لەسەر بەرگرتنە بەڕوودانی ئەم ئاڵوگۆڕییە لە هاوسەنگی هێزی چینایەتی لە ئاستی کۆمەڵگەدا.

ئاڵای سوور و شەکاوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەسەر مەقەرەکانی ئەوسای (ڕەوتی کۆمۆنیست) لە ڕانیە و سلێمانی و هەڵەبجە و ئاکری وهەولێر لە ئازاری (١٩٩١) و دواتردا، و گەشەسەندنی بزوتنەوەی شۆرایی کرێکاران و زەحمەتکێشان و دەور و کاریگەریی ڕێکخراوەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و (حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق)، جگە لەوەی کە هەر لە سەرتاوە پارتی هەراسانکردبوو، سەرکردەکانی (یەکێتی) ێش دەمێک بوو سەغڵەتکردبوو و هەردەم لە فرسەت ئەگەڕان ئەو تیرە بهاوون لە بزوتنەوەکە و ئەو تاوانە ئەنجام بدەن بەرامبەری کە کردیان.



## موئەیەد ئەحمەد

کەمکردنەوەی نووکی تیژی ڕەخنە، هوشیارانە یان بەبێ قەسد، لە بەرامبەر (یەکێتی) و ناسیۆنالیزم و حزبەکانی دەربارەی ئەو تاوانە تیرۆریستییە ئەویش بەوەی کە (یەکێتی) دژی سەربەخۆیی کوردستان بووە یان فشاری ڕژێمی ئیسلامی ئیرانی لەسەربووە، خولانەوەیە لەنیو بازنەی ئاسۆی زاڵی ناسیونالیستیدا، وە ئەگەر زۆر درێژە بکێشیت ئەبی بە باوەشینی ناسیونالیزم و پاساو بۆ (یەکێتی) و دیارە ئەمەش پێچەوانەی ڕەخنەی پرۆلیتاریای سۆشیالیستە بەرامبەر ئەم تاوانە کە جەختی لەسەر ململانیی نیوان کۆمۆنیزم و ناسیۆنالیزمە وەک دوو بزوتنەوەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی.

ئەوەی کە ئێستا حزب و ڕیکخراوە کۆمۆنیستیەکان لە هەرێمی کوردستاندا لە چ جێگەوڕێگەیەکدان لە ڕەوەندی خەباتی چیانیەتی و بزوتنەوەی کۆمۆنیستیدا جێگەی باسم نییە لیرەدا، بەڵام ئەو کارە تیرۆریستییەی هێزەکانی (یەکێتی) بەدژمان لە (١٤)ی تەموزی (٢٠٠٠)دا، ( ئەوکات من ئەندامی لیژنەی مەرکەزی ئەو حزبە بووم) سەروکاری بە مێژووی چەندین ساڵەی کێشمەکێشی نیوان ناسیونالیزم و کۆمۆنیزمەوە بوو لە کوردستاندا.

یادی هاوریانی گیانبەختکردوو هەمێشە زیندووە لە لام و وەفاداری پێیان درێژەدانە بەخەبات و تیکۆشان لە پیناوی فەرهەامهینانی دینایەکی بێ چین و دەوڵەت، و کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی ئازاد و پڕ لە خۆشگوزاران بۆ هەموو ئینسانەکان.

٢٠٢٣-٧-١٤

# بەرنامەی "هێڵی سێهەم"! گەڕانەوە بۆ خاڵی سفر ...!

## عومەر خەتات



لەم ڕۆژانەی دوایدا لە ڕێی پەیوەندی گرتن و ئیمێلی تایبەتەوە پرۆژەیەک بڵاوکراوەتەوە بە ناوی [پرۆژەی بەرنامەی هێڵی سێهەم]! کە ڕەشنووسێک یان بەرنامەیەکی سیاسی کۆمەڵێک لاکەوتەی سیاسین دەیانەوێت بە سودوەرگرتن لە دۆخی قەیراناوی دەسەڵات، سواری کۆڵی خەڵک بین و نارەزایەتییەکانیان خامۆش بکەنەوە.

سەرەتای بەرنامەکە بەمە دەستپێدەکات، وەک خۆی بەبێ دەسکاری کردن دایدەنێمەوە: "ئەم ڕەشنووسە پرۆژەیەکی سیاسیە بۆ سەرهەڵدان و لەدایک بوونی ووتاریکی سیاسی نوێ و بەرنامەیەکی سیاسی وەک هێڵی سێهەم، بە ئامانجی پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی سیاسی، کە بتوانێ نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بکات لە چوارچیوەی دەستوری دەوڵەتی عێراقی فیدراڵ، کە تیایدا مافی هاوڵاتی بوونی ڕاستەقینە و دادپەوەری کۆمەڵایەتی و چەسپاندنی بنەماکانی کۆمەڵگایەکی دیموکرات و بەرجەستەکردنی ئازادییەکان و دیاریکردنی ماف و ئەرکەکانی هەموو هاوڵاتیانی عێراقی و بەگشت نەتەوە و تایفە و پێکهاتەکانی تیا دەستنیشان بکرێت و دابین بکرێت"!

بەرنامەی ئەم کۆمەڵە جنۆکە فریادڕەسە کە ناویان نەهاتووە لە چەند تەوەرە پێکهاتووە، سەرەتا پێناسەی خۆیان دەکەن کە ئەوان کێن، پاشان تەوەرەی دووهەم، ئامانجەکانیان چییە؟ ئەویش پێکهاتووە لە کۆمەڵێک ئامانج لەوانە ئامانجە گشتییەکان کە کۆمەڵێک کاوێژی سیاسییە و زیاتر لە دوو دەیەیە بزووتنەوەی کوردایەتی بە بێ هیلاکبوونی کاکیلە دەیجوێتەوە. تەوەرەی سێهەم، ئامانجە سیاسییەکانە و لەوێشدا هەموو ئامانجی سیاسی ئەم ڕەوتە لە "یەکگرتووکردنەوەی ماڵی سیاسی کورد و عێراقی"یە ئەویش لە چوارچێوەی "فیدرالیزمی نەتەوەیی" و بە پشتبەستن بە دەستوری فیدراڵی ئێراق! تەوەرەی چوارەم پێکهاتووە لە ئامانجە ئابوورییەکان کە کۆمەڵێک پەیمانی درۆزنانەیە و بستێک لەو ئامانجانە دوور ناکەوێتەوە کە ناسیونالیزمی کورد ڕۆژانە خەڵکی پێهەلدەخەڵەتێنن! تەوەرەی پێنجەم ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانە کە ئەویش بە هەمان شێوە کاسێتێکی سواوە و ڕۆژانە دەووترێتەوە.

بەدەر لە ئیشکالاتێک و زمان و فیکرێکی تەقلیدی ناسیونالیستانەی سواو و زەبوونی ناو بەرنامەکە، گرنگە خەڵکی کوردستان بە وریاییەوە ئاگاداری ئەم جۆرە هەوڵانە بێت کە خزمەت بە مانەوە و درێژەکێشانی هەلومەرجی قەیراناوی ئێستا دەکات و خەڵک تووشی وەهم دەکات. سەرنجە کورتەکانی خۆم لە چەند خاڵێکدا ڕیز دەکەم، هیوادارم بابەتیانە لێم وەرگیرێت.

یەکەم: تەواوی بەرنامەکە سوێندخواردنێکی ئاشکرایە بە یەکپارچەیی خاکی ئێراق و دانی شەرعییەتە بە هەموو ئەو هێزە دڕاندانەی کە لە ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستاندا فەرمەنڕەوان. هەمان بەرنامە و داواکارییەکانی ناسیونالیزمی پەککەوتووی کوردە لایەنی کەم بە درێژایی مێژووی کەوتنی ڕژێمی بەعس بەرز کردبوونەوە، ئەویش لە فیدرالیزمی نەتەوەپەرستانەی کۆنەپەرستانە تێپەڕ ناکات. هەموو چوارچێوە گشتییەکە و داخوازییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ناو بەرنامەکە، هەمان ئەو بەڵێنە درۆزنانەن کە ساڵەهایە سەرمایەدارانی دەسەڵاتدار لە عێراق و کوردستان دەیدەنەوە بە خەڵک و کۆی دانیشتوانی پێ ژاراوی سیاسی دەکەن.

دووهەم: ئامانجێکی سەرەکی مافیاکانی کوردایەتی کە دەسەڵاتیان لە دەستە، یەک شتە، ئەویش تەسلیمبوونی خەڵکی کوردستانە بە دەسەڵاتی ئەوان، بۆ ئەمەش هەموو ڕێگایەک بەکار دەهێنن بۆ پەراوێزخستن و بێ ئیرادەکردنی خەڵک و هەوڵدان بۆ هەڵنەچوون و ڕاپەڕین بە دژی دەسەڵاتەکەیان. ئەگەر لە شوێنێکدا جامی تووڕەیی خەڵک پڕبوو و ڕژانە سەر شەقامەکان ئەوا لە ڕێی سەرکوتی خوێناوی و کوشتن و زیندانی کردنی خەڵکی نارازی درێژە بە ژیانی سەرمایەدارانەی خۆیان دەدەن، لە دۆخی ئێستاشدا کە قلشتی چینایەتی و کۆمەڵایەتی نێوان خەڵکی زەحمەتکێش و دەسەڵات گەیشتۆتە بەرزترین ئاستەکانی و هێچ متمانەیەک بە دەسەڵات نەماوە، دەرکەوتنی پرۆژەیەکی گوماناوی نەزۆکی وا کە ئەگەر دەسەڵات خۆی لە پشتی نەبێت ئەوا پێشوازی گەورەی لێدەکات.

سێهەم: لە ئێستای دۆخی قەیراناوی بە ناو حکومەتی هەرێم کە بێجگە لەوەی لای خەڵکی کوردستان کەمترین شەرعیەتی نییە، لای حکومەتی ناوەندیش کە ئەوانیش هاوشێوەی برا کوردستانییەکانیان، کۆمەڵێک مافیای تاڵانچین شەرعیەتی لێسەندراوەتەوە!

دەرکەوتنی پرۆژەی بەرنامەیەکی ئاوا لە ئێستای ئەم دۆخەدا بێگوومان بێ هۆ نییە؛ دووکەڵێکی بێ ئاگر نییە؛ بەڵکو "هەوڵێکە" و ئامانج لێی سێ شتە: یەکەم، بەرگرتن بە نارەزایەتییەکانی خەڵکی زەحمەتێکش و لێدانی دەرزییەکی بەنجی پێشوەختەیە بە هەر نارەزایەتی و هەڵچوونێک. دووهەم، دروست کردنی "ئۆپۆزیسیۆنێکی" بێوەیە، ئەلقەیەکە بۆ تێپەڕاندنی ئەو قەیرانەی حوکمڕانی بۆرژوازی کورد لە ئێستادا بە هاوپشتی هەندێ هێزی ئێراقی تر تێیکەوتوون، هەروەها سێهەم، ئاماژەیەکە "سیگناڵ" دەدرێت بە ئەمریکییەکان بۆ ئێش کردن لە سەر ئەو پرۆژەیە.

ئەو کۆمەڵە جنۆکەیەی ئەم پرۆژەیەیان نووسیوە، لای من ئاشکران کێن، بەڵام ئەوەی بۆ من گرنگە لە ئێستادا خوێندنەوەی ئامانج و مەبەستی پشت بەرنامەکەیانە کە خەریکن کاری لەسەر دەکەن، نەک فیگەرەکانیان، خۆ ئەگەر ئەو کەسانە ناوی خۆیان ئاشکرا بکەن ئەوا بێ سێ و دێ دەبنە جێگەی نوکتە و لاقرتی خەڵک. ئەوەندە بەسە کە بزانن ئەو کەسانە نزیک بە دەسەڵاتن و بە تایبەتیش زۆنی زەرد، ماوەیەکی زۆر ئەندامانی ناو پەرلەمان و دەزگا حکومییەکان بوون و لە دزین و بە تاڵانبردنی سامانی خەڵکی کوردستاندا بەشدار بوون "ئەگەر تا ئێستاش پشکیان نەبێت"! بۆیە قسەکانیشیان ئەگەر ئاڵتوونیش بێت لای خەڵکی کوردستان بە قرانێک وەرناگیرێت!

خیلافی خاوەنانی ئەم پرۆژە نەزۆکە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستاندا خیلافێکی چینایەتی-کۆمەڵایەتی نییە، فیکری و دادپەروەرانە نییە؛ واتە ئەوان لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خەڵکەوە هەڵنەستاوون بەم کارە، بەڵکو خیلافەکەی ئەوان تەنها قۆرغ کردنی دەسەڵاتە لە لایەن بنەماڵەی بارزانییەوە و هیچی تر. ئەمان ناتوانن تەنانەت وەک (بزووتنەوەی گۆڕان)یش کە توانی بۆ ماوەیەک هێزی خەڵک لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە، ئەو سیناریۆیە دووبارە بکەنەوە.


لە کۆتاییدا بوون بە ئۆپۆزیسیۆنی دەسەڵاتی کوردایەتی و تەواوی دۆخی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری کوردستان، کاری کەسانێک نین کە لە ناو هەمان ئاسۆی سیاسی بزووتنەوەی کوردایەتییەوە سەریان بەرزکردبێتەوە؛ بەڵکو ئەوە کاری بزووتنەوە سۆشیالیستییەکانی کوردستانە کە بتوانن تەواوی ئەم هێزانە ڕابماڵن و دەسەڵاتی ئەنجومەکانی خەڵک لە ژێرەوە دروست بکەنەوە.

٢٠٢٣-٧-١٢

# چاڵە ڕەشەکەی چاند* "کلتور"








## جەمال کۆشش

(هەموو کۆمەڵگایەکی ئینسانی ئەبێت پاساو بۆ نایەکسانییەکانی بهێنێتەوە، پێویستە بەهانەی گرنگی بۆ پەیدا بکات دەنا تەواوی سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەبەردەم هەڕەشەی دارماندا دەبێت. تۆماس بیکتی١)

یەک: داهێنانی تەلەسکۆبی جەیمس وێب و دۆزینەوەی (چاڵە ڕەشەکان)، فیزیای نوێ، خۆیی و فەلسەفە و ژیانی مرۆڤایەتی گۆڕی. گەردوناسی و گالاکسییەکان، سەنگێکی بێوێنەی لە ژیانماندا پەیداکردەوە. دۆڵێکی گەورە کوژانەوەی ملیاردەها ئەستێرەی تیا ڕاکشاوە، بەداخەوە هێزی کێشکردنی موگناتیسی ئەم چاڵە هێند بەهێزە، دەرفەتی تیشکیشی بۆ خۆنواندن داخستووە.

کلتوور، فەرهەنگی ناسینی نۆرم و جوانییەکان، دۆزینەوەیەکی وەها قەرزدارە. ئافراندنی ئەو جوانییەی کە منداڵێک بە هەستەوەری ژیریانەی خۆی لەگەڵ داستانە خەیاڵییەکاندا پەی پێدەباو و ڕەخنەگریشیەتی. (منداڵ باشترین ڕەخنەگری ئەفسانەکانە- جۆرج لۆکاش٢).

دوو: کار (بەکاری هونەریشەوە)، لەنێو پرۆسەیەکی مێژوویی ئاڵۆز و چڕدا، هەمەڕەنگ و پڕ ئەزموون و تەژی لە تێهەڵچونی کۆمەڵایەتی و سیحراوی و قەدەر و کۆششدا، ڕەنجی تاک و کۆ، شارستانیەتی ئەمرۆی بەرهەمهێناوە. بەرهەمهێناوەی خۆی و کۆمەڵگا و پەیکەرە و ئامرازەکانی، پابەندیی پەیوەندییەکی نێوخۆیی و دینامیکیەتی ماددی و فکرییە و دەبێتە هۆی دروستکردنی سیستەمێک بە پرۆسە و میکانیزمی تایبەتی خۆیەوە.

سێ: کار لە شێوازەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا، کۆیلەداری، دەرەبەگایەتی، سەرمایەداری، مانا و شیوەی بە پەیوەندی نێوان ئینسانەکان داوە. شێوازەکانی چەوسانەوەی کار، "کۆیلە، بێگاری، زێدەبایی" ماک و هەوێنی ناکۆکییەکانی نێوان ئینسانەکان بووە. کۆیلەکان ڕێژەی چەندی دانشتوانیان پێکهێناوە، هێندە گرنگ نەبووە، بەوەی سەرچاوەی چەوسانەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و کۆکردنەوە و کەڵەکەی سامان و خاوەندارەتی تایبەتی بووە. ئینسانی ئازاد و پیشەوەرەکان هەبوون، ڕاووشکار و ڕشتەی جۆراوجۆری تر هەبوون، دواتر و لەقۆناخی دەرەبەگایەتیشدا، ئەوەی تەوەرەی کۆمەڵگای دیاریکردووە، بەیار و ئاقارەکان و باران، ( سروشت) نەبووە، بەڵکە شێوازی چەوسانەوەی کار بووە لە نێو ئەو هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتورییەدا. ماف و پشکی خاوەندارەتی بەرهەمەکان، جا بەهۆی باج و سەرانە و بێگارییەوە بێت، یان وەک لەشێوەی کاڵا و بەرهەمهێنانی زێدەبایی و بەگەڕخستنەوەی لە پرۆسەی بەرهەم هێنان و گەشەسەندنی ئامێرەکانی بەرهەمهێنان و بەرزکردنەوەی تواناکانی هێزی کاردا، سەرچاوەی چەوسانەوەی ئینسانەکانە.

چوار: کار و بەرهەمهێنان لەسیستەمی کاپیتالیزمدا، لە نێو ئەنتاگۆنیستیکدایە، کار و هێزەکانی بەرهەمهێنان لە لایەک و هەژموونی سەرمایە و مۆنۆپۆلی مافی خاوەندارەتی بەرهەم لە لایەکی ترەوە، لە کێشمەکێشی بەردەوام و لە پرسیار و وەڵام و ڕێگا و بیرکردنەوە، لەخەون و خولیا و دونیابینی کۆمەڵگاکاندایە. ئەم پرۆسەیە وەک مارکس لە ئایدیۆلۆژی ئەڵمانیدا بەدرێژی لە مێژووی کۆمەڵگاکاندا دیالەکتیک بەمەتریالیستی مێژووەوە گرێ دەدات، (بەهەمە لایەنە) هەروەها کاریگەری هۆشیاری و فۆرمەکانی بەسەر ژیانی واقعی ئینسانەوە لێکدەداتەوە.

پێنج: "پرۆپریتاریزم" کە لە لایەن تۆماس بیکیتیەوە بەکارهێنرا بۆ ئەو سیستەمە سیاسی و ئابورییەی کە جیاوازی سامان لە نیوان کۆمەڵگادا گەورەتر دەکات و ئەو ئایدیۆلۆژییەی کەلەسەر مافی خاوەندارەتی سامان ڕەوایەتی پێدەبەخشێت، پیرۆزی دەکات و دەیکاتە مافێکی سروشتی و کۆمەڵایەتی و بەرگری لێدەکات. ئایدیۆلۆژی نایەکسانی کە بەدرێژایی مێژوو لێکۆڵینەوەی کردووە، بەتایبەت لە سەردەمی کاپیتالیزمدا و لەو ئایدیا و بۆچوونانەی کە شۆرشی فەرەنسی لەگەڵ خۆیدا هێنایە نێو کۆمەڵگاکانەوە لە کۆی خاوەندارەتیدا. لە پەیوەند بە هەڵوەشانەوەی مافی چەوسانەوەی مرۆڤەکانەوە لەلایەن مرۆڤەکانەوە، چۆنیەتی چارەسەری نایەکسانیەکانی نێو ئینسانەکان، ناتوانم هاوڕای بم.

شەش: لە نێو ئەم ڕەهەند و کێشمەکێشەدا، سیاسەت و کلتوور و فەلسەفە پەیدا دەبن و هەڵدەقوڵێن. ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی ئەم ئەنتاگۆنستیە، بنچینەی جوڵانەوە کرێکارییەکانی ئەم سەردەمەی ئێمەیە. لەدەرەوەی ئەم ڕەوت و پرۆسەیەدا بیت، کێشەی نەتەوایەتی، کێشەی ژنان، مافە دیموکراتی و ئازادییەکان، هتد ناتکاتە کاراکتەر و ئەندامی ئۆرگانی شۆڕش.

حەوت: شێوازەکانی خەبات و پەرەپێدان و فراوانکردنەوەی، تایبەتمەندی نێوخۆیی و ئاگایی نەنوسراوی خۆی هەیە. دونیابینی و ئاسۆ و شێوازی تایبەتی خۆی هەیە، گرنگترین دوو خاڵ بەشداریکردنی فراوانی خەڵک لە بەڕێوەبردنی چارەنوسی خۆیدا، سوشیالیزەکردنی کلتوری خەبات و تێکۆشانەکانی. دەستکۆتاکردنی خەڵک لە داڕشتنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاسایی خۆیدا، کوشندەترین خاڵی لاوازی جوڵانەوەکان بووە لەلایەک و تێکشکانی شۆڕشە سۆشیالیستیەکانی سەدەی بیست بەهۆی قەتیسبوونی بۆچوونی سۆشیالیستی لە نێو دەستەیەکی کەمی کرێکاران و هەڵسوڕاوانی کرێکاریدا بووە.

هەشت: ترۆتسکی وتارێکی یەکجار گرنگی لە مانگی (٧)ی (١٩٢٣)دا نوسی، بەناوی (ئینسان هەربە سیاسەت ناژیت٣)، کە ڕەخنە بوو لەو وتارانەی کە بەسەر شۆڕشدا دەوتران و ئیدی خەڵکەکەش لێی تێربببوون. دەنوسێت (ئێمە پێویستمان بە کلتورە لە کارماندا، کلتورە لە ژیانماندا، کلتورە لە ژیانی ڕۆژانەماندا). وەک وتراوە، ئینسان تەنها بە کەوچک و چەنگاڵ ناژی.

نۆ: کار و سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی، زمان و نەریت و بەها و خۆشەویستی، ئاکار و ڕەوشت، لە پرۆسەیەکی مێژوییدا، کلتورەکان بەرهەمدەهێنن. لەنێو ئەم کلتوردایە، لەنێو دینامیکیەتی یاسا و دۆزینەوەی ناوەوەی ئەم یەکانگیرییەدایە، لەنێو بەرز و نزمی و ئاگایی کۆمەڵایەتی نەوەکاندایە کە دەتوانین، بەمانای وشە کلتورێکی پاک و ئینسانی و تەندروست و جوان و ئارامبەخش و چێژبەخش بئافرێنین.

دە: خوڵقاندنی کلتورێکی هاوبەشی ئینسانی، وزەیەکی نێوخۆیی و پۆتانسیالی ئەوەی هەبێت، کە شەرعیەت لە مافی خاوەندارەتی و بەتایبەت چەوسانەوەی ئینسان لە لایەن ئینسانەوە وەربگرێتەوە، داهێنانێکی وەک تەلەسکۆبی جەمیس وێب دەخوازێت. پلاتفۆرمی کلتوری هێندەی ڕێگرە، چارەسەر نییە، چاو و ژیریی ئەو منداڵەیە کە هێشتا پەیوەندییەکانی سەرمایە تیا ڕەنگی نەداوەتەوە، یان بە مانایەک ئازادبووە و لەبەرهەمهێنانەوەی ئیستاتیکی خۆیدا، تینی ئەو غەریزەیەی تیایە بۆ ژیان و فێربوون کە دەست بۆ ئاگر بەرێت.

ژێرنوسەکان

*- چاند واتە کلتور.

١-کتێبی کاپیتال و ئایدیۆلۆژی. تۆماس بیکیتی، بەزمانی ئەڵمانی، چاپی ٢٠١٩

٢-جۆرج لۆکاش، مارکسیزم، جوانیناسی، ئۆنتۆلۆگی، ئامادەکردنی هەڵبژاردەیەک لەلایەن ڕودیگەر دانمان و ئەکسیل هۆنیت، چاپی (٢٠٢١)، بە زمانی ئەڵمانی. جۆرج لۆکاش وتارێکی کورتی بەناوی (پەروەردەی هونەر لە قوتابخانەکاندا) بۆ گۆڤارێکی تایبەتی بەپەروەردە نوسیوە.

٣. www.wsws.org/de/articles/2005/12

ناوەڕستی ئۆگوستی ٢٠٢٣

پڕۆوت البديل
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# لە دەروازەی مانگرتن و ناڕەزایەتییەکەی شاری کفرییەوە



نادر عەبدولحەمید

## بێکاری، وەک تایبەتمەندی و خاڵی جیاکەرەوە

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ؛ وێڕای زیادبوونی ژمارەی ملیۆنێر و ملیاردێرەکانی پەراوێزی حکومەتی هەرێم و حزبەکانی دەسەڵاتدار، کێشە و گرفتەکانی خەڵکی کوردستانیش زیاتر و زیاتر دەبێت.

هەر لەم ساڵی (٢٠٢٣)یەدا، لە چەندین شاری هەرێمی کوردستانی عێراقدا ناڕەزایەتی بەرفراوانی جەماوەر و مانگرتن هاتۆتە ئاراوە و توانراوە پاشەکشەیەکیش بەسەر حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتدارانی خۆجێیدا بسەپێنرێت و بەشێک لە خواستەکانیان بەدەست بهێنن.

لەوانە ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانی شاری (پێنجوێن) لە ناوەڕاستی (کانوونی دووەمی ٢٠٢٣) و بەدوایدا ناڕەزایەتی و مانگرتنی شاری (دەربەندیخان) لە سەرەتای (شوباتی ٢٠٢٣) و پاشان ناڕەزایەتی شاری هەڵەبجە لە مانگی سێ (مارس)ی هەر ئەمساڵدا.

ئەوەی کە ناڕەزایەتی و مانگرتنی شاری کفری لە ئێستادا (تەممووز و ئابی ٢٠٢٣) جیا دەکاتەوە لەوانەی شارەکانی تری کوردستان، کێشەی سەرەکی شارەکە و دەڤەری گەرمیانە لەچاو کێشەی پلەیەکی شارەکانی تر، کە ئەویش خۆی لە بێکارییەکی یەکجار زۆری گەنجان و لاوانی کچ و کوڕی کفری و گەرمیانیدا دەبینێتەوە.

کێشەی سەرەکی پێنجوێن نەبوونی کارەبا و نەبوونی سووتەمەنی گاز و نەوت و گرانی نرخەکانیان بوو، کێشەی سەرەکی دەربەندیخان مەسەلەی پیسی و ژەهراویبوونی ئاوی خواردنەوەی شارەکە و خراپی ڕێگەوبانەکان بوو، کێشەی سەرەکی هەڵەبجە مانەوەی ئاسەواری تاوانەکانی کیمیابارانی (٣٥) ساڵ لەمەوپێشی ڕژێمی بەعسی فاشی بوو بە جەستە و دەروونی بەرکەوتووانی شارەکە، و درێژەکێشانی ئازارەکانیان و نەبوونی خزمەتگوزاری پزیشکی و داودەرمان و ناوەندی تەندروستی تایبەت و پزیشکی پسپۆڕی بواری ئەو نەخۆشیانە بوو، کە حکومەتی هەرێم و حزبەکانی دەسەڵاتدار بەرپرس و تاوانباران لە ئاستیدا.

بەدڵنیاییەوە، نەک هەر لە شاری کفریدا، بگرە لە هەموو شار و شارۆچکەکانی تری کوردستاندا بێکاری لە ئارادایە، وە شاری کفری و دەڤەری گەرمیانیش، وێڕای ئەم بێکارییە کوشندەیە، دەناڵێنێت بەدەست کەمی ئاو و کارەبا و نەبوونی خزمەتگوزاری و خراپی ڕێگاوبان و گرانی و دواکەوتنی موچەی کارمەندان و کرێکارانەوە، کە ئەمانە سیمای هاوبەشی ناڕەزایەتیی زووربەی شارەکانە، بەڵام لە کاتێکی دیاریکراودا مەسەلەیەکی دیاریکراو، دەبێتە کێشەی سەرەکی کۆمەڵگەیەکی خۆجێیی (محەلی) لە شارێکدا، کە لێرەدا بێکاری سەرسام ئاوەر و لە ڕادەبەدەری لاوانی کچ و کوڕی کفری و دەڤەری گەرمیانە، کە بەشێکی زۆریشیان خوێندنیان تەواوکردووە، بێکارن و خاوەن هیچ دەرامەتێکی سەربەخۆ نین و ناتوانن ژیانێکی ئاسایی کۆمەڵایەتی و خێزانیش بۆ خۆیان پێکبهێنن.

بەم پێیە بربڕەی پشتی ئەم ناڕەزایەتییە جەماوەرییە و ئەم مانگرتن و چادر هەڵدانە لەناوەندی شاردا، هاتنە مەیدانی ئەو توێژ و بەشە لە پرۆلیتاریای کوردستانە بۆ مەیدانی ناڕەزایەتی دەربڕین، کە دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیستی کورد، بێکاری داسەپاندووە بەسەریا و ئاسۆی ئایندەی لێ داخستووە، و مەحرومی کردووە لە خزمەتگوزارییەکان و ژیانێکی ئاسایی کۆمەڵایەتی. ئەمەش (ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩)مان بیر دەخاتەوە، کە گەنجان و لاوانی کچ و کوڕ لە شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بەتایبەت لە پایتەختی وڵاتەکە (بەغدا)، دەستیاندایە ڕاپەڕین دژ بە دەسەڵاتی بورژوا قەومی و ئیسلامی، چادریان هەڵدا و توانیان لە هەنگاوی یەکەمدا حکومەتی (عادل عەبدول مەهدی) بروخێنن و تەختی دەسەڵاتدارەتی ئەو ڕەوتانەش بێننە لەرزین.

## ئەم بارودۆخە ئاکامی چییە؟

لە ماوەی زیاتر لە مانگێک، لە بەردەوامی مانگرتن و ناڕەزایەتی دەربڕینی جەماوەری شاری کفری لە (١٠ی تەممووز تا ١٢ی ئۆگۆستی ٢٠٢٣)، زۆر ڕەخنە خرانەڕوو لە حکومەتی هەرێم و حزبەکانی دەسەڵاتدار و کاربەدەستان و بەرپرسانی شار و دەڤەرەکە؛ کە ئەم شارەیان پشتگوێ خستووە، فەرامۆشیان کردووە و هیچ ئاوڕێکیان لێ نەداوەتەوە، یان لەبەر دزی و گەندەڵی ئاگایان لە شارەکە نەماوە.

ئەم ڕەخنانە وە نەبێت نادروست بن، بەڵام ئەگەر بەچاوێکی واقعی بڕوانین دەبینین، هەموو شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان دەناڵێنن بەدەست هەزار و یەک کێشەی خزمەتگوزاری و بێکاری و هەژاری و ناداد پەروەرییەوە، بۆیە ئەم پشتگوێ خستن و فەرامۆش کردنە، ئەم دزی و گەندەڵییە، خسڵەتی جەوهەری و گشتی ئەم ڕژێمە سیاسییەیە کە پێکهاتووە لە حکومەتی هەرێم و ئەم حزبانەی دەسەڵاتدار و پەرلەمان و کاربەدەستان و بەرپرسانی خۆجێیی هەر دەڤەرێک، و تەنها پەیوەست نییە بە ناوچە و دەڤەرێک و شارێکی دیاریکراوی وەک کفرییەوە.

بۆیە دەبێ پرسیارەکە ئەوە بێت بۆچی ئەم حکومەت و پەرلەمان و حزبە دەسەڵاتدار و کاربەدەست و بەرپرسانە، هەموو شار و شارۆچکە و دەڤەرەکانیان پشتگوێ خستووە، و هەر خەریکی دزی و تاڵانی و گەندەڵین؟

ئەمەش لە حاڵێکدایە کە هەزارەها کۆمپانیای کەرتی تایبەت و پرۆژەی ئابووری و بازرگانی لە داوێنی ئەم حکومەتە و لە پەراوێزی ئەم حزبانەی دەسەڵاتداردا سندوقی پاشەکەوتەکانیان لێوانلێو بووە لە دۆلار، و هەزاران سەرمایەداری ملیۆنێر و سەدانی ملیاردێر هەڵتۆقیون، لە هەرێمێکدا کە ئەم هەموو هەژاری و بێکاری و بەدبەختییە داسەپێنراوە بەسەر زووربەی هەرە زۆری خەڵکەکەیدا؟

بۆیە دەبێ لێکدانەوەی ئەم بارودۆخە لە بێکاری و هەژاری و نەبوونی خزمەتگوزاری لە کفری و هەروەها لە سەراسەری هەرێمەکەشدا، لەو ڕوانگەوە لێکبدرێتەوە کە ئەم دیاردەیە ڕووی دووەمی دراوێک و جەمسەری هاوکێشەیەکە، کە ڕووەکەی تر و جەمسەرەکەی تری کەڵەکەی ئەم هەموو سەروەت و سامان و ملیۆن و ملیار دۆلارەیە لای کەمایەتییەک.

بەواقعی ئەم بارودۆخە ئاکامی پەرەسەندنێکی خێرای سەرمایەدارییە لە دوو سێ دەیەی ڕابردوودا، لە ژێر باڵادەستی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و دەسەڵاتدارەتی حزب گەلێکی میلیشیایی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە [بەدیاریکراویش (پارتی) و (یەکێتی)] بەسەر چارەنووسی جەماوەری هەرێمەکەدا لە شکڵی ئۆرگانێکدا بەناوی (حکومەتی هەرێم) و خاوەن پشکیشن لە حکومەتی ناوەندی لە بەغدا. لەم ماوەیەدا کوردستان نەک هەر ئەم پەرەسەندنە سەرمایەدارییەی بەخۆیەوە بینیووە، بەڵکو پەیوەستیش بووە بە جەرگەی بازاڕی جیهانی سەرمایەدارییەوە.

بەم پێیە پەرەسەندنی سەرمایەداری و بەدەمەوەهاتنی (ئیستجابەی) دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمەکە بۆ پێداویستییەکانی کەڵەکەی سەرمایە و خۆ لێکهەڵپێکان لەگەڵ بازاڕی جیهانی، ئەولەویەتی ئەجێندای حکومەت و حزبەکانی دەسەڵاتداری بووە، نەک وەڵامدانەوە بە خواست و پێداویستیی و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی جەماوەری ئەم هەرێمە، جا پەرەداربوونی بێکاری و هەژاری و دەمکوت و سەرکوتی سیاسی میلیشیایی و ئاوەڵاکردنەوەی فەزای کۆمەڵگە بۆ دەستدرێژییەکانی ئیسلامی سیاسی بۆسەر ژنان و مافە مەدەنییەکان و پەرەسەندنی ڕەشەکوژی ژنان، ... هەموو ئەمانە ئاکامی ئەم پرۆسە مێژووییە و ئەم ئەجێندا سیاسییەی دەسەڵاتی بورژوا قەومی کوردە، کە لە شکڵی پشتگوێ خستن و فەرامۆشکردنی شار و شارۆچکەکانی هەرێمدا خۆی دەنوێنێت، نەک ئەمانە بەرهەمی بێ پلانی و خراپی کارگێڕی و نەزانینی دەوڵەتداری بێت، وەک میدیای ناڕازی لیبراڵ قەومی و ئیسلامی سیاسی بانگەشەی بۆ دەکەن و کردوویانەتە فەرهەنگی سیاسی ڕەخنەگرانە لە کۆمەڵگەدا.

## ناوەڕۆکی بزووتنەوەی کوردایەتی

بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستاندا گەرچی لە شکڵدا، خۆی وەک بزووتنەوەیەکی بەرپەرچدانەوەی ستەمی میللی دەردەخات، وە حزبەکانی ئەو بزووتنەوەیە بەتایبەت دەسەڵاتدارەکانیان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەرگری لە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن لەبەرامبەر ڕەوت و حزبە ناسیونالیست و ئیسلامییەکانی دەسەڵاتدار لە حکومەتی ناوەندی بەغدا، بەڵام لە واقعدا لایەک لەگەڵ ئەو حزب و ڕەوتە ناسیونالیستە عەرەبی و ئیسلامییانەدا یەکیان گرتووە لە دەسەڵاتی ناوەندیدا، بەدژی کرێکاران و زەحمەتکێشانی سەراسەری عێراق، هەروەک لە (ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩)دا دەرکەوت، وە لە لایەکی تریشەوە ئەم خاوەن پشکییەیان لە دەسەڵاتی ناوەندی و هاوپەیمانەتییان لەگەڵ ئەم ڕەوتە عێراقییانە، بۆ خۆبەهێز کردنە بۆ سەرکوتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئازادیخوازان لە هەرێمی کوردستاندا.

دیارە کێشە و ململانێش هەیە و هەر لایە لە برا دوژمنەکان (الاخوة الأعداء) گەرەکیەتی لە چەوسانەوە و داسەپاندنی سەرکوت و ستەم بەسەر جەماوەری زەحمەتکێشی بەرامبەرەکەی پشکی شێری هەبێت، لەوانەش دەستدرێژی ناسیونالیزمی عەرەب و ئیسلامی سیاسی لە دەوڵەتی ناوەندیدا بۆسەر ماف و ئازادییەکانی جەماوەری هەرێمی کوردستان و درێژەدان بە پرۆسەی تەعریب، جا ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی لە پەرلەمانی عێراق و دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا، ئەم هەڕەشە واقعییەی برایانی هاوپەیمانیان کردۆتە پلاتفۆڕمی سەرکوت و دەمکوتی جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان و داسەپاندنی بێکاری و هەژاری و برسییەتی بەسەریاندا.

لە جەوهەردا بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستانی عێراقدا، جوڵە و کەڵەکەی سەرمایەیە لە مەیدانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، کە لە ڕێگای ئایدیۆلۆژیای کوردایەتییەوە، جەماوەر هەڵدەخرێنێت و لەدەوری خۆی کۆی دەکاتەوە، بەناوی ڕزگاری میللەت لە ستەم و چەوسانەوەی دەرەکی، تا ستەم و چەوسانەوەی ناوخۆی خۆی بەسەر هەمان ئەو جەماوەرەدا داسەپێنێت کە بانگەشەی (ئیدیعای) ئەوەی بۆ دەکات کە ڕزگاری دەکات لەژێر چەپۆکیی نەتەوەی زاڵم و سەردەست، تا لەژێر چەپۆکی خۆیدا بیچەوسێنێتەوە و سەرکوتی بکات، ئەمڕۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان بە ئێسک و پێستی خۆیانەوە ئەمە ئەزموون دەکەن.

بەم پێیە ئەم بارودۆخە کارەساتبارەی شاری کفری وەک نموونەیەک لە تراژیدیای جەماوەری هەرێم، ئەنجامی چەوسانەوە و زوڵمی قەومی نییە، ئەنجامی ژێردەستەیی نەتەوەیی نییە، بەڵکو ئاکامی چەندین ساڵەی پیادەکردنی سیستمی نیولیبراڵی سەرمایەدارییە لە لایەن حکومەتی بۆرژوا ناسیونالیستی خۆماڵی و کوردەواری هەرێمەکە و حزبەکانی دەسەڵاتدارەوە، بە وەرگرتنی ڕێنمایی لە دامەزراوە نێو-دەوڵەتییەکان و پشتیوانی سەربازی و دارایی و سیخوڕی وڵاتانی ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا و ئەمریکا.

## ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی چینی کرێکار لە کوردستاندا

لە هەموو شوێنێکی جیهان کە سەرمایەداری تیایدا سەریهەڵداوە، سەرەتا چینی کرێکار لە ڕێگەی کۆچی گوندنشینانەوە بۆ ناو شارەکان شکڵی گرتووە، ئەم ڕەوەندەش لە عێراق و لە هەرێمی کوردستاندا وەک پرۆسەیەکی هێواش لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و پاشان بە خێرایی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم و بەتایبەتیش لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی لە (١٩٥٨)، واتا لە سەردەمی جمهوررییەتدا لە شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکاندا ئەم پرۆسەیە کۆتایی هات، دوای ئەوە ئەگەر بەردەوامیشی لە هەندێ شوێنی لاچەپەک و دوورە دەست لە شارستانیی مابێتەوە لەوە ناگۆڕێت کە خودی ئەم پرۆسەیە کۆتایی هاتووە. ئەمەش ڕەوەندێکی جیهانییە، نەک هەر لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکای باکور و ژاپۆن و ئوستراليا کۆتایی هاتووە، بەڵکو لە زووربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهاندا بە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتینیشەوە کۆتایی هاتووە و جیهانی سەرمایەداری ئەمڕۆ بەمانای واقعی وشە، جیهانێکە پەیوەندییەکانی سەرمایەداری سەراسەری گۆی زەوی تەنیوەتەوە وەک تەونی جاڵجاڵۆکە.

بەم پێیە لە هەرێمی کوردستانی عێراقیشدا، لە دوو سێ دەیەی ڕابردوودا، سەرلەنوێ بەرهەمهاتنەوەی چینی کرێکار و زۆربوونی ژمارە و گەورەبوونی قەوارەکەی لەوە دەرچووە کە کۆچی گوندنشینان بێت بۆ ناو شارەکانی کوردستان، بەڵکو ئەم پرۆسەیە پەیوەست بۆتەوە بە خانەوادە کرێکارییەکان و خانەوادە زەحمەتکێشەکانەوە کە دانیشتووی شارەکان و گەڕەکە فەقیرنیشینەکانن و منداڵەکانیان لە کوڕ و کچ لەناو شارەکاندا لەدایک دەبن و لەگەڵ گەورەبوونی تەمەنیاندا، زووربەیان خوێندنێکی سەرەتایی یا ماماوەندی یا باڵا تەواو دەکەن و پەیوەست دەبن بە بازاڕی کارەوە.

جگە لەمەش پەرەسەندنی سەرمایەداری، هەم بەشێکی لە چینی ماماوەند هاڕیوە و دایخزاندۆتە ناو چینی کرێکارەوە، وە هەم بەشێکی هەرچی زیاتری ژنان و کچانی خانەوادە هەژار و زەحمەتکێشەکانی ناچارکردووە بۆ دابینکردنی ژیانێکی کولەمەگی بێنەناو بازاڕی کارەوە، ئەمە لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە کرێکارانی هاوردە لە وڵاتانی دەرەوە بۆ ناوخۆی هەرێم لە لایەن کۆمپانیاکان و کرێکاری هاتوو بۆ ناو هەرێمی کوردستان چ لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە یان لە وڵاتانی دەوروبەرەوە کە هاوسنورن لەگەڵ هەرێم، کە هەندێکیشیان وەک ئاوارەی جەنگ (سوریا) و پەنابەر هاتوون، هەموو ئەمانە پێکهاتەی چینی کرێکاری ئەم هەرێمەن.

بەگشتی ئەمڕۆ چینی کرێکار لە کوردستانی عێراقدا، لە پرۆسەیەکی دووبارە نوێ بوونەوە و شکڵگیری تازەی خۆیدایە و توێژ و بەشە جۆراوجۆرەکانی لێکدابڕاون و سەرکوت و ئیستیبدادی بورژوا قەومیش لە کوردستاندا ڕێگرە لە ڕێکخراو بوون و هێنانەدی یەکگرتوویی ڕیزی خەبات و تێکۆشانیان، تا بە شێوەیەکی تراژیدیایی بیانکاتە ماتریاڵی سود و بەهرەبەرداری کەڵەکەی سەرمایە.

بارودۆخێکی جەهەننەمی کە چینی کرێکار بەگشتی و گەنجانی کچ و کوڕی ئەم هەرێمە بەتایبەتی ژیانی تیا بەسەر ئەبەن، کە لە نموونەی شاری کفریدا زۆر بە زەقی خۆی نیشان دەدات، لە نەبوونی هەلی کار و گیرفانی بەتاڵ و نەتوانینی پێکهێنانی خانەوادە لە ڕێگەی شووکردن و ژنهێنانەوە (لە کۆمەڵگەیەکیشدا کە سێکس و پەیوەندی ئاشکرای عاشقانە بقەیە)، وە لەگەڵ هەر ناڕەزایەتییەکیشدا کە ئەم گەنجانە دێنە شەقامەکان بۆ خۆپێشاندان جگە لەوەی دەکەونە بەر هەڵمەتی سەرکوت و گازی فرمێسک ڕێژ و ڕاودەوونان و گرتن و زیندان، گەلێک جاریش دەکەونەبەر تەقەی ڕاستەوخۆ، دەپێکرێن و دەبنە قوربانی. ئەمە ئەم بارودۆخە و ئەم ژیانەی نەوەی نوێی چینی کرێکارە کە بۆتە بەهەشتی کەڵەکەی سەرمایە و ملیۆنێر و ملیاردێری خاوەن کۆمپانیا و پرۆژە ئابوورییەکانی لێ هەڵدەتۆقێت وەک قارچکی بەهار.

ئەمە دیاردە و ڕواڵەتەکانی یەک زوڵم و یەک کێشمەکێشی چینایەتی واقعییە لە هەرێمی کوردستاندا کە لە بازنەیەکی داخراودا دەسوڕێتەوە بەهۆی غیابی ئاسۆی سۆشیالیستی و ناڕێکخراوبوونی، وە دابڕان و یەک نەگرتوویشی لەگەڵ خەباتی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە سەراسەری عێراقدا، دژ بەهەردوو دەسەڵاتی بورژوا قەومی و ئیسلامی لە ناوەند و لە هەرێم.

## جەماوەری زەحمەتکێش لە نێوان دوو بەرداشدا

وەک ئاماژەمان پێداوە، هیچ ڕۆژێک نییە کە خەڵکی بێبەش و توێژە کۆمەڵایەتییە چەوساوەکان و جەماوەری زەحمەتکێشی گەڕەکە فەقیرنشینەکان، ناڕەزایەتی دەرنەبڕن و نەڕژێنە سەر شەقام و کۆڵانەکان بەدژی ئاکامە کارەساتبارەکانی ئەم سەرمایەدارییە نیولیبرالیزمەیە و یەخەی حکومەتی سەرمایەدارانی هەرێم و حزبەکانی دەسەڵاتداری بورژوا ناسیونالیست نەگرن، هەرچەندە سەرکوتگەری دەسەڵات ڕێگری جدی بووە لە ڕێکخراوبوونی ئازادانە و سەربەخۆی چینی کرێکار و توێژ و بەشە کۆمەڵایەتییە بێبەشکراو و چەوساوەکان، بەڵام جەماوەری زەحمەتکێش و بێبەش، هەمیشە بە دەستەجەمعی و شەپۆلی بەرفراوان هاتوونەتەمەیدان، بۆ بەگژاچوونەوەی حکومەت و دەسەڵاتداران و زۆر جاریش پاشەکشەیان بەسەردا سەپاندوون.

جەماوەری زەحمەتکێش و خەڵکی سادەی کۆمەڵگە تەواوی گەندەڵییەکان و نادادپەروەری یاسایی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لەم هەرێمەدا دەبینن، چونکە بە ئێسک و پێستی خۆیانەوە ڕۆژانە ئەزموونی دەکەن، بەڵام لە غیابی هۆشیاریی سۆشیالیستی و ڕەخنەی پرۆلیتاریدا، بۆچوون و تێڕوانینی جەماوەری ناڕازی و وەتەنگهاتوو، ڕوانگەیەکی ئەخلاقی ڕەخنەگرانە لە دزی و جەردەیی دەسەڵات و نادادپەری و سەرکوتگەرییەکەی، لە لایەک و لە لاکەی تریشەوە لە خوازیاربوونی چاکسازییەکی لیبراڵانەی پوچ و ئاڵوگۆڕێکی شکڵی و سەرەوەیی لە ڕژێمی حوکمڕانی سیاسی و حزبەکانی دەسەڵات تێناپەڕێت.

جەماوەری زەحمەتکێش و ئازادیخوازی هەرێمەکە، تەواو دابڕاوە لەم دەسەڵاتە کە بە زەبری سەرەنێزەی میلیشیا و (هێزی تایبەت) و (زێرەڤانی) و (ئاسایش) و (پاراستن) و ساختەکاری هەڵبژاردنی پەرلەمانی، و پشتیوانی دەرەکی، خۆی هێشتۆتەوە، نەک هەر ئەمەش بەڵکو ئەم جەماوەرە بە ئەزموونی خۆی حزبە قەومی و ئیسلامییەکانی ئۆپۆزیسیۆنیشی لەبەرچاو کەوتووە. ئەگەر لە ساڵانی (٢٠٠٩) تا (٢٠١٤) خۆشباوەڕییەک بەو ئۆپۆزیسیۆنە هەبووبێت، لە (٢٠١٥)ەوە ئەوەش زۆر کاڵ بۆتەوە. بەمانایەک ئەم جەماوەر نەک هەر متمانەی بە حزبەکانی دەسەڵات نییە، بەڵکو بە حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوا قەومی و ئیسلامییشی نەماوە، بەڵام گیرۆدەی ئاسۆی ڕەخنەگرانەی ئەوانە، دژ بە حزبەکانی دەسەڵات.

ئەمەش وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە ئاکامی غیابی ئاسۆی سۆشیالیستی و ڕەخنەی پرۆلیتارییە کە وای کردووە ئاسۆ و ئەجێندای سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوا قەومی لیبراڵ و ئیسلامی سیاسی درێژە بەخۆی بدات، لە حاڵەتێکدا هەر ئەم جەماوەرە زەحمەتکێش و ئازادیخوازە هەم لە حکومەت و حزبەکانی دەستەڵات و هەم لە ئۆپۆزیسیۆنەکەشی جیابۆتەوە.

ئەم جەماوەرە زەحمەتکێشە گیریخواردووە لەنێوان دوو بەرداشی دەسەڵاتی بورژوا ناسیونالیست و ئاسۆی ڕەخنەگرانەی ئۆپۆزیسیۆنەکەی، کێشەی چینی کرێکار و نەچوونە پێش و بەئاکام نەگەیشتنی خەبات و تێکۆشان و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکەی، نەک هەر چەوساندنەوە و مەحرومییەت و سەرکوتی دەسەڵاتە بەتەنهایی، بەڵکو وێڕای ئەوانەش گیرۆدە بوونیشیەتی بەدەست باڵادەستی ڕەخنە و ئاسۆی بۆرژوا قەومی ڕیفۆرمیستی پوچی لیبراڵانە و ئیسلامییەوە بۆ دەرچوون لەم واقعە چینایەتییە تراژیدیایەی داسەپاوە بەسەریدا.

ئەوەی کە ناڕەزایەتییەکان لە کوردستاندا، نەگەیشتۆتە ئاکامێک کە پاشەکشەیەکی یەکجاری وەها داسەپێنێت بەسەر حکومەتی هەرێم و حزبەکانی فەرمانڕەوا کە نەتوانن پشت ڕاستکەنەوە و ئەو جەماوەرە زەحمەتکێش و چەوساوە خۆیان دەسەڵات بگرنە دەست، مەسەلەکە واوەترە لە زەبروزەنگ و سەرکوتی دەسەڵات، لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە، بەئامانج نەگرتنی گشت ڕژێمە ئابوورییە سیاسییەکە، وەک یەکەیەکی لێک جیانەکراوە.

ئەم حکومەت و حزبە خاوەن میلیشیا دەسەڵاتدارانە، ئەم ملیۆنێر و ملیاردێرانەی خاوەن کۆمپانیا و پرۆژەی وەبەرهێنان و بازرگانی، ئەم خاوەن پلە بەرزانەی حزبی و حکومی و ئەفسەرانی هێزی پێشمەرگە و ئەندام پەرلەمان و بەرپرسانی یەکە ئیدارییەکان لە پارێزگا و قایمقامییەت و ناحیە و دەڤەرەکان، ... هەموو ئەمانە یەک یەکەی لێکدانەبڕاو پێکدەهێنن وەک کەمایەتییەکی چینایەتی ئەم کۆمەڵگەیە بۆ پاوانکردنی سەروەت و سامان و کەڵکەی سەرمایە و داسەپاندنی بێکاری و هەژاری و برسییەتی بەسەر زووربەی هەرەزۆری جەماوەری زەحمەتکێشی هەرێمەکەدا.

هاوپەیمانەتیشیان لەگەڵ دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و ستراتیژی زلهێزە ئیمپریالیستەکانی ڕۆژئاوا لە زەرورەتی بەهێزکردنی ئەم یەکە لێکهەڵپێکراوەی ئابووری سەرمایەداری نیولیبرالیزم و دەسەڵات و سیاسەتی ناسیونالیستی کوردایەتییەوە هەڵقوڵاوە، کە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی دابڕکردنی کرێکار و زەحمەتکێشی هەرێمەکەیە لە هاوپشتی چینایەتی خۆیان لەگەڵ هاوچینەکانیان لە سەراسەری عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تا بە ئاسانی بتوانن لە بێکاری و هەژاری و برسییەتیدا ڕایانگرن و بەرگری و خەباتیان بە ئاسانی تێکبشکێنن وەیا لەباری بەرن بەواده و بەڵێنی پووچ و چاکسازییەکی شکڵی و بێ ناوەڕۆک.

لێرەوە، بۆ دەرچوون لەم بازنە داخراوە، ئەرکی هەرە دەستبەجێ بریتییە لە ئاسۆدارکردنی ئەم ناڕەزایەتییانە بە ئاسۆیەکی سۆشیالیستی شۆڕشگێڕ و هاوپشتی نێونەتەوەیی، و هەوڵدان بۆ شکڵگیری بزووتنەوەیەکی سۆشیالیستی کرێکاری بۆ جیاکردنەوەی ڕیزی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان لە بزووتنەوەی بورژوا ناسیولیستی کورد بە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆنی نیولیبراڵی قەومی و ئیسلامی سیاسییەوە، وە جیاکردنەوەی لە بزووتنەوەی ڕادیکالیزمەی سیاسی پۆپۆلیستانەی سەروو چینایەتی کە خوازیاری یەکگرتوویەکی ناچینایەتی خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخوازە و فوو دەکات بە ناڕەزایەتییەکانی جەماوەردا بۆ هاتنەمەیدانی پێشوەختە و ڕووبەڕووبەڕوو بوونەوەی دەسەڵات، ئەمە و گرێدانەوەی ئەم بزووتنەوەیەش لە هەرێمی کوردستاندا، بە بزووتنەوەی هاوچینەکانی لە سەراسەری عێراقدا، ئەرکێکی دەستبەجێ و چارەنووسسازە لە پرۆسەی گەشە و هێزگرتن و چوونەپێشی خەباتەکەیدا بە دەژی سەراپای ئەم ڕژێمە سیاسی ئابوورییە و دەسەڵاتە فەرمانڕەواکەی.

چارەنوسی مانگرتنەکەی کفری

ماویەتی ...

ئاب / ئۆگۆستی ٢٠٢٣

# لە یادی (٣٠) ساڵەی هاوڕێ (نەزیر عومەر عەلی - ناسراو بە (ئارام)




نزار ئاکرەیی

هاوڕێی کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕ و نەمر (نەزیر عومەر عەلی)، (٣٠) ساڵ لەمەوبەر لە لایەن تیرۆریستانی بۆرژوا ناسیونالیستی کوردەوە لە قەزای (سێمێل)ی سەربە پارێزگای دهۆک، بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و وەحشیگەریانە تیرۆر کرا.

ئەم شێوازە تیرۆریستییە ڕووخساری ڕاستەقینە و جەوهەری دژە مرۆیی ئەو بزووتنەوەیە دەردەخات بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا.

نەزیر عومەر لە (٢٧)ی تەمووزی (١٩٩٣) دا، فڕێندراوە، تیرۆر کراوە و تەرمەکەی لە شوێنێکی چۆڵەوانی فڕێدراوە.

بەر لە تیرۆرەکەی زیاتر لە سێ جار لە نامەکانیدا پێی داگرتووە لەسەر ئەوەی کە چەند بەرپرسێکی دیاریکراوی ئەو ناوچەیە هەڕەشەی کوشتن و تیرۆریان لێکردووە. هەروەها ئەندامانی خێزانی هاوڕێ (نەزیر عومەر) ناسنامەی کەسانی بکوژی کوڕەکەیان دەستنیشان کردووە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم بەڵگانەشدا، تا ئێستا دۆسیەکەی لە دادگا ماوەتەوە و دەسەڵاتدارانی هەرێم ڕێگا نادەن لێکۆڵینەوە لە تاوانبارانی ئەم دۆسیە بکرێت و بانگهێشتی دادگا بکرێن.

ئەمەیە کە دەڵێین ئەم ترۆرەیە، جەوهەری ڕاستەقینەی دژە مرۆیی بزووتنەوەی کوردایەتی دەردەخات بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا.

ئێمە تا دوا ساتەکانی ژیانمان، ئەو ئاڵا کۆمۆنیستی و شۆڕشگێڕییە بەرز ڕادەگرین، کە هاوڕێ ئارام (نەزیر عومەر عەلی) هەڵیکرد و بەرز ڕایگرت، وە پابەند بە ڕێبازەکەی دەمێنینەوە.

شکۆمەندی و نەمری بۆ یادی هاوڕێ (نەزیر عومەر عەلی) ناسراو بە هاوڕێ (ئارام) و هەموو ئەوانەی لە ڕێگای شۆڕشی سۆشیالیستیدا قوربانیانداوە. یاد و یادەوەرەکانیان هەمیشە بەزیندوویی دەمێننەوە لامان.

تەمووزی 2023

# بانیژەی ئەدەب و کلتوور

ئامادەکردنی/ عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) و جەمال کۆشش

## باران چیتر پێکەوەی کۆ نەکردینەوە

شیعری : سوممەیە جەلال



بیری ئەو پەنجەرە دەکەم
دوا جار کە لێوەی ڕوانیمانە بارینی باران
ئەو کورسییەی بۆ دوا جار
من و تۆی پێکەوە لە ئامێز گرت.
سەر ئێشەیەکی تووندم گرتووە
من بەو خواردنەوەیە ئالوودەم
کە لەگەڵ تۆ خواردوومەتەوە
دوا ژووانت بیرە
کە ئارەزووم کرد بچمە ژێر باران و
ڕێگەت نەدام؟
لەو ڕۆژەوە نەخۆشم و
بارانیش چیتر پێکەوەی کۆ نەکردینەوە!
ئێستاش لە پەنجەرەوە
بە خەیاڵی تۆ
دەڕوانمە دڵۆپەکانی باران
دەتبینم و بەگەرمی
دەستەکانت کوپەکە لەنێو دەستم توند دەگرم
پەنجەکانم شل دەبن
بێ ئەوەی قومێکی لێ بخۆمەوە
لەسەر مێزەکە جێی دێڵم و
خەیاڵەکانیشم کاڵ دەبنەوە.

پەخشانەشیعر

## نامەیەک بۆ ئەو

نووسینی : تەلار تاهیر



تەنیایی جۆرێکە لە عاشقبوون، عاشقبوونی ئەو مەنفا ڕوحییەی بەنێو گوڵزارەکانی ئەحساسما دەشنێتەوە ، بەدەم شنەی حەزەکانمەوە هەنگاو دەنێم بەرەو ساتەکانی ئاسوودەیی خەونەکانم، تا پڕ دەبم لە نیگای خەیاڵەکانی تۆ، چونکە خۆشم ئەوێی؛ بە ئەندازەی ئەو وشە شاراوانەی ڕوحم، کە زمانی خەیاڵم پەی پێ نابات. ئەی تەنیانووسەکەی هەمیشەی ئارەزووم، ئەی پەرییە پەرستەکەی جوانی و هیوای پڕشنگداری خەونەکانم، فریادڕەسی خۆشبەختی و ئەی جوانترین خەونی منداڵیم، تەمەنا ئەکەم قەدەری ئیلاهی تۆم پێ ببەخشێت ، لەناو ساتەکانی تەنیایدا بەیەکەوە بوونمان بنەخشێنێت ، بڕوا بکە لە وەتەی تۆم ناسیووە هەموو شەوێک مانگەشەو دەبینم ، نازانم تۆ هەواڵت ناردووە بۆ مانگ تا شەو ژووری دوڵبەرەکەت ڕووناک بکاتەوە یان ئەستێرەی بەختی کچێنی منە لەگەڵ ناسینی تۆیە وا بەجارێ شەوق ئەداتەوە؟

حەزم وایە بە گوڵی وشەکانت کراسێکی جوانم بۆ بچێنی لە شیعر بە ئەندازەی باڵای چاوەڕوانیم بزە برژێنیتە سەر لێوەی هیواکانم ، ئەوجا منیش بەڵێن ئەدەم کە هەموو جوانیم بەساتەکانی تەمەنت بسپێرم. ئەی پەری پەرستەکەی جوانی و هەستم ، مانگەشەوی شەوی تارم ، ئەی تروسکایی ڕۆژانی نائومێدی ، ئەی هیوابەخشی شەوانی بێداریم ، ئەی باخەوانی گوڵزاری جەستەی کچێنی و ئەی خەمڕەوێن و جوانترین مەخلوقی جاویدانم ، تۆ پردێکی لە نێو خەون و ڕاستی ، چەترێکی بۆ زستانی سارد و کەپرێکی بۆ هاوینی گەرمم ، کەی ئەو ڕۆژە دێ ئەوینت بکەی بە تارای بووکێنیم ؟ ماڵێکم بۆ دروست بکەی لە کتێب باخچەیەکی ڕەنگاو ڕەنگیشم بۆ دروست بکەی لە خۆشەویستی.

## هونەری لە دەستدان

شیعری : سروە ساڵەیی



ژنە بەتەمەنەکەی دراوسێمان
بەئەسپایی ڕێ دەکا
کەمجار ئاوڕێک دەداتەوە
مەگەر چۆن سڵاوێک بکات
سارد سارد قسان دەکات و
هەرکاتێکیش خەندەیەک دەکا
سەد بەرد شەق دەبا
تەنها جارێک تووڕەت ناکا
هەمیشە ملی ڕێگای گرتووە بە تەنیا
ئەو هونەری لەدەستدان دەزانێ و خۆی شێلوو ناکا
دەزانێ بونیادەم کەی بۆ ویستیان دەرگای
ماڵت دەکوتن بە پێکەنینەوەش کەی بێ بەهانەیەک
دەرگا دادەخەن و هەزارویەک
کراسی گوتی گوتیت بۆ لەسەر تەنافی شورەیی
هەڵدەخەن...
بەیانییەک ... پشیلەکەی ونکرد
لاق لەسەر لاق
لەسەر کورسییە دارینە قەبەکەی بالکۆنەکەیان
دانیشتبوو و کوپێک قاوە لەنێو پەنجەکانی
تیرەکانی دیقەتی بۆ گوڵە بەیبونەکانی
ناو ئینجانەکە دەهاوێشت
نەرم نەرم خەندەیەک ختووکەی بیرەوەرییەکانی دەدا
ئەو هونەری لەدەستدان دەزانێ
لەدوای مێروولەیەک ڕاناکا خۆی بە فیل بزانێ
دەیزانی کەی وشە و کەی کردار بەکاربهێنێ
خۆی لە قەرەی گۆمێکی قەوزاوی نادا کە
قەبارەی خۆی ...بەدەریا بزانێ
دەیگوت با دەستت لەسەر تەن شل بێ
نەکا خۆی لەژێر پەنجەکانت ڕابکا و تۆش بەشت
مەراق و سوێی بێ
هەرکات سەردانی
کۆڵانە بەجۆش و تەنگەبەرەکانی منداڵی دەکرد
واقی وڕ نەدەما
خۆی بە سەربووردە و گەڕانەوەی
لاپەڕەی ساڵەکان نەدەتاساند
دەستەکانی دەخستە گیرفانەکانییەوەو تێدەپەڕی
ئەمبەر و ئەوبەری بۆ کەس نەدەکرد
ئەو هونەری لەدەستدانی دەزانی
قورسی ئازارشکێنی بۆ کەس نەدەکرۆشت
ئەوەندە ڕۆژانی تەمەنی مابوو
بەستەڵەک ئاسا دەستی خۆی دەگرت و هامشووی
کەسی نەدەکرد
ئیدی منیش فێر بووم
کە گوارەکەم ونکرد
تا ئێستا نە بەدوایدا گڕ دەخۆم
نە مشووری دانەیەکی
ڕامدەچڵەکێنێ و بۆی دەڕۆم
ئاساییە لەدەستدان
شارەکەم جێهێشت تۆ ڕۆیشتی گەرموگوڕ
دەستت لێ بەردام
منیش سارد سارد تەماشام دەکردی
لە پشتەملەش باسم نەکردی
تەنیا گەر گێژەڵۆکەی نەبوونیت هەڵیدەکرد
لە دوورەوە خۆم بە خۆمەوە خەریک دەکرد
لەکۆتایدا هەر خۆم بۆ دەمێنێتەوە
دەژین و پیردەبین و بەیەکەوەش دەمرین ..!

## دۆزەخ

شیعری : ئیبراهیم هەورامانی



حوزەیرانی ٢٠٢٣
دێن و دەڵێن : دۆزەخ بیری ئاگرینی قووڵی لێیە،
ئاوی گەرم و خواردنی ژەهراوی لێیە.
دێن و دەڵێن: لە زیندانەکانی دۆزەخا،
سزای سەخت و جەلادی بێبەزەیی لێیە
خەون نییە،
پشوو نییە،
کاری تاقەت پڕوکێنی لێیە.
دێن و دەڵێن : لەدۆزەخدا،
لەتاو عەزاب،
لەتاو ئازار و سزا،
نە باوکت و نە دایکت و نەمناڵ و نەهاوسەرت لەبیر نییە
دێن و دەڵێن : لەدۆزەخدا،
برسیت ، تینوویت، هۆشت لای پشوو نییە.
دێن و لەبارەی دۆزەخەوە زۆرشت دەڵێن
. دێن و دەڵێن.. دەڵێن.. دەڵێن..
لەبارەی دۆزەخەوە دەڵێن
ئەو دۆزەخەی، ئەوان لەبارەیەوە دەڵێن
ئەم نیشتمانەی ئێمەیە،
ڕاستە، لەبۆ کەمێک، لەپیاوی پوت، ژنی چاوشۆڕ،
بەهەشتێکی نەبڕاوەیە.
بەڵام لەبۆ ئێمە، هەمان ئەو دۆزەخەیە،
ئەوان دێن و لەبارەیەوە، دەیڵێن و بەردەوام دەیڵێننەوە.

## ئەز



شیعری : گوڵی سەلیم

ئەز بستێ منداڵە
لە سەر دیوارا دەکا بازبازۆکێ
دەڵێن نەکەی کچ بوونت لە دەست دەچێ
پارچەڵەیە دەچێتە گەڕانێ
دەڵێن سەرت داخە کچێ
نەکەی بکەی چاوبڕکێ
دەنا ئابڕووت ئارەق ئاسا دەتکێ
ئێستا دایکە دەڵێن ژن بەو
دانیشە لە دیار لانکێ
ئەدی کەینێ دەبمە ئەزێکی
دەرێی قسە و قسەڵۆکێ
ئەدی کەینێ دەبینە ئەزێکی
دەرێی قسەو قسەڵۆکێ.

## تۆم لەخۆمدا چاندووە



شیعری : ستار ئەحمەد

بەسە کاتی خۆت لەدار مەدە و
ڕۆحی تینووتیش سەر مەبڕە
لەعەشقی من دڵنیابە
بەرەو ئاسۆو جاویدانی سەر هەڵبڕە
مەڕۆ قەدەر هەڵمەواسە
ڕۆژەکان چاوەڕێی تۆن و
شەوەکانیش بەرگی ڕووناکی دەپۆشن
ژوانگەکان مەراقیان کرد
هێندە گولیلکە هەڵکێشن
بەهار بەدوای تۆدا دەگری
خەزانی ناوەتە کۆڵ و
بەفرو بایەک بەرەو زستان
بۆئەو دیوی خەمی سرک و
عەشقی شەهیدو
شوێنەواری ڕوانگەکان
سەرەتاتکێی خۆش هاتنن
شیعرەکانم وەکوو شوێن پێت
بەدوای هەنگاوی تۆ ونن
تەمەنت زوو کۆکەرەوە
ڕۆژ لەبەرکی شەوگار بنێ و
لەهەڵوێستێکا وەرەوە
بزانە شنەی ڕەشەبا
چۆن لەنیگای بارانێکا
دیدەکانی دەشواتەوە
لەمانگ بپرسە بۆ هێندە
بەبزەی خۆر
ڕۆحی ڕووناکی هەڵدەمژێ
بۆچی وەک تۆ تووڕە نابێ
ئەوینی شەو لەیاد ناکاو
هەمیشە بەستەی ڕازاوە
بەگوێی جوانی و عەشقدا دەڵێ
دڵی نایە ئەوینداران جێبهێڵێ
وەکوو ئەو بە بەرامبەر خۆر خۆت داکەنە
لەڕۆحی شەوا ڕاکشێ
بەسە کاتەکان مەکوژە و
چارەنووست بلاوێنە
نەبادا مردن
بەتەمەنت ئاشت بێتەوە
ئیتر تەواو
خەریکە زەمەنێک نەمێنێ
بۆ ماچ مەودایەک نێوانمان ناپێوێ
ساتەکان ڕووت دەبنەوەو
ئەستێرەکان لەیەک دەدەن
وەرەوە من تۆم لەخۆما چاندووە
لەبەر تۆیە
خۆم و ژیانم خۆش دەوێ.

ڕێوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسییە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# شێرکۆ بێکەس (١٩٤٠ - ٢٠١٣)

## ئەو ئایکۆنەی شیعرییەی کە دووبارە نابێتەوە!

نووسینی : عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

### وێنەیەکی گشتی شێرکۆ بێکەس

ڕەنگە لە مێژووی ئەدەبی نوێی کوردیدا هیچ کەس هێندەی شێرکۆ بێکەس (بەختیار عەلی لێدەربچێت) ئاوری لێنەدراوەتەوە. ئاوردانەوە لە شێرکۆ؛ ئاوردانەوە بووە لە بەرهەم و داهێنانەکانی. شێرکۆ نەفەسێکی درێژی شیعری هەبوو، کە تا ئێستا لە هیچ کەسێکی تردا ئەو نەفەسە بوونی نییە. شێرکۆ گەلێ شێوازی شیعری تاقیکردەوە، هەر لە شێوازی کۆن و چوارین و پۆستەرەشیعر و ڕۆمانەشیعرەوە بگرە تا دەگاتە شانۆنامەی شیعری و لە هەمووشیاندا دەستڕەنگینی خۆی نیشان داوین. شێرکۆ بێکەس بە گۆشت و خوێن و وشە و داهێنانەکانییەوە ڕۆڵەی بە ئەمەکی ئەو بزووتنەوەیە بوو کە بە ناسیونالیزمی کوردیی(کوردایەتی) دەناسرێت. ئەو هەموو شیعر و نووسینەکانی خستە خزمەت بیروباوەڕی کوردایەتی. شێرکۆی بێئۆقرە بەردەوام بەدوای شتی تازە و نەوتراودا دەگەڕا. گەریدەیەک بوو لە برگەیەکی زەمەنی (ناوەڕاستی شەستەکان تا ئەوکاتەی ژیانئاوایی کرد) توانی زۆرترین بەرهەم و دەق بنووسێت و بڵاوبکاتەوە. هەمیشەش ڕۆڵی سەرەکی و دەستپێشکەری بینیوە. شێرکۆ لە بزووتنەوە چەکدارییەکانی ناسیونالیزم بە کۆن و نوێوەی(مەلاییزم و جەلالیزم)؛ وەک جەستە و وشە ئامادەیی هەبووە و شیعری لەناو سەنگەرەوە گەیاندۆتە نێو دڵی خوێنەری خۆی. ئەوەی ئەو شانسەی بەشێرکۆ دا لەمێژووی ئەدەبی کوردی وەک ناسراوترین شاعیر دەربکەوێت، جگە لە توانا شیعرییەکانی، ئاوێتەکردنی شیعر و سیاسەت یان شیعر و کوردایەتی بوو. کە بەیانی ڕوانگە(٢٥-٤-١٩٧٠) کە شێرکۆ خۆی یەکێک بوو لە دارێژەران و ئیمزاکەرانی، بناغەی ئەو ئاوێتەبوونەی پتەو و قایم کرد. شێرکۆ هەر لە جوغزی کوردایەتیش نەمایەوە، بەڵکو بەپێی گۆران و گەشەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردستان، ئەمیش نوێتر و هەندێجار ڕادیکاڵتر دەردەکەوت. ئەو شیعر و فرمێسک و شیوەن و پرسەی لەگەڵ بزووتنەوەکەی بوو. هەڵوێستە ڕادیکاڵەکانیشی لە ئەنجامی ڕادیکاڵبوونی بیروباوەڕییەوە نەبووە ، بەڵکو لەئەنجامی ساتوسەودای سیاسییانەوە بووە. چونکە شێرکۆ تا ئەوڕۆژەی ژیانئاوایی کرد، وەک باوەڕ؛ ناسیونالیستێکی بێ غەڵ و غەش بوو. پرۆسەی نووسینی شیعر لای شێرکۆ بە گەلێ هەوراز و نشێودا تێپەڕیوە ، کە هەر خوێنەرێک دەتوانێت لە خیلالی شیعرەکانییەوە وێنایەکی ڕوونی شێرکۆ بێکەس و جیهانبینییەکەی بکات. من شێرکۆ بێکەس بەمجۆرە دەبینم:

یەک : بیری سیاسی و ئایدۆلۆژی ناسیونالیستی شێرکۆ هەر لە چوارچێوەی کوردستانی عێراقدا قەتیس نەماوە ، بەڵکو بیری کوردایەتی سەرتاسەری لەهەر چوار بەشەکە بەسەر کردۆتەوە. لەکوێ مەترسی بینیبێت بۆ سەر ئایندەی ناسیونالیزمی کورد ئەم دژی وەستاوەتەوە. واتە ئەم ئەگەرچی وەک ئەندامبوون ئەندامی لایەنێکی سیاسی( یەکێتیی نیشتمانی کوردستان یان ی ن ک) بوو ، بەڵام بەمانای وشەکە شاعیرێکی حیزبیی بوو. واتە شاعیری بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی بوو.

دوو : لەگەڵ کۆست و ڕووداوە تراژیدییەکانی کوردستان ژیاوە و شیعری بۆیان هۆنیونەتەوە.

سێ : لەبەرامبەر گەشە و مەترسییەکانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان هاواری لێهەستاوە و دژایەتی کردوون و بۆ ئەمەش ڕووبەڕووی هەڕەشە بۆتەوە.

چوار : وەکچۆن شیعری کردبووە بانگ بۆ ئازادی( بەتایبەتی ڤێرژنە کۆنەخوازەکەی کوردایەتی بۆ ئازادی)، ئاواش شیعری کردۆتە مەتارێزی ئازادی و بەرگریکردن لە ژنان، بەڵام لە چوارچێوەی ئەو جیهانبینییە کوردایەتییەی کە بڕوای پێ هەبوو.


پێنج : سوودی لە کەلەپوور و داستانە کوردییەکان وەرگرتوە و لەشیعردا تەوزیفی کردوون.

شەش : جگە لە دنیا بەرفراوانی شیعر، شێرکۆ ڕەخنەگر و وەرگێڕێکی باشیش بوو.

حەوت : پشتیوانێکی مەعنەوی جیددی بوو لە پرۆژەی ڕەهەندییەکان و بەتەواوی توانایەوە لەپشت ئەو پرۆژەیە و ئەدەبی لیبراڵی کورد وەستا و تا دوا هەناسە بەرگری لێکردن.

هەشت : لەهەموو ئەم دۆخ و هەلومەرجە سیاسییە قەیراناوییەی کوردستان هەمیشە داگیرکار ( حکومەتی بەعس ) خەتابار کردووە و هەرگیز پەنجەی تاوانباری بۆ حیزبە سیاسییەکەی و بزووتنەوە کۆنەخوازەکەی (ناسیونالیزمی کوردی) ڕانەکێشاوە.

نۆ : خەباتی چینایەتی و شۆڕشی کرێکاریی و سۆشیالیزم



وەکچۆن لە سیستەمی بیرکردنەوەی شێرکۆ بوونیان نەبووە، ئاواش شێرکۆ هەرگیز شوناسی خۆی و دەقەکانی لەو خەباتەوە دیاری نەکردووە. بەمجۆرە ئەو هەڵوێستە پۆزەتیڤانەی شێرکۆش ناتوانن بچووکترین خەسڵەتی شۆڕشگێڕیی بە شێرکۆ ببەخشن. داهێنانەکانیشی دەچنە خانەی داهێنانی شاعیرێکی بۆرژوا – ناسیونالیست، نەک شاعیرێکی شۆڕشگێر.

دە : لەدوای هەڵچوونە جەماوەرییەکەی ئازاری ساڵی ١٩٩١ و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی کوردستانی عێراق لەلایەن بەرەی کوردستانی و دواتریش یەکێتیی و پارتییەوە، شێرکۆ بەهرەمەند بوو لە پشتیوانی ماددی و مەعنەوی و بوو بە وزیری ڕۆشنبیری و دواتریش بەڕێوەبەری دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم و بووە خاوەنی گیرفانێکی موحتەرەم و ئەو ئازادییەی لە کە شیعرەکانیدا بانگەوازی بۆی دەکرد.

### هەڵسەنگاندنێکی گشتی

خوێندنەوەی دەق و نووسینی هەر ئەدیب و نووسەرێک لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستییەوە،ئەگەر تەنها لە چوارچێوەی خوێندنەوەیەکی سادە قەتیس بمێنێت و ڕۆنەچێتە نێو لێکدانەوە و ڕەخنەی چینایەتی، ئەوا ناتوانێت ئەنجامێکی قەناعەتپێکەر و بەسوود بدات بەدەستەوە. ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستیی هەر بە تەنها نایەت ژێر ددانی نووسەر و ئەدیب بپشکنێت و بیخاتە ژێر مایکرۆسکۆپی ئایدیۆلۆژییەوە، بەڵکوو دێت لە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی ئەدەب دەکۆڵێتەوە و لێرەشەوە هەڵوەستە لەسەر هەڵوێستە چینایەتییەکانی نووسەر دەکات و قسەی خۆی دەکات. ئەگەر بە تەرازووی سەنگەری چینایەتی ئەدەب لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری شێرکۆ بخوێنینەوە، ئەوا جگە لە شاعیرێکی بۆرژوازی و کۆنەپەرست هیچی تر نابینین. بەڵام کاتێک لەسەر قۆناغ و برگە مێژووییەکانی دەقەکانی ئەو شاعیرە دەوەستین و ورد دەبینەوە دەبینین پانتاییەکی تر هەیە کە دەبێت ببینرێت. ئەویش پانتایی بەشداری ئەو شاعیرەیە لە بەرگریکردن لە هەندێک لە هێما جوانەکانی کۆمەڵگە. بەرگیری کردن لە ئازادی ( بە ڤێرژنی ناسیونالیزم)، بەرگریکردن لە ژنان ( نەک یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو)، وەستانەوە دژ بە کۆنەپەرستی ئیسلامی سیاسی، هەڵوێست نواندن لە هەندێ مەسائیلی سیاسی ڕۆژانەی کۆمەڵگە و نەخشاندنی کارەساتە تراژیدییەکانی سەر ئەم میللەتە ستەمدیدەیە و تاد. لێرەوە ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی نەک هێڵێکی ڕاست و چەپ بەسەر ئەو شاعیرەدا ناهێنێت، بەڵکوو تێدەکۆشێت بەرگری لەو کرێدتانەش بکات کەلەئەنجامی هەڵویستی ئەو شاعیرەوە بەدەست هاتوون. ئەوە ڕاستە شێرکۆ بێکەس هەمیشە شاعیرێکی دیماگۆجی بووە و تەنانەت تا گەیشتنی بە ئەورووپا و نیشتەجێبوونی لەوێ درێغی نەکرد لەو دیماگۆجییەتە( من کاتی خۆی قسەی خۆمم لەوبارەوە کردووە.(١))، بەڵام دوای هەڵچوونە جەماوەرییەکەی ئازاری ١٩٩١ و گەڕانەوەی شێرکۆ بۆ کوردستان و بینینی واقیعییەتی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کوردی، هێدی هێدی ئەو دیماگۆجییەتە لە شیعری شێرکۆ چووەتە دۆخێکی ترەوە و فۆرمێکی تری وەرگرت، ئەویش فۆرمی فریودانی خەڵک و خوێنەر لەژێر سایەی ڕەخنە لە دەسەڵات. دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کوردیش پشتیوانی جیددی شێرکۆ بوو، بەڵام دیارە قەبارەی ئەو پشتیوانییە بەدڵی شێرکۆ نەبووە. بۆیە زویر دەبێت و بۆیە هەر لە پەنجەرەی کوردایەتییەوە تانە لەو دەسەڵاتە ناسیونالیستە کۆنەخوازە دەگرێت.(٢)

### چی وا دەکات شێرکۆ بەردەوام لە ناومان بێت؟

ئامادەیی شێرکۆ ، ئامادەییەکە لە دەقەکانییەوە سەرچاوە دەگرێت، ئامادەییەکە لە هەڵوێست و وەستانەوە بە ڕووی هەندێک ناشیرینییەکانی کۆمەڵگەی کوردی خۆ دەنوێنێت،(٣) ئامادەییە لەو هارمۆنییەی کەلەدەقەکانەوە وەک تاقگە دەڕژێنە نێو دڵی خوێنەر. نەفەسی شیعری و ئیشکردن لەسەر وشە بەجوانترین شێوە و لە باڵاترین ئاست و خوڵقاندنی جوانییەک کە توانای هەیە لە یادەوەری خوێنەردا بمێنێتەوە. هەڵبژاردنی وشەی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو، ئاوردانەوە لەو کێشانەی کە دەبێت ئاوڕیان لێ بدرێتەوە، وێنەی قەشەنگ و مۆسیقای ڕەوان، ئەمانە بنەچەی هونەری شیعرییەت و ئیستاتیکای شێرکۆن. غەدرێکی گەورە لە هونەری شیعریی شێرکۆ بێکەس دەکەین ئەگەر لە لێکدانەوەکانماندا ئەو لایەنەی هونەری شیعریی شێرکۆ فەرامۆش بکەین. بەڵام هەموو ئەم دەستڕەنگینی داهێنانە جوانانە ناتوانن فریای شێرکۆ بکەون کە لەڕووی سیاسییەوە کەوتۆتە چ گۆمێکی لیخن کە تا مرد نەیتوانی خۆی قورتار بکات. ئەویش گۆمی پشتیوانی لە ستەمی دەسەڵاتدارێتی ناسیونالیزمی کورد و بۆرژوازی کوردستان بوو دەرهەق بە خەڵکی هەژار و قوربانیدەر و ستەمدیدەی کوردستان.

### دواجار

شێرکۆ بێکەس لە هەناوی بزووتنەوەی ناسونالیزمی کوردییەوە هاتە دەرێ و بە لێهاتوویی خۆی توانی ڕۆڵێکی گەورە لە بزووتنەوەی شیعری کوردی بگێڕێت. شێرکۆ ڕاستگۆ بوو لەگەڵ خۆی و باوەڕەکەی(کوردایەتی) و تا دوا هەناسەش وەفادار مایەوە. ئەو توانی بەهۆی دەقەکانییەوە بچێتە نێو دڵی هەزاران خوێنەر. توانی بەهێزی شیعر و دەقەکان و داهێنانیی؛ قەیرانی خۆجوونەوەی نووسین و دەق لە بزووتنەوەی ئەدەبی کوردی باو تێپەڕێنێت. ئەو ئایکۆنێک بوو لە هیچ نەدەچوو لە خۆی نەبێت. دواجار؛ شێرکۆ بێکەس لەڕووی شیعرییەت و دنیای قەسیدەی کوردیدا، ئەو ئایکۆنەیە کە هەرگیز دووبارە نابێتەوە!

### پەراوێزەکان :

(١)لە ساتی ژیانئاوایی شێرکۆ بێکەس ( ١٠ ساڵ لەمەوبەر) ئەم وشانەم نووسی (من لەژیانمدا نە شێرکۆ بێکەسم بینیوە و نەوێنەشم لەگەڵ گرتووە. بەڵام خوێنەرێکی ڕژدی شیعرەکانی بوومە. شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس تەرجەمەی گەلێ زمانی جیاجیا کراون و گەلێ وتاریش لەدەرەوە و ناوەوەی کوردستانیش لەسەری نووسراوە. نووسین هەبووە ستایش بووە و هەشبووە وپستوویەتی سوود لەناوی کاک شێرکۆ وەربگرێت و لەڕێگەی ئۆتۆریتەی شێرکۆوە بازاڕێک بۆ خۆی گەرم بکات. دیارە لەگەڵ ئەمانەشدا نووسینی جوان و خوێندنەوەی بەپێزیش کراوە. من دەمەوێ باسی شتێک بکەم. باسی نووسینێکی ڕەخنەیی خۆم بکەم.ساڵی ١٩٨٩ ئەو کات ئەندامێکی چالاکی (حەڵقەی ئەدەبیانی کۆمۆنیست) بووم و لەگەڵ هاوڕێیانم (جەماڵ کۆشش و نەوزاد ئەسوەد) گۆڤاری (ڕابەر)مان دەردەکرد، نووسینێکی درێژم لەسەر جیهانبینی شیعری شێرکۆ بێکەس نووسی بەناوی(دیماگۆجی شێرکۆ بێکەس لەئاست تیشکی چەند سەرنجێکی تەحلیلیدا) کەلە دوو ژمارەی گۆڤاری (ڕابەر) ئۆرگانی (حەڵقەی ئەدەبیانی کۆمۆنیست) دابڵاوم کردەوە. ئەو نووسینە نە ستایش بوو نەخۆ هەڵواسین بوو بەکاک شێرکۆوە، بەڵکو هەوڵێک بوو بۆ نیشاندانی ڕووی ئەو ئایدیۆلۆجییەی کەکاک شێرکۆ ئیشی لەسەر دەکرد. ڕەخنەیەکی مارکسیستی جیددی بوو لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس. لەو نووسینەمدا زۆر بە ڕوونی ئەو دیماگۆجییەتەی کە ئەو ستراکتۆری شیعرەکانی لەسەر بنیاد دەنا، نیشان دابوو. نووسینە گەرچی لەکاتی خۆیدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو بەڵام مەخابن نە ئەو نووسینە و نە ژمارەکانی ئەو گۆڤارەم دەست ناکەونەوە ئەگینا جارێکی تر بڵاوم دەکردەوە. ئێستا لەکاتێکدا کەچارەکە سەدەیەک تێدەپەڕێت بەسەر ئەو نووسینەم و کاک شێرکۆش کۆچی ئەبەدی خۆی کرد،من جگە لەسڵاوێک بۆ کاک شێرکۆ و ئەو نەفەسە شیعرییەی کەوێنەی نییە لەکورددا و ئەو ڕەخنە مارکسیستە جیدییەی ئەوسام،هیچیترم نییە بینێرم.)

(٢)ئێستا کچێک نیشتمانە سکاڵانامەیەکی شاعیرە لە بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی. دڵشکانی شاعیرە لەو مێژووەی کە بەناوی کوردایەتییەوە ژیانی هەزاران لاویان کردە قوربانی ئەو بزووتنەوە سیاسییە دواکەوتووە.

(٣)هەڵوێستەکانی شێرکۆ بێکەس هەڵوێستگەلی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤن. لێرەدا مەبەستمان لە هەڵوێستە پۆزەتیڤەکانی شێرکۆیە نەک هەڵوێستە نێگەتیڤەکانی.

# بەرزان بابە شێخ (کاوە) :

## ئەدەب بە یەک وشە دژبە تەغریبە و دۆستی ململانێ و ئاوڵدووانەی ناڕازییە و هاوڕێی ئافراندنە

سازدانی : جەماڵ کۆشش

**بانیژە : سوپاس بۆ بەخشینی ئەم دەرفەتە پێمان، چۆنت پێخۆشە بە کاوە یان بە بەرزان بابە شێخ بە خوێنەران بتناسێنین؟**

بەرزان بابە شێخ( کاوە) : ئەو پرسیارەو وەڵامدانەوەی بۆ من گرنگ نەبوو، کە کام ناویان بێ، بەڵام شتێکی ئیریک فرۆمی بیرخستمەوە کە دەڵێ( تێکۆشەرە ڕاستەقینەکان ئەوانەن کە دەبەخشن بێ پاداشت، هەروەها دەجەنگن بێ ترس)، کاوە بۆ من ناوێکە خۆشم دەوێ، ئیتر تا چ ئەندازەیەک لە نیگای ئیریک فرۆمەوە من هەم و دەبم، ئەوە شتێکی ترە، کاوە ناوێکی شۆڕشگێرانەی من بوو.

**بانیژە : تۆ دەتەوێت وەک شاعیر، وەک ڕەخنەگری ئەدەبی، یان وەک چیرۆکنوس بۆمان بدوێی، لەو بارەوە لەهەر سێکیان بەرهەمت هەیە، بەڵام لەهەر سێکیانیشدا بەجۆرێک یەک شێوازی هونەری و میتۆدی ئیستاتیکی پەیرەو دەکەی؟**

بەرزان بابە شێخ( کاوە) : کەوایە هەر سێکیان ئێمە دەخەنە خانەی ئافراندنی ئەدەبەوە،ئەدەبیش بە دوو ئەرکان خۆی بەرهەم دەهێنێ. یەک؛ دەبێت ئایدیاڵێکی کۆمەڵایەتی هەبێ، کە هەر چییەک بێت، داماو نەبێ لەبەردەم بە تەغریبی ئینسان. دوو ؛ ئایدیاڵێکی ئیستاتیکیی بەرزت هەبێ کە وەک شاهیدێک ئەو لەحزانە بە ئیحساس دەربڕی، چونکە لای من گەر فەلسەفە بە مەنتیق دەربڕی ئەوا ئەدەب بە ئیحساس، وئافراندنی وێنە. دەی هەرسێکیان.

**بانیژە :لەگفتوگۆکانماندا چڕ لەسەر تایبەتمەندی ئەدەب دەدوێی ، ئایا تۆ ئایدیاڵێکی تایبەتت بۆ ئەو کایەیە هەیە؟ دەتوانی ئەو بوارەمان هەندێک بۆ شرۆڤە بکەی؟**

بەرزان بابە شێخ( کاوە) : من هیچ ئایدیاڵێکی تایبەتم نییە، تەنها ئەوە نەبێ بەرگری لەئەدەب و هونەر دەکەم، بەڵام بەڕاستگۆی واقیع چ وەک میکانیکی و چ وەک تەقلیدی واقیع لە ئەدەبدا ، هەم بەهەژارو هەم بەدۆگمای دەبینم . لەئەدەبدا من بڕوام بە چەند تێزێک هەیە: یەک؛ ئەدیب دەبێ خاوەنی ئایدیاڵێکی کۆمەڵایەتی بێ. دوو؛ ئەدیب دەبێ خاوەنی ئیلهامێکی ئایدیالی بێ یانی بتوانی ئایدیالە کۆمەڵایەتییەکەی کە پێی نەکراوە وەک دەربڕینێکی فەلسەفی لە شوێنێک باس بکا، وەک ئافراندنێکی ئەدەبی باس بکا .ئەویش بە پێش مەرجی ئەوەی بتوانێ هەرچی بارگەی هەڵچوون وبارگەی فکری ئەو لە ئیحساسدا بەرخورد بکا. بەرخوردێک کەلاسایی خۆدا بکاتەوە□( حەتمەن مەجازی) بەچەند شتێکی ساکار ئافراندنێک ناجۆر بکا لە واقع نەبێ، لە خۆڕا نییە مارکس وتویەتی ( ئەدەب ، داستانێکە لە نێوان ژێرخان و پەیکەرەی سەرەوە) چونکە هەموو کارێکی هونەری باڵا هاوکارمان دەبێ لە ئیدراکی لایەنێکی نوێی واقع، لایەنێک هەروا پێناسەی بۆ دەکرێت بەقەولی روجیە گارودی ( شەهادەتێکی زۆر بچووکە نا هەر خودییە تائەوپەری لەسەر پەیوەندی ئینسان بەدونیا لە فەترەیەکی دیاریکراودا، ئەم شەهادەیەش کە دەی هەم باڵاو هەم ڕەسەن بێ تێکرای ئەدەب بەکۆن وتازەوە ئەوانە نائێم کە ڕوو لەئاسمانن و دەرچوونە لەو تەغریبەی لەو کاتەوە کەکاردابەشکراوە لەنێوان ژن وپیاو، لە نێوان داراو نەداراکان، ئینگلس سەبارەت بەبەلزاک وتویەتی ( سەرەڕای ئەوەی ئەم پیاوە ، پادشاییخواز بووە، لە سیاسەت، دواتر کاسۆلیکی بووە لە عەقیدە، بەڵام ئەدەبەکەی پەیامێکی تێدا بووە کە هیچ جێگای شک نییە ، بەدارمانی چینە کۆمەڵایەتییەکەی.

سێ؛ ئەدەب، بەویژدانێکی پڕ ئیحساس دەنووسرێ، لەلەحزەیەکدا، بەڵام دینامکێکی ڕوئیایی تیژت هەبێ، نەک ڕووکەش ببینێ. بەڵکو دیوە شاراوەکان، بە وێنەیەکی خەلاق، وێنەیەک تەجاوزی تەغریبەکان بکاو ، وەڵام بە ناکۆکیەکان بداتەوە، بانگەوازێک بێ بۆ ناڕازی، چونکە هونەر دۆستی ململانێکان وئاوڵ دووانەی یاخی و شۆڕشگێڕ بوونە.

چوار ؛ دەبێ هونەر وا چاولێبکەین کە بێسنوورە، چونکە ئەدەب جۆرێکە لە جۆرەکانی چالاکی ئینسان کە پێی دەڵێیین بەئافراندنی هونەری، ئەویش بە هەموو ، باڵ و مەزهەبەکانی ترەوە، بەڵام بەداخەوە ، مەزهەبەکانی تر بەهۆی لەبەر داماوییان وەڵام وا بەواقع ئەوان زیاتر تۆباوی و ئایدیالیستی بوونە، بەڵام هەر ئافراندنە، نابێ و ناکرێ بەناوی واقع نەبونیانەوە وەک سۆسیالیزم، ئێمە خۆمان بێبەش بکەین لە خوێندنەوەیان،هەر چەندە ئەوان بە خامی تە غریب ڕووبەڕووی هونەر بوونەتەوە.

پێنج : بەدەر لەوانە ئەرکی ئەدیب وایە دەبێ کەڵک لە سیحرو هەندێ جار ئاماژە وەرگرێ تابکرێ ڕەنگرێژی ئیحساسەکانی خۆی بکا، گۆرکی ناهەقی نییە دەڵێ دەبێ( ئەدیب هەڵسێ بە ئینسانیکردنی شتەکان)هەتا دەگا بە دانانی وشەیەک کە ڕەنگە شاعیری زمانەوانی نەبێ چونکە بە قەولی شاملو، وشە نمایندی شتەکان نییە، بەڵکو خودی شتەکەیە.


ئەدەب وەک ماسییەک وایە زیندووەکان بە زیندووی دەگەن بە دەریا، ئەوانەی تر ئەدەب نین ولە وشکایی دەمرن، بەڵام بەداخەوە لە دونیایی سەرمایەداری بێ ئەوانەش، چونکە ئینسان بووە بەشت وزاتیان نەماوە، هەتا ماسییە زیندووەکانیش ئاوڕێ لێنادرێتەوە، دواتر ئافرەتیش ژانرێکی زۆر چڕ و ژیان هێنەرە، و خاکێکی هەرە فراوانی دونیای ئافراندنی ئەدەب و هونەرە،و کائینێکی روحییانەیە، ئەم گەوهەرەش ئەدیبەکان خەریکە لەدەستیان بڕوا، ئەوان ڕوحییان بە جێهێشتووە و بوونە بە شت. هەڵبەت بە پێچەوانەشەوە.

**بانیژە : چ بابەتێک دەتوانێت شاکاری ئەدەبی بخوڵقێنێ؟ ئازاری ئینسانی؟ شەری چینایەتی؟ کارەساتەکانی شەڕو ماڵوێرانی؟ عیشق و خۆشەویستی؟**

بەرزان بابە شێخ( کاوە) : ئەدەب بەیەک وشە دژ بە تەغریبەو دۆستی ململانێ و، ئاوەڵدووانەی ناڕازییە و هاوڕێی ئافراندنە، تێکڕای ئەوانە بابەتن، وەک بیانوویەک تۆ تەعالی پێبکەی، ئەوانە جوداناکرێنەوە، مەگەر تۆ میتافیزیکیانە لە واقع بڕوانی و گرنگە تۆ مەوهیبەت هەبێ و پێت نەکرێ ئەو بابەتە ، جیا بەئیحساس دەرنەبڕی، هەر سێک لەوانە تۆ باست کردن، دەکرێت شەهادەتێک بێ، بۆ ئیدانەکردنی ئەم واقعە قێزەونە و بەئاگا هێنانەوەی ویژدان وئاوازی ئێمە ، ئاخر زۆرێک لەوان لەدەرگای کراوەوە نەچوونەتە ناو ئەدەبەوە، بەڵکو ڕێک ئەوان دەرگایان شکاندووە و لەدرەختی ئەدەبدا، لق وپۆپی تریان دروستکردووە، وەک ( کافکا، بەلزاک، سەرڤانتس، شێرکۆ بێکەس، بەختیار عەلی. شاملۆ. مەحمود دەرویش، گۆران، نالی، هیمن، جەلالەدین رۆمی...هتد). وەک ڕەخنەش بلیخانۆف جوانی نووسیوە، کەدەبێ هەموو دەقێکی ئەدەبی ڕاڤە بکرێ بۆ هاوکێشە کۆمەڵایەتییەکان ، بەڵام تۆ بیرت نەچێت لایەنە ئیستاتیکەکەشی لەلێکدانەوەدا، بێ بەشی نەکەی، بەڵام خودی بلیخانۆف لە پراتیکدا بە داخەوە لە ماتریالیزمی مێژوویدا نا دیالەکتیکانە پراتیکی کردووە، لەلایەکەوە لەلایەکی تریشەوە لە ڕەخنەکانیدا لایەنی جووانناسی فەرامۆشکردووە کە جێی قەبووڵ نییە، دواتر دەڵێم واقع بوون لە هونەردا، ئەوە ناگەیەنێ تۆ لەکارێکی هونەریدا واقع بەشمولی عەکس بکەیتەوە ، وێنەی مەسیری مێژووی قۆناغێک یان گەلێکی دیاریکراو تەعبیر لێبکەی.چونکە ئەوە کاری فەیلەسوفەکانە ، نەک ئەدیب، بەڵام نەک بەو مانایەی بەناوی هونەر بۆ هونەر تۆ لەکەرامەتی هونەر بدەی ، دواتر گرنگە مەوهیبەی فەلسەفەی ئەدیب لە ئاست ئایدیالەکەی بێ. وە مەوهیبەکەی بۆ پارە لە خزمەتی هەندێ کاری بێ بەهاوە، وە لەدواتردا دەڵێم ئەدەب دژە پێش ئەوەی ئیجاب بێ، دانانی بەهایەکی تر لەسەر زبڵدانی ئەم واقیعە بێئەخلاقە و بێویژدانە.

**بانیژە : نووسەر ئەبێت کێ بێت؟**

بەرزان بابە شێخ( کاوە) : ڕەنگە لە پرسیارەکانی سەرەوەدا وەڵامم دابێتەوە. بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێم ئەندازەی مەوهیبەکەی یان ئایدیالە جوانیناسیەکەی دەبێ لە ئاست ئەندازەی تێڕوانینە فکرییەکانی بێ.دواتر بخوڵقێنێ، نەک لاسایی بکاتەوە، تەنها واقع کۆپی بکات و لەپاڵتۆی ئەوانی ترەوە بار هاتبێ، چونکە گرنگە ئەدیب وەک دژایەتی خوا بێ، لەئافراندن، نووسین شێوەیەکە لە شێوەکانی نوێژ، زمانی بنەرەتی ئەو نوێژەش( پەرستنە) و بەشدارییکردنێکی تووندە لە یەک کاتتدا و، ئافراندنی بەهایەکی ئینسانی ترەو بگەڕێنێتەوە بۆ ئینسان بەقەولی مارکس ئەسڵ ئینسان خۆیەتی، ئینسانێک بکرێ لەغوربەت بەزەهنی خۆی . لە غوربەت بە بەرهەمی دەستەکانی ڕزگاری بێ بگات بەکائینێکی پڕ لە کەینونە، نەک پڕ لە موڵکداری.ئەرکی ئەدیب ئەوەی ڕوو بکاتە ئەو ئینسانەی کەلەهەمووان نامۆتترن کە بەداخەوە ئێستا تاکەکانی کۆمەڵانی خەڵک یانی ئەو نامۆیانە ، لەژیانکردنێکی کۆمەڵایەتی بێ مانادا دەژین، کە هیچ ئافراندنێکیان پێ نییە و بوونە بەتۆزێکی ناڕێکخراو، کە تاک وا خۆی دەبینێ کە بەجێهێڵراوە و گوشەگیر و ئەخلاقی فاسد کراوە، دەی ئەگەر خوێنەریشیان تێدا بێت کە بۆ هەڵدانی ئەدەب وهونەر جەمسەرێکی دووانەی ئافراندنە ، بەس لێرەدا سەبارەت بەژن پێویست دەکا من بووەستم، ئینسان بۆ خۆی کائینێکی کۆمەڵایەتییە، یەک، دوو، ژن هەرچی سۆزی چڕ کراوە هەیە لەودا کۆبۆتەوە، بەوەی کەکائینێکی رووحی و کائینێکی کۆمەڵایەتییە ، ئەرێ ژن نێوەندێکە، بۆ کۆمەڵایەتی بوونەوەی تۆ، دواتر خۆری سۆزت دەداتێ، دواتر کلتووری بە ئینسان بوون بە مەرجێ نەبوویێتن بە جنسێکی تر، دانێک لەوێوە تۆ دەتوانی ئینسانییەتت خۆش بوێ، دانێک باڵت دەداتێ و سەفەری بەتەعالی خۆت لەپانتایی ئەدەب بەبێ هیچ سنوورێک دەستپێبکەی.



بەکورتی ژن نێوەندێکە لە نێو تۆ و دەوروبەرو تۆ ئەوانی تردا بەمەرجێک ئەخسیری دونیای مادییەت نەکا و دواتر بەبێ تابۆ بۆ یەکتر دواتر دەکرێت ئەم بونیادە بۆ پیاو لە نیگای ژندا هەڵگەڕێنینەوە بە مەرجی بووبی بە ئینسان. نازانم کێ وای وتوە کە چارەنووسی ئەدەب وابەستەیە بە ژنەوە، بەئینسان بوونەوە، لەکاتێکدا ئینسان دەبێ بەکاڵا و بەگرێبەست شەرێک بە ژیانت دەبێ، هەرچی کلتووری ژنێتی و ئینسانیە تێیدا نامێنێ، ئیتر ئەدەب بیانووی نامێنێ بۆ نووسین ، یانی ئەدەب بۆ لەمەودوا ڕەنگە بمرێت. دواتر گەر گلەیی لە زەوقی خوێنەری کوردیش بکەین، بەوەی تەنها بە ئیحساسی شەهوەت واداره، هەروەها دەکرێ گلەیی لە هونەرمەندایش بکرێ، بەوەی ناتوانن، ئافراندن لە وێنەدا بکەن، چونکە هونەر بەدەر لە ئەدەواتەکانی، وێنە یەکێکە لەهەرە ئەدەواتی ئەو، ئیتر چ کلاسیک بێ، یان نوێ، کە دەبێ جەوهەرێکی هونەری لە خۆ بگرێ. کە ئاوەز پەی پێدەبا و خەیاڵ دەیکێشێ، یانی کەشفی حەقیقەتەکە تێک دەکا، حەقیقەتێک، کەنموونەیی بی لەئافراندنی کەسایەتی، دواتر وێنەی خوڵقێنەر، وایتر دەبێ بە ئەدەبێکی داوەشاو، چونکە تواوەتەوە لە حەزی سۆزداری خۆی، لەکاتێکدا ئەدەب ئەوەی لەنووسەر دەوێ بۆ ئەوەی کارەکەی شاکار بێ، ئەوانە نمایش دەکات کە نەبینراون لەوێنەیەکی نوێدا، سەرسوڕهێنەرێک بار دەهێنێ واوەتر لە دابینکردنی بایۆلۆژی.

**بانیژە: زۆر سوپاس کاوە گیان**

بەرزان بابە شێخ( کاوە): سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە، ڕێگاتان پڕ ڕێبوار بێت.

# نامۆ بوون..بەشت بوون

نووسینی : بەرزان بابە شێخ

٢٠٢٣/٧/٨ ، سلێمانی

کرێکار ڕەنگدانەوەیەکی"زاتی" یە لە واقعێک کەسەرمایەداری ئینسانێکە خۆی بەتەواوی خەسار کردووە. هەروەک ئەوەی " سەرمایەداری"ڕەنگدانەوەی " بابەتی" یە بۆ واقعێک کە "کرێکار"، کەسێکە کە خۆی خەسار کردبێ، بەڵام نیگەرانی " کرێکار" لەوەدایە کە سەرمایەداری زیندووە.( کارل مارکس)

ئەم چەمکە گەر روونی نەکەینەوە لەبەکارهێنانیدا، زۆر کەس بە هەڵە لێی حاڵی دەبێ، وەک ئەوەی بڵێی" دەربەدەر" لە کوردیدا، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم چەمکە واتایەکی دەروونی و واتاییەکی مادّیانەی هەیە.

وەک دەروونی یەکە؛ یانی تۆ فکرکردنەوەت دابێتە دەست کەسێکی تر لەبری تۆ بیر بکاتەوە، وە بۆ خۆت بەتاڵ، وەک ئەوەی ئێستا ئێمە لەبری ئەوەی خۆمان بیر لە ئایندەمان بکەینەوە ، خودا لە بری ئێمە بڕیار دەدا، یان نماندەیەک تۆ دەنگی پێ ئەدەی لە دەورانی پەرلەمانێکدا، لەتێکرای ئەو دوو بارەدا یانی ، تۆ تەنها وەک شتێک مابێتیتەوە لەبری تۆ ئەوان وەک " ئالەتێک" چاوت لێ دەکەن ، کە زۆر نموونەی تر هەیە . وەک ئەوەی لە عشق، و لە پەرستنی سەرکردەکاندا ئەم حاڵەتە دووبارە ئەبێتەوە. " ئەویتر" ژیانی دەدەیتێ، بەڵام ژیانکردن لە خۆت وەردەگریتەوە.

دواتر وەک لایەنە " ماددیە"کەش، کار چالاکیەکی ئینسانیە، وەک بینین، بۆنکردن و تامکردن، کارێک خۆت بەرهەم هێنانەوەی خۆت و هێنانی بەرهەمی تر بۆ مانەوەت. وەک ئاسودەییەک بۆ خۆت دەگەڵ ئەوانی تردا ئەنجامی دەدەی ، ئەنجامێک بۆ خۆ بەرهەمهێنانەوەو ژیانکردن بێت، هیچی تر نا، بەڵام کەسێک تۆ " بەکرێ بگرێ"، وە بەرهەمەکەت بۆ خۆی بەرێ وبۆقازانج کارت پێ بکات، یان خۆت بیفرۆشیتەوە، لەهەردوو بارەکەدا بۆ ژیانکردنی خۆت نەبێ و بڕۆی بیفرۆشیتەوە، یانی تۆ نامۆی، گەر ئەم دووبارە ئامێتە بکەین، دەکرێ بڵێین ئینسان هەم نامۆیە بە"دەست ڕەنجی" خۆی، هەم نامۆیە بە " زەهنی" خۆی. لەم بارە نائینسانییەدا، ئینسان هەست بەکەمی خۆی و هەست بەڕارایی دەکا، بەتێکدانی ئەم سیستەمە کەلەفۆرمی سەرمایەداری، کاری بەکرێ زێدەبایی خۆ دەنوێنێ، یانی خۆت بیر بکەیتەوە یانی بەرهەمی دەست ڕەنجی خۆت بۆ خۆت بێ، لە فۆرمێکی سوشیالیزم وکۆمۆنستیدا. نەڕەخنە گرتنی تۆ بەدین لە نامۆی دەرت دەکات نەکردنی وەسیلەکانی بەرهەمهێنان بە کۆمەڵایەتی گەر ئەو مەرجەی دەرهێنانی تۆی لە نامۆ بوون بە پێش مەرج نەزانێ

درۆ، تاوانکردن، ڕووخاندن، ماسکەکان ..هتد جۆرێکی ترن لە نامۆ، بەداخەوە هەندێ کەس بۆ دەرچوون لەم نامۆ بوونە دەست بۆ ڕووخاندنی خۆی دەبات، بە شەهوەت بازی، بەخواردنەوەی کهول، خوێندنەوەی زۆری کتێب، یان ئافراندنی هونەر بۆ هونەر، کە جیا لەچارەسەرکردنی دەردی نامۆی هەر مادەی خامی نامۆی نەبێ هیچی تر نییە، دواتر وەک تەسەوف بوون.

تێبینی : بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە.

١-ئیرک فروم. مفهوم انسان عند المارکس
٢- کارل مارکس، مساهمة فی نقد الاقتصاد السیاسی
٣- فالح عبدلجبار/الاسلاب

ڕەوت البديل OCAI
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

## دیدارێکی کورت لەگەڵ

# جەلال قادر، نووسەری ئەدەبی گێڕانەوە

سازدانی : بانیژەی ئەدەب و کلتوور

جەلال قادر سالانێکە خەریکی نووسینە و تا ئێستا ژمارەیەک ڕۆمان و چیرۆک و تەنزی نووسیوە و بلاوکردۆتەوە. بەرهەمەکانی کاک جەلال قادر نەک هەر نامۆ نین بە واقیعی کۆمەڵگەی کوردی، بەڵکو لەهەناوی ئەو واقیعەوە لەدایکبوونە و ئینتمایان بۆ ئەو واقیعە هەیە. ڕۆژنامەی ڕەوت بۆ ئەوەی خوێنەران لە نزیکەوە ئاگاداری بۆچوون و تێڕوانینی کاک جەلال قادر بن، ئەم دیدارەی بە پێویست زانی.

<u>بانیژەی ئەدەب و کلتوور : کاک جەلال گیان سەرەتا زۆر سوپاست ئەکەم بۆ قبووڵکردنی ئەم دیدارە. دەمەوێت بپرسم تۆ ڕۆمان و کورتەچیرۆک و تەنز دەنووسیت. خۆت لە کامیان زیاتر دەبینیتەوە و بۆچی؟</u>

جەلال قادر : پتر خۆم لە ژانری (کورتەچیرۆک) دەبینمەوە. ئەگەرچی سەرەتا بە نووسینی ڕۆمانی (فەرهود) هاتمە ناو دونیای ئەدەبیات، بەم دواییەش ڕووم لە تەنز نووسین کرد. بۆ ئەم تێکەڵ بوونە ڕوونکردنەوەیەک دەدەم، ئەویش ئەوەیە : کە چ ڕۆمان ، چ چیرۆکنووسین بەشێکن لە تەنز. بۆ نموونە : ڕۆژێکیان لەگەڵ منداڵەکانم لە گەشتێکدا ڕێمان ونکرد. نزیک بە چەمێک ئۆتۆمبیلەکەم ڕاگرت، کیسەڵێکی بچکۆلانەم بینی بەناو قوروگیا بە وردی ڕێ دەکات ڕوو لە ڕووبارەکە. منیش بەناخێری گیانم کیسەڵەکەم هەڵگرت و پیشانی منداڵەکانمدا و پێمگوتن: ئەم کیسەڵە دەیەوێت بگەتە ناو ئاوی ڕووبارەکە. بە شادییەوە ڕێگەکەم بۆ کورتکردەوە و لە قەراخ ڕووبارەکە دامنا، پاش دوو سێ هەنگاو کیسەڵەکە خۆی نووقمی ئاوەکە کرد. کەچی تا ئێستا لە یادەوەریم ماوە وپەشیمانم، دەبوایە لێگەڕامایە کیسەڵەکە بە وردە هەنگاوەکانی بە ئەنجامەکانی بگات. مەبەستم ئەوەیە ڕۆمان نووسین سەبری کیسەڵەکە، واتە تەنزنووس، شاعریش نایانەوێت لەو قاوغەی خۆیان بمێننەوە، بەڵام لەو ژانرەش جوانتر بە بڕوای من کورتەچیرۆک نووسینە، هەروەک کرمێکی ئاوریشم چرکەچرکە دەژمێرێت بە ماوەیەکی کورت دەبێتە جوانترین پەپوولە

<u>بانیژەی ئەدەب و کلتوور : ڕۆمان ژانری سەردەم و ژانری بەرەوپێشچوونی گەشەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە، ئایا ڕۆمانی کوردی توانیویەتی گوزارشت بێت لە واقیعییەتی کۆمەڵگەی عێراق و کوردستان؟</u>

جەلال قادر : لە سەرەتای سالانی چڵ و پەنجاکان ژانری چیرۆکنووسین لە کوردستان هاتە ئاراوەو لە ڕۆژنامەکان دەخوێندرانەوە، ڕەنگبێت هۆکاری سەرەکی ئەم دەستپێکە نەخوێندەواری کۆمەڵگە بێت. تا سالانی هەفتاکان کە بەسەردەمی نوێگەری ناودەنێم (ڕووانگە) ئەویش بەڕێگەی یاخیبوونی شاعیرە ناودارەکان بووە، شیعرنووسین ئاراستەیەکی نوێ و پێشکەوتنێکی بەخۆوە بینی، ئەمیش بۆیە هۆکارێک کە نووسەران ڕوو لە ڕۆماننووسین بکەن بە شێوازێکی جیاواز لە پێشوو. ئەم پێشەکی و وتەیەم بەشێکە لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکەت، دەتوانم بڵێم بە خوێندنەوەی من ڕۆمان و ئەدەبیاتی نووسەرانی عێراق بەڵێ گووزارشت لە کۆمەڵگەی عێراق دەکات، کوردستانی باشوور ڕۆمانی جوانمان هەیە لەپاش سالی دووهەزار بەڵام بەگشتی نەکەوتوونەتە بەر دیدی ڕەخنەگرانەوە. هەروەها لەم بارووودۆخە ئێستادا کومەڵگەی عێراق، نووسەر و شاعیر و خوێنەرەکانی پەرتەوازە بوونە، واقیعەتێکی شێواوی هەیە.



<u>بانیژەی ئەدەب و کلتوور : هونەری تەنز، نارێکی و نابەرابەری لە مەیدانە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ژیان بە شێوەی گاڵتە نمایش دەکات. تۆ دەتەوێت لەڕێگەی هونەری تەنزەوە دەتەوێت چی بە خەڵکی هەژار بڵێیت؟</u>

جەلال قادر :خەڵکی هەژار، واتە خەڵکی داماو بەدەستی زەحمەتی ژیان، نان پەیدا کردن،لەم نایەکسانی ژیانە من دەتوانم چ بنووسم جگە لە بەرچاو ڕووکردنەوەیەک کە ڕێگەیەک پیشاندەم بۆ هەڵهاتن لەو نەهامەتییەی تێیداکەوتوون. سەفەریش بەم ڕێگەیە پێویستی بە متمانە هەیە، چونکە سیاسییەکان ڕێگەکانیان بە تەڵە چنییەوە و لەم ڕۆژگارە مرۆڤیان بێئومێد کردووە، هونەری تەنز لەوانەیە پەنجەرەیەک بێت بۆ خەڵکی هەژار تا دیالۆگ دەستپێبکەن . هەرچەندە خۆم لەم بوارە تەمەڵم.

<u>بانیژەی ئەدەب و کلتوور : ئێمە لە سێ دەیەی ڕابردوودا شاهێدی گەشەی ژانری ڕۆمانین لە ئەدەبی کوردیدا، بەڵام کورتەچیرۆک پاشەکشەی کردووە یان بڵێین کەمتر دەستی بۆ دەبردرێت. تۆ هۆی ئەمە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟</u>

جەلال قادر : هونەری کورتەچیرۆک پاشەکشەی نەکردووە، بەڵکوو کەمتر دەخوێندرێتەوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە لە عەقلییەتی هەندێک لە خوێنەرو نووسەر وایە ئەگەر ڕۆمانێک بە چاپ بگەیێنیت و بلاوی بکەیتەوە خێراتر ناودار دەبیت، لەوانەیە وابێت، بەڵام لەناوەرۆکدا نووسەرەکان چاک دەزانن کە ژانری کورتەچیرۆک گرنگەو بەشێکی نەبڕاوەیە لە ڕۆمان. ڕۆمان دەکرێت فێری زمانمان بکات، بەشێکی فراوانی گۆڕەپانەکانی جەنگمان بۆ بگرێتەوە، بەڵام کورتەچیرۆک پێماندەڵێت بۆردوومان بەردەوامە یان ڕاوەستاوە، ڕێگەی قاچاخت بۆ دەدۆزێتەوە بۆئەوەی هەڵبێیت و یاخی بیت.

<u>بانیژەی ئەدەب و کلتوور : ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی ئەدەب بریتییە لە پەیامی چینایەتی نووسەر. پەیامی تۆ وەک نووسەرێک لەم کۆمەڵگە شێواوە و نارێک و پڕ لە ستەمە بۆ خوێنەران و خەڵکی بەشمەینەتی کوردستان چییە؟</u>

جەلال قادر :پەیامم، خوێندنەوەیە، ئەوەی سالانی حەفتا و هەشتاکان بە خوێندنەوە شێوازی شۆڕش و بزووتنەوەی کوردایەتییان گۆڕی. ئێستا سەردەمی بازرگانە سەرمایەدارەکانە بۆ دەرباز لەم قەیرانە وشیاری کۆمەڵگەیە، ڕزگاربوونە لەدەستی خێڵ و هۆزو داب و نەریتی کۆن، بە بیروباوەڕە ئایینیەکانەوە وەک دەبینین ئێستا لە باشوور لە ئەنجامی بێکاری گوێ لە مەلا دەگرن نەک لە خوا.

<u>بانیژەی ئەدەب و کلتوور: تۆ سەربارى نووسینی ئەدەبی گێڕانەوە، جارجارەش شیعر دەنووسیت، چ وات لێدەکات دەست بۆ شیعر بەریت؟</u>

جەلال قادر :من شیعر دەنووسم؟ سوپاس، قەد هەستم نەکردووە شاعیرم. بمبوورە، ئەگەر جارجار شیعر دەنووسم، ڕاستی بۆ خۆمی دەنووسم، بۆئەوەی هەست بە بوونم بکەم. ئەوەی پێشی خۆشبوو بۆ ئەوی دەنووسم، دڵنیاشم ئەویش پێی خۆشە بۆیە بۆی دەنووسم. دەی دواجار کەمردم کەسێک هەیە یادم بکات و بە ئەمری لە دڵی بمێنمەوە.

ماوەتەوە بڵێم جەلال قادر لە سالی١٩٦٤ لە شاری کەرکووک لەدایک بووە. لە سەرەتای نەوەتەکانەوە دەستی بە نووسین کردووە و یەکەم ڕۆمانی بەناوی (فەرهوود) لەسەر ئەرکی یەکێتیی نووسەرانی کەرکووک چاپکراوە. هەروەها نۆڤلێتی (سەردەمی گەمژەکان) و کۆمەڵە چیرۆکی (جوانترین چیرۆک) و کۆمەڵە چیرۆکی (پشیلەکەی بریژێت) و دوو کتێبی تەنز ( بەسەرهاتەکانی شوفێری تەکسی) و ( تەنزی گەزۆی سلێمانی) نۆڤلێتێکیشی بەناوی (کەژاڵ). بیرەوەری کچێک لە هەندەران، بلاوکردۆتەوە.

## تەنزی تەکسی

من وەک شوفێرێکی تەکسی هەمیشە لەوەدەترسێم موسافرێک لێمبپرسێت خەلکی کوێت؟ پاشان وەڵامەکەمی بەدڵ نەبێت. بۆ نموونە ڕۆژێکیان موسافرێکم لە سەنتەری شاری (ئۆتاوا) هەڵگرت، کە ئەویش بە ڕووخسار خەلکی خۆهەلات بوو. لەنیوەی ڕێگە ئەو پرسیارە دووبارەیەی لێکردم :

وتم : من سی ساڵە لەکەنەدام و کەنەدییم.

+ بەڕەگەز خەڵکی کوێت؟

_ کوردم، خەڵکی کوردستانی عێراقم.

کەمێک ڕووخساری بەیەک دادەو وتی : عێراقم بیستووە، بەڵام کوردستانم نەبیستووە و شتی وانییە!

بە بزەخەندەیەکەوە وتم : خۆ مەرج نییە ، شتێک، شوێنێک تۆ نەتبیستبێت و نەبێت.

## کورتە چیرۆک

# نەفرەت



نووسینی : عەدنان محەمەد

بەڕێوەبەرایەتی کەش وهەوا لە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی هۆشداریدا، داوای خۆپاراستن وخۆبەدوور گرتنی کرد، لەهاولاتیان ، ئەگەر کاری زۆر پێویست نەبێت نەچنە دەرەوە. بەردەم بانکەکە بەناپۆرایەکی گەورەو ڕیزێکی دووردرێژ گیرا بوو کە سەری ئەو سەری ڕیزەکە دیار نەبوو، ئەو ڕۆژە مووچەی مامۆستایانی خانەنشین دەدرا.

لە ڕۆژێکی وادا ئەستەمە خۆڕاگری لەبەر تیشکی ئەو خۆرە، بەخاتری چنگێ پارەی خانەنشینی بەرگە بگری. ئاوی سارد، بەفراوی سارد، منالانی عەرەبی ناوەڕاست وخوارووی عێراق هاواری ئاویان دەکرد، لەبەر تیشکی ئەو خۆرەدا ڕەش داگیرسابوون ، منداڵێکی ئاوفرۆش، زانی مامۆستایان چاو دەگێڕن بۆ سێبەر ، بلەز ڕایکرد بۆ بەردەم مارکێتەکە سێ- چوار کارتۆنی گەورەی هێنا و پارچەپارچەی کردن ودەیفرۆشتن: قەرەباڵغی لەدەورەی منداڵەکە بووە هۆی تێکچوونی ڕیزەکە " ئا من لەدواوەی تۆ بووم، کوڕە بابە پێشم مەکەوە، برا ئەوە کاک فلان کەس ئەزانێ من لەویا بووم" ڕیزەکە تێکچوو و دەنگە دەنگ بەرزبوونەوە و زیادی کرد، ئەمجارە ڕیزەکە گۆڕاو هەر مامۆستایەک بە خۆیی و پارچە مقابای سەرییەوە دەرکەوت. پیرێک تەواو ماندوو بوو هاواری لێ هەستا و گوتی فریام کەون، خێرا بردییانە پێشەوە لە دەمی دەرگای بانکەکە بێهۆش کەوت. داوای ئەمبولانس کرا. پاش ( ٢٠ خولەک) گەیشت، پێئەچێ ژیانی تەواو بووبێ !

کرا بە مقۆ مقۆ ودەنگ بەرز بووەوە. مامۆستاکە بێئاگا لەناو ئاپۆڕایەدا، گەڕابووەوە ناو خەیالاتی ڕابردووی پڕ ئومێدی، بەیەکێک لە قوتابییەکانی گوت: هەستە باسی نیشتمانم بۆ بکە، ئادەی تۆ ! ئازادی چییە ؟ دەی هەستە.

قوربانی بۆ نیشتمان ئەرکی سەر شانمانە؟

قوتابییەک: مامۆستا ئێمە خانوومان نییە، باوکم هەژارە." دانیشە زمان درێژی ! بوو بەهاوار ، مامۆستا بجووڵێ ، ڕیزەکە بەهۆی بەڕێزتانەوە جوڵەی لێبڕاوە" . ئاوڕێکی پاش وپێشی دایەوە و چاوەکانی قەتیس ببوون لە فرمێسکا، چیمان کرد و چیمان چنییەوە، نەفرەت لەو ڕۆژگارە.

# لە پەراوێزی بێدەنگیمەوە

شیعری : نالە حەسەن



من دکتۆرێکی زانکۆ دەناسم
ڕووبار دەکا بە شوناسی خۆی
بەڵام لە هەموو شتێک دەچێ
لە ناو نەبێ
لە جیاتی بابەتی ئەدەبی و مەعریفی
هەندێجار پۆستەکانی تیکتۆک
لە ئەکاونتەکەی خۆی پۆست دەکا


سیاسییەکی بازرگانیش دەناسم
لە جیاتی پێڵاوی لاستیک
ئێستا دەتوانێ
ڕانک و چۆغە و کڵاشی زێڕ لەبەر بکا
یان دەتوانێ
بە ڕەوە تاژییەکی زێڕینیش
لەسەر دوورترین ئەستێرە
ڕاوی مامز و کەروێشکان بکا

شیعرنووس و ڕەخنەگرێکیش دەناسم
بە بارانی شیعرە سادەکانی و
بە ڕەهێڵەی ڕەخنە بێناوەڕۆکەکانی
تۆزی سەر کۆشک و باڵەخانەکانی دەسەڵات
دەشواتەوە و لەسەر دیوارەکانیش
وێنەی چەمانەوەی خۆی ڕەسم دەکا

منیش لە کەناری بێدەنگیمەوە
کە پڕاوپڕم لە خەیاڵە نەرمەکانی نائومێدی
هیچ قسەیەکم پێ نییە بۆ گوتن
تەنها هێندە نەبێ و دەڵێم
چ زبڵدانێک و چ وێرانەیەکی نەی نیشتیمان !..

# دەڕۆیت !!

تاڤگە سابیر



دەڕۆیت و غەمی درختکێت پێ نیە
دەڕۆیت خەونی عاشقێکت لەبەر نیە
دەڕۆیت و غەمی بۆ مەرگی گوڵەکەنم و کوژانەوەی چرا ناخۆیت
تاریکترین سەفەرو ڤێلاویترین ڕێگا
چ خوا حافیزیەکە دۆزەخی؟
بە پێڵاوی ئاوییەوە بیابان ناناسیت
بەوجەستە گوناهبارەوە پەنجەرە نیە بۆ سەعادەت
ئەزەردە خەنەی لێڵ باخچە ئاوەدان دەکاتەوە
نە خەیاڵی شەیتانی
ئەمێد لەو کۆشکەدانیە عەتامێکە خەیاڵە کانی تۆی بردووە
بەر لەوەی بڕۆی... ئەم ماڵە پایزییە بڕوخێنی
ئەم دنیایەم بۆ گەورەکە .. ئەم ڕۆبەرە بچوکەی زیندەگی فراوانکە
تا جێگەی خەیاڵەکانی منی تیا بێتەوە
ئەم ئاسمانە داخراوانە هەڵگرە
پەنجەرەیەکی دی لە خەونەکانم بکەرەوە
ڕۆژێک من تۆ سوێندمان بەئاو خوارد
بۆ سێبەرەکانی ئومێدو خانوەکەی دارستان نەبێت
هەرگیز بە تەنیا سەفەر نەکەیت
بەیانیەک بە نوری چاوی یەکتر دەست نوێژمان گرت و سوێندمان خوارد
ئەگەر کەشتیەک بەبێت تا ئەو دیووی شیعر بمانبات
هەرگیز کەسمان سەفەر نەکات
من ماڵێکم هەبوو بۆ ئازادی
کانیەکم تەقیبوو بۆ زیندەگی
خەیاڵێکم هەبوو ڕەنگاو ڕەنگ وەک ئازناز
ئەستێرەیەک شەوانە دەهاتە سەر درەختە جوانەکەم
هێندەی خەیاکەکانی تۆ گەڵای پێوەبوو
ماسیەکی جوانی هەمیشەیی لە گۆمی خۆشەویستما مەلەی دەکرد
ئەوشەکەم ڕازاوە بوو بە ئومێد
دەڕۆیت و... فێرم کە
بیر لەم یاریگا بێ خاوەنە نەکەمەوە
بیر لە خەیاڵی وەستاوی ئەم باخچە چکولانە نەکەمەوە
بیر لە وەرینی گەڵاو خەونی پیاو نەکەمەوە
فێرم کە ... بیر لە شکاندنی پەنجەرەکەم نەکەمەوە
درۆ لەگەڵ ئەو پیاونەدا نەکەم
حەز دەکەن بچنە بەر باران و تەنها شەوێک ئاسودە بن
فێرم کە ... ئاینـدە بێنمە ژێر چەترەکەمەوەو بە ڕابردووم بڵێم
تۆ تەنیا ترین دارستان بوی
سەوزایت لەبەت نەکرد
جارێک بەهار بەلای گەڵایەکتدا تێنەپەری
فێرم کە...
بە چ زمانێک بە کۆترەکانی منالیم بڵێم ؟
ڕازی نەبن بە گومەزێک یاریەکانمان نەداتەوە
ڕازی نەبن بە منارەیەک
گەنجیەتی ڕاهیبە پیرەکان نەبەخشێتەوە بە عومرێکی بێ گوناهتر
فێرم کە ... کوتایی عەشق کامەیەو
جیهان چەند چرکەی ماوە بۆ تەواو بوون
پێم بڵێ خۆم بۆ چ سێبەرێک هەڵگرم؟
لەگەڵ چ ڕۆح لەبەرێکدا سەفەر بکەم؟

# گرێژنە

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ) دەینووسێت



## ئەدەب و ئازادی

لە پانتایی ئەدەبدا؛ هەردوو چەمکی ئەدەب و ئازادی لە لێکهەڵپیکرانێکی چڕ و تێکچڕژاودان. ڕۆشنبیران و نووسەران و ئەدیبان بەپێی بەرژەوەندییە چینایەتیەکانیان هەم پێناسە و هەم پەیوەندی ئەم دوو چەپکە دیاری دەکەن. بەهای سیاسی ئازادی زۆرترین پەیوەندی بە ئەدەبەوە هەیە. بەرهەمی داهێنەرانەی نووسەران و ئەدیبانی پرۆلیتاریا، بەرهەمی پرۆسەیەکن لە بیرکردنەوەی ئازادانە. ئەگەر پەیامی ئەدەب وەستانەوە بێت بەڕووی ناشیرینی و شەڕانگێزییەکانی ژیان، ئەوا وزە شاراوەکانی ناو دەقی ئەدەبی دەتوانێت پانتایی ئازادی نووسەر هەروەها ئازادی و تەنانەت جوانی دەقیش بپارێزێت. ئاشکراشە ئەدەب جگە لە پەیوەندییە ناوەکییەکانی خۆی، بەکۆمەڵی پەیوەندی دەرەکیش دەورە دراوە. ئازادی بۆ ئەدەب بەمانای ئازادبوونی دەق نییە لە پەیامی کۆمەڵایەتی. ئازادی نووسەر و ئەدیبیش بەمانای ئازادبوون نییە لە شێواندنی ناوەڕۆک و پەیامی سیاسی و چینایەتی. لەمێژووی تا ئێستای تۆمارکراوی ئەدەب؛ ئازادی هەمیشە لە هەر دەق و نووسراوێکدا کە ڕوو بە جەماوەری ستەمدیدە بێت، ئامادەیی هەبووە. بەڵام تێڕوانینە چینایەتییەکانی نووسەر؛ جۆری ئازادییەکە و پەیامی دەقەکە دەستنیشان دەکەن. بۆیە بێهۆ نییە نەیارانی شۆڕشی سۆشیالیستیی پرۆلیتاریا پێیان وایە لایەنگیری سیاسی چینایەتی دەق بۆ ململانێی کۆمەڵایەتی و چینایەتی کۆمەڵگەی سەرمایەداری دەبێتە هۆی بەرتەسکبوونەوەی ئازادی نووسەر و تەنانەت ڕێکخراوبوونی نووسەران و ئەدیبانی شۆڕشگێڕ و پرۆلیتاریی بە لەمپەر دەبینن لەبەردەم پرۆسەی داهێنانی دەقی ئەدەبی. باس کردن لە ئازادی بە بێ پێداگری لەسەر شوناسی چینایەتی نووسین و دەق، ناتوانێت هەنگاوێک لە لیبراڵیزمی بۆرژوازی واوەتر بڕوات. هێنانە پێشەوەی ئەدەبی پابەند و ناپابەند و هونەری ئازاد و نائازاد جگە لە دووبارەکردنەوەی حیکایەتی مێشێی لیبرالیزم هیچیتر نییە. لە دنیای واقیعدا شتێک نییە ناوی هونەری دەوڵەت بێت، وەک ئەوەی لیبرالێزم و نوێنەرەکانیان بانگەشەی بۆ دەکەن. ئەدەبی دەوڵەتی بوونی نییە، بەڵکوو هونەر و ئەدەبی چینایەتی هەیە. کۆمەڵگەی ئەمرۆ؛ کۆمەڵگەی سەرمایەدارییە لە دوو چین پێکهاتووە و ململانێی نێوان ئەم دوو چینە مۆرکی خۆی لەهەموو دیاردە و ژیان و کۆمەڵگە دەدات. پرۆلیاریا و بۆرژوازی ئەو دوو چینەن کە لەم سیستەمە چینایەتییەی ئەمڕۆدا لە جەنگێکی چینایەتی مەزندان. هەر چینێکیش خاوەن ئامانج و بەرژەوەندی و سەنگەر و ئامرازی جەنگی چینایەتی خۆیەتی. بۆ کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدە؛ هونەری پرۆلیتاری، ئامرازی خەباتی چینایەتییە، هونەری جەنگ و جوانی و ئینسانییەتە. باوەڕ نەکردن بە هونەری پرۆلیتاری و مولتەزیم یان پابەند بە جیهەتگیریی پرۆلیتاریی، پشتیوانی کردنە لە هونەر و ئەدەبی کۆنەخواز کە ئەویش هونەری بۆرژوازییە. بڕوابوون بە ئەدەبی پرۆلیتاریا هەرگیز بەمانای قەتیسبوونی ئازادی نییە. بۆیە تا گاپی نێوان نووسەر و ئەدیب و خەباتی پرۆلیتاریا کەمتر و بچووکتر بێتەوە، پانتایی ئازادی نووسەر فراوانتر دەبێتەوە و داهێنانیش بالاتر و بالاتر دەبێت.

ڕەوت
ڕۆژنامەیەکی سیاسیە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق دەریدەکات

# نمایشی تۆ مەچۆ بۆ شەڕ لە شیعرەوە بۆ شانۆ

نووسینی : ڕزگار حەمە ڕەشید

## مێینە

ئێمەی بینەر خۆمان لە بەرامبەر گوتارێکی نمایشدا دەبینینەوە کە شەڕەکان لە گەمژەیی و دڕندەیی و بێباکیی پیاوەکان بار دەکات و مێینەکانیش بە چەندین شێوە وەک قوربانیی پیشان دەدات، جەنگیش وەک مەکینەیەک بەیان دەکات کە بۆ هاڕینی پەیوەندییەکان و بەهاکان و شکۆ و سەربەخۆیی و ئازادیەکان هەڵدەگیرسێت.تەنیا مێینەیەک بتوانێت بڕیارێکی ئازادانە بدات لە نمایشەکەدا، کارەکتەری دایکە ڕەشپۆشەکەیە. لە پاش دڵنیا بوون لەوەی ئەو پیاوە دڕندەیەی لە ماڵەکەیدایە، هەمیشە دەچێتە شەڕەکانەوە و هەمیشە دەکوژرێت و زیندوو دەبێتەوە و دەچێتە شەڕێکی ترەوە؛ ئیتر دڵنیا دەبێت لەوەی هەمیشە دەبێت لە تەنیشت دڕندەیەکەوە ڕۆژ بکاتەوە. بۆیە لە کۆتاییدا بڕیاری ئازایانەی خۆی دەدات، ماڵەکە بەجێ دەهێڵێت و بەدوای خۆیدا وێرانەیەکی تەواو بەجێ دەهێڵێت. بەڵام ئەم بەجێهێشتنە، وەک ساتەکانی تری نمایش، مێینە هیچ کاریگەرییەک بەجێ ناهێڵێت، مێینە ڕۆڵێکی پاسیڤی هەیە لە ڕووداوەکانی جەنگ دا.

ئەمە گۆشەنیگایەکی باوە و زۆرجار هەموان کۆکن لەسەر ئەوەی کە مێ کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکان و بەتایبەتی جەنگ نییە.

بەڵام لە جەنگدا ژنانیش کاردانەوەیان بەرامبەر بە دەرئەنجامەکان هەیە. یەکێک لەو ململانێیانەی فەمینیستەکان لە دوای جەنگە جیهانییەکان لە ئەورووپا و ئەمریکا ڕووبەڕووی بوونەوە بریتی بوو لەوەی، لە ماوەی جەنگدا پیاوەکان دەچوون بۆ شەڕ و کارەکانیان بەجێ دەهێشت، خاوەن کارەکان و دەوڵەتیش شوێنی ئەو پیاوانەیان بە ژنان پڕ دەکردەوە. کە جەنگیش تەواو دەبوو، ژنەکانیان دەناردەوە ماڵەوە و کارەکانیان دەگەڕاندەوە بۆ پیاوان. فەمینیستەکان نەیانتوانی چیتر ئەوە قبووڵ بکەن و فشارێکی زۆریان دروست کرد تا کەمێک هاوسەنگیی جەندەریی بسەپێنن. لەم بارەیەوە ماردین لە شیعرەکەدا دەڵێت:

(باسی ئەو تفانە ناکەین کە بە تەوێڵی ژنەکانەوەن

وەک سەگی قوڕاوی دەگەڕێینەوە

وەک داڵە کەرخۆرە ئێوارەی گەڕەک پڕ دەکەین لە شوومی)

بەڵام ئەوەی وەک ڕۆڵی ژنان لەم نمایشەدا دەیبینین ئەوەیە ژنەکان هیچیان پێ ناکرێت، تەنیا دەپاڕێنەوە و داوا لە پیاوەکان دەکەن نەچن بۆ شەڕ، تەنانەت ڕایەکیشیان دەربارەی خودی جەنگەکان نییە، جەنگەکان ڕەت ناکەنەوە، تەنیا داوا لە کوڕ و برا و مێردەکانیان دەکەن لای ئەمان بمێننەوە و نەچن بۆ شەڕ.

فەمینیستەکان هەوڵدەدەن چەقبەستوویی چەمکی "ژن وەک قوربانی" تێکبشکێنن و ئەو ڕۆڵە فرە ئاڵۆز و ناکۆکانە بخەنە ڕوو کە ژنان لە جەنگدا دەیگێڕن وەک: شەڕڤان، کرێکار، سەرکردەی کۆمەڵگا، چالاکوانی ڕزگاریخواز، کارمەندی تەندروستی و تەنانەت سیخوڕیش و زۆر ڕۆڵی گرنگی تریش کە وا دەکات بەو تێڕوانینەدا بچینەوە کە ژنان وەک ناکارایەکی پاسیڤ باس دەکات و هەموو ڕۆڵە کاریگەرەکانی لێ دادەماڵێت. لە نمایشەکەدا بە زەقی بەر ئەو دیدگایە دەکەوین. تەنانەت لە قورسترین ڕووبەڕوو بوونەوەشدا کە دایکەکە بڕیاری ڕۆیشتن دەدات، وەک نورای ئەپسن لە شانۆنامەی "ماڵی بووکوشووشە"دا بە هێزێکی ژنانەی گەورەوە ناڕواتە دەرەوە، بەڵکو بە لەتە بەلەمێکەوە وەک نیوەی کۆمەڵگا سەری خۆی هەڵدەگرێت و هیچ کردارێکی چاوەڕێکراو لەدوای خۆی بەجێ ناهێڵێت، وە ڕۆشتنەکەشی جگە لە وێرانییەکی زیاتر، هیچ کاریگەرییەک لەسەر شێوەژیانی خێزان و کۆمەڵگە و ڕۆڵی ژنان و جەنگ و هیچ شتێک بەجێ ناهێڵێت.

بۆ ئەوەی ئەم ئاراستەی ئیشکردنانە لەیەکتر جیا بکەینەوە، هەوڵدەدەم خوێندنەوەکانی خۆم لە سێ هێڵی سەرەکیی چیرۆک و سێ قۆناغی زەمەنی نمایشەکەدا دەستنیشان بکەم.

ئەم نمایشە بەسەر سێ هێڵی سەرەکیی چیرۆکدا دابەش بووە، ئەو سێ هێڵە باڵیان بەسەر هەر سێ قۆناغەکەی نمایشەکەدا کێشاوە.

قۆناغی یەکەم کاتی شەڕ کە هەموو ئەکتەرەکان تێیدا بەشدارن.

قۆناغی دووەم قۆناغی گەڕانەوەی کوژراوی شەڕەکانە بۆ ئەو کۆمەڵگایەی هەموو پیاوەکانی چوون بۆ شەڕ، ژنەکان چەندین گوڵدان لە پێشی شانۆکەدا بە هێڵێکی ڕاست دادەنێن.

قۆناغی سێیەمیش گەڕانەوەی پیاوەکان و دڵنیا بوونی دایکە ڕەشپۆشەکەیە لەوەی کە باوک واز لە پیلانی شەڕەکانی ناهێنێت، هەر دەکوژرێت و جارێکیتر بە شێوەیەکی دڕندانەتر دەچێتەوە مەیدانی جەنگ، بۆیە بڕیار دەدات سەری خۆی هەڵبگرێت و دوای خۆشی وێرانەیەک بەجێ دەمێنێت، فەوزا و ئاژاوەگێڕییەکی بێکۆتا.

سێ هێڵە سەرەکییەکەی چیرۆکەکانیش:

١| هێڵی شیعرەکان وەک خۆیان، لە شێوەی خوێندنەوەیەکی بەردەوامدا لە سەرەتای نمایشەکەوە تا کۆتایی.

٢| هێڵی جووڵەی ئەکتەرەکان، ئەگەر بە ڕووتکراوەیی وەری بگرین و دایماڵین لە سینۆگرافیا و قەسیدەکان و وێنە گشتییەکان.

٣| هێڵی سینۆگرافیا، ئەمیش بە سەربەخۆیی و بە جیا لە هەر یەک لەو دوو هێڵەی تری چیرۆکەکان.

### ١| هێڵی شیعرەکان

هێڵی زاڵی شیعرەکان لە سەرەتاوە تا کۆتایی، هەرچەند لە زۆر شوێندا تەنیا وەک باکگراوندێک دەمێنێتەوە بۆ هاوار و جووڵەی ئەکتەرەکان، بەڵام ئەم هێڵە، لەو ڕووەوە کە پەیوەندیی بە بیستنەوە هەیە، تا ڕاددەیەکی زۆر تێکڕای ڕووبەری نمایشەکەی داگیر کردووە. لەڕێگەی دابەشکردنی دێڕە شیعرییەکانەوە بەسەر کۆمەڵێک کارەکتەردا، ئەو کارەکتەرانەی لە خەیاڵی شیعرەکانەوە لەدایک بوون، چیرۆکێک بونیاد نراوە کە وەک هەر چیرۆکێکی درامیی سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی هەیە. بەڵام وەک لە شوێنیتری ئەم نوسینەدا باسم کردووە، دروستکردنی کارەکتەرەکان تەواو نەکراون و دیالۆگیش وەک دیالۆگی شانۆیی دروست نەبووە.

### ١٢| هێڵی جووڵەی ئەکتەرەکان

ئەم هێڵەش لەسەرتاوە درێژ دەبێتەوە تا کۆتایی، مەبەستم جووڵەی ئەندازەیی ئەکتەرەکانە وەک هێڵە بەیەکدا چووەکان، بتوانین دابەشی بکەین بەسەر سێ ماوەی زەمەنیی جیاوازی نمایشەکەدا:

زەمەنی یەکەم پێشبینی شەڕ دەکرێت و دواتر شەڕ هەڵدەگیرسێت، لەم زەمەنەدا زیاتر هێڵی ڕاست و چەماوە و زیکزاک دەبینین، ئەگەر فۆکەسمان لەسەر زەمینی شانۆکە بێت، کۆمەڵێک هێڵی جووڵەی ئەکتەرەکان دەبینین کە لە خاڵی یەکەوە دەڕۆن بۆ دوو، کۆمەڵێک هێڵی چەماوە و ڕاست دەبینین سەر شانۆکەی پڕ کردۆتەوە و ئەو هێڵانە بەناو یەکدا چوون، زۆر جار یەک دەبڕن و زۆر جار تەریبن.

زەمەنی دووەم زەمەنی نەمانی پیاوەکانە لەسەر شانۆ، چاوەڕوانی و شیوەنگێڕییەکی تاقەتپڕوکێنی ژنەکانە، هەروەها ژنەکان گوڵدانەکان لە پێشەوەی شانۆکەدا لەسەر هێڵێکی ڕاست دادەنێن، دواتر تەماشاکردنی تەرمەکان کەئاو دەیانهێنێت و بەبەردەم ژنەکاندا تێدەپەڕن و ئەمانیش (بەتایبەتی دایک) شیوەنیان بۆ دەگێڕن. لەم زەمەنەی نمایشەکەدا زیاتر هێڵی ڕێک و چەماوەی جوان دەبینین، بەتایبەتی دوای هێنانی ئینجانەکان هەست دەکەین هێڵی جووڵەی ئەکتەرەکانیش شێوەی گوڵ وەردەگرێت، یان بەیەکدا چوونی هێڵی ڕێک و چەمانەوە.

زەمەنی سێیەمیش گەڕانەوەی پیاوەکان و کۆچکردنی دایکە ڕەشپۆشەکەیە لەگەڵ کچە بچکۆلەکەیدا بە لەتە بەلەمێک و دەرکەوتنەوەی ڕۆحی کوڕەکەیەتی لە پەنجەرەکەی پشتیەوە، بەلەمی دایکەکە لە ڕۆحی کوڕە کوژراوەکەی دوور دەکەوێتەوە تا دیار نامێنێت و دواتر وێنەی ڕۆحی کوڕە کوژراوەکەشی هێدی هێدی نغرۆ دەبێت تا دیار نامێنێت. لەمەشەوە سەرگەردانیی هەموان دەست پێدەکات، لە جیهانێکدا کە نە شەڕە و نە ئاشتی، بەڵام تا کۆتایی سێبەری شەڕێکیان هەر بەسەرەوەیە، وڵات وێرانتر دەبێت و هەموو شتەکانیان بەسەردا دەڕوخێت. لەم زەمەنەی نمایشدا هەست بە گەڕانەوە دەکەیت بۆ جووڵەکانی زەمەنی یەکەم وەک هێڵی ڕاست و چەماوە و زیکزاک، بەڵام بە فەوزای زیاتر و قەرەباڵغی و بەیەکدا چوونی زیاترەوە.

٣| هێڵی سینۆگرافیا، ئەم هێڵەش بە سەربەخۆیی کاری خۆی دەکات، گەورەیی دیکۆرەکە، چەندێک زیاتر دوور بکەویتەوە باشتر وێنە گشتییەکە دەبینیت. جگە لەوەی پارچە جیاجیاکانی ناو سینۆگرافیاکە بەردەوام کرداریان تێدایە و بینەر دەتوانێت بە جیا بیان بینێت و بەشەکانیتر فەرامۆش بکات. دارە هەڵواسراوەکە، بەر دەرگای ماڵی جل ڕەش، کابینەی تەلەفۆنە گشتییەکە، سەکۆ بەرزەکەی پشتەوە، .... هەر بەشێکی شانۆکە، هەر ئەکتەرێک ئەگەر فۆکەسی بخەیتە سەر کاری خۆی دەکات و دەلالاتی خۆی فڕێ دەدات.

لەم نمایشەدا بینەر هەر لە سەرەتاوە تا کۆتایی، بەر شەپۆلێک لە تۆڕە دەلالییەکان دەکەوێت، لە هەموو ئەو هێڵانەوە کە باسمان کرد، بەردەوام و بە درێژایی نمایشەکە بینەر دەکەوێتە ژێر شەپۆلی ئەو دەلالەتانەوە کە نمایشەکە لە چەندین گۆشە و لە ڕێگەی چەندین ڕووداوەوە کە بەیەکەوە لەسەر شانۆ ڕوودەدەن، فڕێیان دەدات. لەسەر هەموو ئاستەکانی نمایشەکە، هەم لە دەلالاتە شیعرییەکانەوە، هەم لە جووڵەی ئەکتەرەکان و لە دروستکردنی تابلۆکانەوە، بە تاک یان بە پارچە، گرووپێک بەیەکەوە یا چەند گرووپێک بە یەکەوە، یا هەموو سەر شانۆکە بەیەکەوە. ئەو تۆڕە دەلالیانەش بەناو هەموو هێڵەکانی چیرۆکەکاندا و بەتایبەتیش بەناو هەر سێ هێڵی سەرەکیی نمایشەکەدا درێژ بوونەتەوە، ئەمەش قورساییەکی زۆر دەخاتە سەر بینەرێک بیەوێت هەموو ڕەهەندەکانی کارەکە لە بینینی تەنیا جارێکی نمایشەکەدا بخوێنێتەوە.

ئەم نمایشە لە سەرەتاوە ئامادەت دەکات بۆ دابەش بوون، هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ بەرەوپێش چوونی نمایشەکەدا، وەک بینەر تا دێ زیاتر هەست بە پارچە پارچەیی و دابەشبوون دەکەیت، دابەشت دەکات بەسەر کۆمەڵێک ڕووبەردا کە بە هەموویان وێنەیەکی گشتی سەر شانۆکەمان بۆ هەر ساتێکی نمایشەکە بۆ ئاشکرا دەکات. ئەم دابەشبوون و لەت لەت بوونە لە هونەر و ئەدەبی پۆست مۆدێرنیزمدا زیاتر دەدۆزینەوە، پچڕان لە تێکشکاندنی یەکە دراماتیکییەکانەوە تا شێوازی گێڕانەوە و مۆنۆلۆگ و هەموو پێکهێنەرەکانی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان.

ئەم پارچە پارچە بوون و لێکترازانانە ئێمەی بینەر دەخاتە بەردەم ناکۆکییەک لەنێوان پۆست مۆدێرنیزم و کلاسیک یان شانۆی نەریتییدا. چونکە ئەوەی لەسەر شانۆکە دەیبینین، لە ڕێگەی هەموو پێکهاتەکانەوە و دابەشبوونی ئەکتەرەکان و بارستاییەکان و بەگشتی سەر شانۆ وەک جوگرافیا بە هاوسەنگییەکی تەواو دابەشکراوە. لە کاتێکدا هەموو شتەکانیتر، ئەگەر وەک چیرۆک سەیری کەین، ئەو پچڕ پچڕیە لە چیرۆکەکاندا، یان ئەو نەبوونی پەیوەندییە لەنێوان کەسەکاندا ئەگەر نەمانەوێت وەک کارەکتەریش سەیریان کەین، بوونی چەندین ڕووداوی جیاواز لەسەر شانۆ، کە زۆرجار ئەستەمە بتوانین پەیوەندییەک لە نێوانیاندا بدۆزینەوە، هەموو ئەم لێکپچڕان و لێکدابڕان و نا پەیوەندییانە لە شێوە و فۆرم و وشە و ڕوداوە بەرجەستەکراوەکاندا، هەوڵدانێکن بۆ ترازان لە نەریت، کەچی لەبەرامبەردا هارمۆنیی ڕەنگ و جلوبەرگ و بەگشتیی هاوسەنگییەکان لە ئاستی بینین دا، لەگەڵ هونەر و شانۆی نەریتییدا یەکانگیر دەبنەوە.

## ڕەنگ

ئەو ڕەنگانەی زۆرترین ڕوبەری ئەم نمایشەیان داگیر کردووە بریتین لە شین و خۆڵەمێشی، بە ڕاددەی کەمتریش سوور و زەرد.

ڕەنگی شین لەو ڕەنگانەیە کە جگە لە مانا مەجازییەکانی خۆی لە ژیانی ڕۆژانەدا کە بەپێی کەلتوورەکان دەگۆڕێت، وەک متمانە و ڕاستگۆیی و خۆشەویستی و چەندین مانای تر، لە هونەردا زۆرتر لە بەکارهێنانەکانیدا دەگۆڕێت، بۆ نموونە قۆناغێک هەیە لە ژیانی هونەریی پیکاسۆ دا بە قۆناغی شین ناسراوە، لەم ڕووەوە ڕەنگی شین زیاتر گوزارشت لە تەنیایی و تەریکیی و بێکەسی و خەم دەکات، لە ڕووی سایکۆلۆژیشەوەهەندێک سەرچاوە باسی ئەوە دەکەن کە ڕەنگی شین دەشێت بۆ هێمنکردنەوە بەکار بهێنرێت، کەسێک بەرامبەر ڕەنگی شین لێدانی دڵی دادەبەزێت و ڕەنگە خەواڵووشی بکات.

ڕەنگی خۆڵەمێشی زیاتر وەک ڕەنگێکی بێ شوناس ناسراوە، چونکە تێکەڵەیەکە لە ڕەش و سپی، یان دەکەوێتە نێوانیانەوە، واتە وەک ئەوان فێندەمێنتاڵ نییە (تەواو ڕەش یا تەواو سپی). ڕەنگێکە کەمتر حەزی بە دەرکەوتنە، زۆرجار لە باکگراوندایە، وەک ڕەنگەکانیتر سەرنج ناخاتە سەر خۆی و زۆرجار هەر نابینرێت. بەڵام لە دیوێکی تریشدا ڕەنگێکی سارده و دەشێت خەمۆکیی دروست بکات. لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا زیاتر ڕەنگی هەژارەکان بوو.

بەشێکی زۆر لە تابلۆکانی سەدەکانی ناوەڕاست، ڕەنگی شین و خۆڵەمێشی تیایاندا باڵادەستن. بەڵام دواتر کە ئایدیای دژی شەڕ تێکەڵ بە تابلۆکان دەبێت، ڕەنگی خۆڵەمێشی زۆرترین پانتایی تابلۆکان داگیر دەکات، بۆ نموونە لە کارەکەی گۆیا دا (فرانسیسکۆ گۆیا ١٧٤٦ — ١٨٢٨) بەناوی "کارەساتەکانی جەنگ" کە بەرهەمێکی ٨٢ زنجیرەییە و لە نێوان ساڵانی ١٨١٠ — ١٨٢٠ دا وەک کاردانەوەیەک دژی شەڕ و بەتایبەتی هێرشی بەرفراوانی سوپاکەی ناپلیۆن بۆ ئیسپانیا کێشاونی، هەر یەک لە کارەکان ناوی تایبەتیی خۆیان هەیە. کۆی کارەکانیش ڕەنگی خۆڵەمێشی ڕەنگی سەرەکییە لە دروستکردنیاندا.

دواتر و بەشێوەیەکی کاریگەرتر تابلۆی جێرنیکای پیکاسۆ (پابلۆ پیکاسۆ (١٨٨١ — ١٩٧٣) لە ساڵی ١٩٣٧ دا دژی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا، بە یەکێک لە گرنگترین کارە هونەرییەکانی دژی شەڕ ئەژمار دەکرێت لە سەدەی بیستەمدا. لەم کارەشدا ڕەنگی خۆڵەمێشی ڕووبەرێکی فراوانی تابلۆکەی داگیر کردووە.

بەکار هێنانی ئەم دوو ڕەنگە وەک ڕەنگی سەرەکیی لە نمایشی "تۆ مەچۆ بۆ شەڕ" دا هەمان کاریگەریی ئەو بەکارهێنانەی هەیە لە کارە هونەرییەکاندا، لێرەشدا بەر هەمان ساردیی و خەمۆکیی و تەریکی و بێکەسی دەکەوین. جگە لەوەی لە دروستکردنی ئەتمۆسفێری گشتیی نمایشەکەدا دەمان گەڕێنێتەوە بۆ ئەو ڕەنگانەی زۆرتر سەدە تاریکەکانی پێ دەناسرێتەوە. لەم خاڵەوە دەمەوێت بچینە ناو ئەو ڕووبەرەی تری نمایشەکەوە کە پەیوەندی بە تابلۆی دوا شێوەوە هەیە و تا کۆتایی نمایشەکە بەردەوام دەبێت.

نمایش وەک وێنەیەکی جووڵاو لە ساتەکانی یەکەمی نمایشەکەوە بە هەموو ئەکتەرەکان مێزەکە ڕێک دەخەن و بە جەستەی خۆیان تابلۆی "دوا شێو"ی لیۆناردۆ دا ڤینشی (١٤٥٢ — ١٥١٩) بەرجەستە دەکەن. تابلۆی "دوا شێو" وەک سەرەتایەک بۆ لێکهەڵوەشانی تاکەکان و سەرەتایەک بۆ جەنگ و شەرعییەتدان بە قوربانیدان، وە سەرەتایەک بۆ لەدەستدانی متمانە. ئیتر لەوێوە لێکهەڵوەشانی وێنەکە و دروستکردنی سەدان وێنەی جووڵاو.

چیرۆکەکەی "دوا شێو" بەم جۆرەیە: ئەو ئێوارەیە عیسا لەگەڵ هەر ١٢ هاوڕێکەیدا بەیەکەوە نان دەخۆن، لە کاتی نانخواردنەکەدا، عیسا پێشبینی ئەوەی کرد کە یەکێک لە ١٢ هاوڕێکەی کە لەو شێوەدا ئامادەن خیانەتی لێ دەکات. سەرەڕای ئەوەی هەر ١٢ هاوڕێکەی جەختیان لەوە کردووەتەوە کە خیانەت لە عیسا ناکەن، لە ناویاندا یەهوداش کە دواتر خیانەتی لێکرد. عیسا پێیان دەڵێت ئەو کەسەی خیانەتی لێدەکات لە ژیانیدا ناحەسێتەوە. ئەگەر بەم گریمانەیەوە بچینە ناو نمایشەکەوە، ئێمە ڕووبەڕووی ساتەوەختێک دەبینەوە کە ئەگەری خیانەتێکی شاردراوە هەیە بۆ بەکوشت دانی یەکێک لە ئەندامانی ئەو خێزانە، سەرەتاش چاوەڕێی یوحەننا دەکەن.

ئێمە لە دیمەنی پێشتردا یوحەننا دەبینین بەدەستی باوکی و هاوڕێکەی باوکی پرچەک دەکرێت و ئامادە دەکرێت تا بڕوات بۆ شەڕ، دواتریش لە چەند دیمەنێکی نمایشەکەدا هەوڵ دەدات تەلەفۆن بکات و هێڵی تەلەفۆنەکە کار ناکات. لە ساتی یەکەمی نمایشەکەوە کە باوکی یوحەننا جارێ یارێ لەگەڵ کچە منداڵەکەیدا دەکات، یوحەننا لە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندیدایە، بەڵام هەرگیز بەدەستی ناهێنێت. پەیوەندی بە جیهانی دەرەوە، یان بە پێشین و ڕابردووەوە، پەیوەندی بە دەزگیرانەکەیەوە یان بە دایکی و ئەندامانی خێزانەکەیەوە.

لەم ڕووەوە، هەر لە ساتی یەکەمەوە ئێمە بەو لێکترازان و دوورییە ئاشنا دەبین کە یوحەننای تێدایە. لە دانیشتنەکەی هاوشێوەی "دوا شێو"یشەوە پەی بە نهێنییەک دەبەین کە دەشێت یوحەننا خیانەتی لێکرابێت و بەتەنیا ڕەوانەی شەڕ کرابێت. لەم ڕووەوە یوحەننا وەک مەسیح دەبینین کە بەتەنیا بەجێیان هێشت، یان وەک وتە بەناوبانگەکەی بەر لە خاچ، گوایە عیسا بە باوکی (خودا) دەڵێت، بۆ چی بە تەنیا جێت هێشتم؟ یوحەننا دەیەوێت تەلەفۆن بکات و بڵێت بۆچی بەتەنیا جێتان هێشتم؟ جگە لەمە، ئەو ڕستەیەی چەند جارێک لە نمایشەکەدا بەر گوێمان دەکەوێتەوە: بۆ دەڕۆیت ڕافائیلی من بۆ؟ (ڕافائیل باوکی یوحەنایە)، بەمەش جەخت لە تەنیایی خۆی دەکاتەوە کە باوکی بەجێی هێشتووە. لەو کاتەشدا کە یەکێک لە سەربازەکانی دوژمن یەک یەک ملوانکەی ناوی هاوڕێ کوژراوەکانی بۆ فڕێ دەدات و ئەمیش بە برینداری دوای کەوتووە و هەوڵ دەدات هەڵیان بگرێتەوە، دواتر لەسەر مێزەکەش خێزانەکە دەبینین تەماشای وێنە تیشکییەکان دەکەن وەک ئەوەی تەماشای وێنە و ناوی کوژراوەکان بکەن. هەموو ئەمانە و زۆری تریش بەشێکن لەو چیرۆکە وێنەییەی لە ساتی یەکەمی نمایشەکەوە درێژ دەبنەوە تا کۆتایی.

ئەگەر وێنە لە نمایشەکەدا بەسەربەخۆیی وەرگرین و جیای بکەینەوە لە کۆی پێکهێنەرەکانی تری نمایشەکە، بەتایبەتی لە دەنگ و دێڕە شیعرییەکان، دەتوانین چیرۆک و بەسەرهاتێکی جیاواز بخوێنینەوە کە ڕەنگە هەندێک جار نەچێتەوە سەر شیعرەکانی ماردین، بەڵام بە گشتی ئیلهامی لە شیعرەکان وەرگرتووە، وەک وەرگێڕانی شیعرەکان لە وێنەی نوسراوەوە بۆ وێنەی بینراو، لە وشەوە بۆ جەستە و کەرەستەکانی سەر شانۆ، لە نموونەی بەلەمە شینەکە و ئینجانەکان و دارەکە و چەندین کەرەستەیتر کە گوزارشتی ڕاستەوخۆیە یان وەرگێڕانێکی وێنەیی ڕاستەوخۆیە لە دێڕە شیعرییەکان. دەتوانین ئەو وێنانە لە شێوەی زنجیرە تابلۆکانی گۆیا (کارەساتەکانی جەنگ) جیا بکەینەوە و بەجیا لە چیرۆکەکانی تری ناو نمایشەکە خوێندنەوەیان بۆ بکەین. لە کۆمەڵێک وێنەی پچڕ پچڕەوە کە لە لایەکەوە یوحەنا دەیەوێت تەلەفۆن بکات، ڕافائیل بە پاسکیلەکەی دەستیەوە یاری لەگەڵ کچە بچکۆلەکەی دەکات، کەسێک بە دارەکەوە دەبەستنەوە، خوشکێک دەیەوێت خوشکەکەی خۆی بخنکێنێت...هتد، تا دەگات بە ساتی ڕێکخستنی مێزەکە و "دوا شێو" ، لەوێدا بەشێکی زۆری فیگەرەکانی ناو تابلۆ پچڕ پچڕەکان کۆدەبنەوە، بەڵام دواجار ئەوانیش لەبەر یەک هەڵدەوەشێنەوە، ئێمەی بینەریش بەناو وێنە بێشومارەکاندا تێدەپەڕین تا دەگەین بە هەڵوەشاندنەوەی یەکجاریی هەموو پارچەکان، بەتەواوی لەت لەت بوونی تابلۆ وردەکانی ناو تابلۆ گەورەکەی سەر شانۆ. هەر یەکێک لەو شتومەکانەی لەو پانتاییەدا بەکار هاتوون، لە پاسکیل و تەلەفۆنەکەوە تا گوریس و ئینجانەکان و تفەنگ و نیو بەلەم و جلو بەرگەکان و ستایەڵی قژ و ڕیشەکان، بە هەر هەموویان لەناو ئەو زنجیرە تابلۆیەدا چەندین هێمایان لێ بار کراوە کە زۆربەیان لە شیعرەکانەوە هاتوونەتە دەرەوە.

کەمێک زیاتر لەم بارەیەوە بدوێین، لە چەندین بەرهەمی ئەدەبی و هونەریدا پاسکیل ئامادەییەکی هێمائامێزی هەبووە. لە بەناوبانگ ترینی ئەو کارانەش دەتوانین بیر لە تابلۆی پاسکیلسوار بکەینەوە کە ساڵی ١٩١٣ هونەرمەندی ڕوسیی فیوچەریست ناتالیا گۆنچارۆڤا کێشاویەتی، یان فیلمی پاسکیل دز ساڵی ١٩٤٨ و چەندین بەرهەمی تر. یەکێک لەو هێما ئاشکرایانەی پاسکیل لە کارە هونەرییەکاندا هەڵیدەگرێت بریتییە لە بەرەو پێش چوون و بەردەوامیی و ئومێد و نوێ بوونەوە. لە سەدەی نۆزدەوە چەندین پۆستەر دروستکراون پاسکیلیان تێدایە و ئاماژەن بۆ ئازادی و ڕزگاری و بەرەو پێش چوون، یان وەک لە فیلمی پاسکیل دز دا دەیبینین، تا بتوانیت لەگەڵ جیهانی نوێدا کە سەرمایەداری شکڵ و شێوەی پێ بەخشیوە، فریا بکەویت و هاوشان بیت، دەبێت بتوانیت پاسکیل بئاژوویت، تا بتوانیت هاو زەمانی چاخی خێرایی بیت.

لەم کارەشدا "تۆ مەچۆ بۆ شەڕ" پاسکیل بە هەموو ئەو باکگراوندە مێژووییەوە بوونی هەیە، بەڵام ئاراستەی ئاژووتنەکە ئیتر بەرەو ئایندەیەکی گەش نییە، وەک ئەوەی لە سەردەمی کلاسیک و لە هونەری فیوچەریزم و تەنانەت ئەبستراکت و هاوچەرخیشدا دەیبینین، بەڵکو هێدی هێدی بەرەو فەنا بوون و وێرانیی دەڕوات.

لە زۆر شوێندا منداڵە پاسکیل سوارەکە کە دەگەڕێت و نامەیەک لێرە و لەوێ دابەش دەکات، منداڵەکەی شانۆنامەی "چاوەڕوانیی گۆدۆ"ی ساموێل بیکێتمان بیر دەخاتەوە، هەر جارێک دێت و نامەیەک دەگەیەنێت، ڕووداوەکان ئاڵۆزتر دەبن و کارەساتی گەورەتر ڕوو دەدەن. هەموانیش چاوەڕێی ڕوداوێکی هەژێندن(عجیب و غریب) ژیان لە ناشرینترین دۆخی خۆیەوە بگۆڕێت بۆ جوانترین و شایستەترین ژیان. ئەمە ڕوو نادات و هەموان دەکەوونە ژێر هەڕەسی جیهانێکەوە کە شەڕ و ماڵوێرانی باڵی بەسەردا کێشاوە.

### پەیوەندی نمایش بە بینەرەوە

ئاراستەی گوتاری نمایش هەمیشە ڕووەو ئەو نێوەندە سۆسیۆ — کەلتوورییەیە کە کارەکەی تێدا بەرهەم دێت، لێرەدا نامەوێت درێژە بەم لایەنە بدەم، چونکە لە زۆر شوێنیتردا باسم کردووە. بەڵام زۆرجار گرووپێکی شانۆیی دەقێکی جیهانی دەهێنن و مۆرکی ناوچەیی خۆیانی دەکەن بە بەردا، هەرچەندە گوتاری کارەکە بە ئاراستەی هەموو جیهانیش بێت. ئەم بیرکردنەوەیە هەر لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی شانۆوە لای ئێمە و لە یەکەم نمایشی سەر سەکۆکەی ماڵی بەهێ خانەوە کە شانۆگەری "عیلم و جەهل" نمایش دەکەن، کارەکەیان لە نمایشێکی بەغداوە وەرگرتووە کە ناوی "ئەگەر پارێزەر نەبوایە"، بەڵام ئەوان دەستکاری دەکەن و وەک خۆیان دەڵێن "تەکرید"یان کردووە. بەهەر حاڵ، مێژووی شانۆ چەندین نموونەی بەرچاوی تێدایە کە دەقە شانۆییەکان بەپێی هەلومەرجی ئەو ساتە مێژووییە و ئەو ڕووبەرە جوگرافییە دادەڕێژنەوە، چونکە لە کۆتاییدا ئامانجیان دروستکردنی پەیوەندی یان بەجێهێشتنی کاریگەرییە لەسەر بینەرەکان. بۆ نموونە گرۆتۆڤیسکی باوڕی وابوو لەڕێی کارکردنەوە لەسەر میتۆلۆژیا و ئەفسانە هاوبەشەکانی بینەرەکانەوە بتوانێت کاریگەرییان لەسەر دابنێت، یان ئارتۆ خەونی بە شانۆیەکەوە دەبینی بتوانێت گەمارۆی بینەرەکان بدات و بەو شێوەیە کاریگەرییان لەسەر بەجێ بهێڵێت، برێخت لە ڕێگەی لابردنی دیواری چوارەم و هەندێجار گفتوگۆی ڕاستەوخۆوە لەگەڵ بینەران بیری لە دروسکردنی هەڵوێستی ئەقڵانی دەکردەوە لای بینەران.

ئەم نمایشە، وەک لە سەرەتادا باسم کرد، لە چەند هێڵێکەوە ڕووبەڕووی بینەرەکانی دەبێتەوە. لە هەندێک شوێندا ئامانجەکانی خۆی دەپێکێت و لە هەندێک شوێنی تریشدا قوربانیی بە ساتە شانۆییەکە دەدات لەپێناوی ڕستە شیعرییەکەدا. نموونەی ئەو ساتانەی ئامانجی خۆی دەپێکێت، ئەو کاتەی تەرمەکان بە ئاوەکەدا دێن و کچەکان شیوەنیان بۆ دەگێڕن، بەتایبەتی دواجار کە هونەرمەند ڕوبار ئەحمەد بە گریانەوە دەکەوێت و دەنگی دەرنایەت و کچەکان دەوری دەدەن. . بە پێچەوانەشەوە، ئەو کاتەی هونەرمەند پێشڕەو حسێن دەیەوێت بە بیانووی "چا" کەوە ساتێکی نواندنی بەرز بۆ خۆی دروست بکات، دەیکات، بەڵام خوێندنەوەی دێڕە شیعرییەکان بەدوای ئەو ساتەدا کردەی نواندنەکە دەوەستێنێت و دەیخاتەوە ناو ڕستە شیعرییەکانەوە. ئەو کاتەی هونەرمەند کەنار سەرچڵ هاواری ڕێنوار دەکات و باسی حەسیب دەکەن و کەسیشمان نازانین ئەمانە کێن، جگە لەوەی نازانین بۆ چی ئەو پیاوانە ناویان ڕافائیل و یوحەننایە؟ بەڵام کە دواتر چەندین ناو بەدوای یەکدا دەڵێن بیر لە هەموو ئەو هاوڕێیانەمان دەکەینەوە کە لە جەنگەکاندا و بەدەستی ڕژێمی پێشوو یان لە سایەی دەسەڵاتی کوردیدا تیرۆ کران و لە شەڕی ناوخۆدا بە کوشت دران، یانیش دەربەدەر کران.

بەڵام بە گشتی ئەم نمایشە لە ڕووی فۆرم و داڕشتنەوە دابڕانێکی گەورەی لەنێوان خۆی و بینەرانیدا دروست کردبوو. لە بەشەکانی پێشوودا باسی کاریگەریی هونەری شێوەکاریمان کرد بەسەر فۆرمی گشتیی کارەکەدا، ئەو کاریگەربوونە، نەیتوانیبوو یان نەیویستبوو بەپێی هەلومەرجی ژیان و بیرکردنەوە و ڕۆشنبیریی بینەرەکان لەم ڕووبەرە جوگرافی و لەم نێوەندە سۆسیۆ — فەرهەنگییەدا خۆی دابڕێژێتەوە. ئەمەش تەنیا لە ڕووی فۆرمە شێوەکارییەکەیەوە نا، بەڵکو لە تێکڕای ساتە چنراوەکانی نمایشەکەدا، لە نموونەی ناوی کارەکتەرەکان و جلوبەرگ و پێکهاتەکانی سەر شانۆوە، تا بوونی کارەکتەری وەک پۆستەچی بەو فۆرمە نامۆیەیەوە و خەیاڵی کەشتییەک لە کەنارێکی شانۆدا و بەلەمێک و دەریایەک لە سەرەوەی شانۆ، جگە لە بوونی چەندین کردار لە یەک ساتی نمایشدا و یەکانگیرنەبوونی شیعرەکان لەگەڵ هەڵچوون و پەرچەکردارەکانی کارەکتەرەکاندا. لەلایەکی تریشەوە، بەدرێژایی چەندین ساڵی ڕابردوو: ڕاهاتنی بینەران بە نمایشی سەرزارەکی و سادە و ڕووکەش، نەک تەنیا بەهۆی نمایشە شانۆییەکانەوە، بەڵکو لەوە زیاتر، وەک ئەوەی لەزۆر شوێنیتردا باسم کردووە، دەسەڵات لەڕێی میدیا و هەموو ئەو توانایانەوە لەبەردەستیدایە، تێکڕای دانیشتوانی ڕاهێناوە لەسەر هامچێژی و سادەییەکی تەواو و شەرحکردن تا ئاستی بەتەڵکردنەوەی هەموو چەمک و ئایدیاکان لە مانا

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە یەکێک لە لایەنە زۆر پرشنگدارەکانی ئەم نمایشە، ئامادەیی ئەکتەرەکانە بە وزەیەکی داهێنەرانەوە. هەموومان دەزانین ئەداکردنی ئەو شیعرانە چەند ڕووبەری نواندن سنووردار دەکات، بەتایبەتیش وەک لە سەرەتادا باسمکرد، شیعرەکان بە هەناسەی شیعریی خۆیانەوە بەکار هێنراونەتەوە و دەستکاری نەکراون و شانۆیاوی نەکراون. لەم ڕووەوە ئەکتەرەکان بە هەناسەیەکی درێژەوە ئەرکی خوێندنەوەی شیعرەکان ڕادەپەڕێنن، بەڵام سات بە ساتی نمایشیش، بەبێ پچڕان دەیان بینین بە دەنگ و جەستە و گوزارشتی ڕوخسار و هەناسە و وەستان و جووڵەکانیان، سەر شانۆیان داگیرساندووە. هەر ئەمەش بە پلەی یەکەم ڕاگری بینەر بوو بتوانێت زیاد لە کاژێر و نیوێک بەدیار نمایشەکەوە بمێنێتەوە، چێژی لێ ببینێت و مێشکی خۆی هیلاک بکات تا فریای ساتە پڕ لە کردارە جۆراو جۆرەکانی سەر شانۆ بکەوێت.

لە کۆتاییدا پیرۆزبایی لە هەموو بەشدارانی ئەم بەرهەمە و کۆڕی شانۆی با دەکەم و هیوای بەردەوامبوون و سەرکەوتنی هەمیشەییان بۆ دەخوازم.



# با دەنگی نارەزایەتیمان بەم بارودۆخە نالەبارە بەرز و بڵندترکەین و دەسەڵاتداران و هاوشێوەکانیان بە فریادڕەس نەزانین

عەلی محەمەد ئەمین

بۆ هەمووان ئاشکرایە کە زیاتر لە (٣٠) ساڵە، لایەنە سیاسیە دەسرۆشتووەکانی کوردستان، دەسەڵاتداریەتی لەم هەرێمەدا بەرێوەدەبەن، جا ئەم دەسەڵاتداریتیە بە شەراکەت و هاوبەشی بووبێ، یا هەریەکە و لە ژێر نفوز

و دەسەڵاتی خۆی دا، جێگای نیگەرانیە، لە هیچ بارێکیان دا، تەنانەت لە کاتی بەشداری زۆرێک حیزب و لایەن لە حکومەت دا، کار و چالاکییەکی وایان نەنواندووە کەلە ئاست داواکاریـیە سادە و سەرەتاییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان دابێت.

هێشتا ڕێگاوبانەکانی نێو زۆربەی شارو شارۆچکەکان و نێوانیان، هەر ڕێگاوبانە کۆنەکانن و بگرە خراپتر و پڕ کەند و کۆسپترن و وەک ڕێگای مەرگ و کارەسات دەناسرێن.

دام و دەزگا پەروەردەیی و فێرکاریەکان، سەرەرای هاش و هوشی بەردەوامی دەزگای ڕاگەیاندنەکان و سازدانی دەیان کۆڕ و کۆبوونەوە و فیستڤاڵ و کۆنفرانس لە ئاستێکی زۆر نزمدان و موحتاجی دەیان پێداویستی سەردەمیانەن، لە بینای باش و مامۆستاو کارمەند و کورسی و مێز و ئامێری پێشکەوتوو.

بواری تەندروستی هەر زۆر کەموکوورە و زۆرینەی هاوڵاتیان باجی نەبوونی نەخۆشخانە و داوو دەرمان و ئامێری پێویستی باش و دکتۆر و کارمەند و تەنانەت کارگوزار و خاوێنکەرەوەش ئەدەن.

کارەبا و ئاو هێشتا لەریزی پێشەوەی داواکاریەکانی زۆرینەی هاوڵاتیاندایە و زۆرێک گیرۆدەی نەبوون یا کەمی کاتەکانی دابەشکردنی کارەبان، ئەمە جگە لەوەی ئەگەر هەشبێت، خەڵکی توانای دابینکردنی پارەو کرێکانیان نیە، بەتایبەت کە ساڵانێکی زۆرە مووچە و هەقدەستەکان وەک پێویست لە کاتی خۆیاندا نادرێن، یا دەکرێنە روبع و نیومووچە یاخود هەر هیچ.....

بەردەوام خەڵکی کوردستان، لە شاروشارۆچکە و گوند و دێهاتەکاندا، بەدەست نەبوون پاکەمی و گرانی سوتەمەنییەوە دەناڵێنن، تاوێ بەنزین و نەوت و غاز دەستناکەوێ و تاوێ خراپ و بێ کەڵک و کارەساتبارن، سەبارەت بە هەلی کاریش، سەرەرای دەیان گفت و پەیمانی پوچ و بێ بناغە، بەتایبەت لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا، لە زۆربەی شارو شارۆچکەکان، ڕێژەی بێکاران بەردەوام روو لە زیادبوونە، ئەگەر کارگا و کارخانەیەکی پێشتریش بووبێ، ئەوا زۆریان وێران بوون و لەگەڵ ئەوەش دا نەکەرتی گشتی بواری دامەزراندنی تیا ماوە. نە کەرتی تایبەتیش توانای بەگەرخستنی ئەو سوپا فراوانەی بێکارانی هەیە، جگە لە کۆمپانیاکانی پەیوەندی و گەیاندن، هەندێ کۆمپانیا و پرۆژەی بیناسازی هەیە، کە ئەمانیش وەک پێویست کار و چالاکیان نەچووەتە خزمەت خەڵکانێکی دەسکورت و کەمدەرامەتەوە.

ئاشتی و ئارامی و ئاسایش و ئازادی، ئەگەرچی هەردەم هەوێنی زۆر هەواڵ و باس و خواسن، بەڵام ڕۆژانە لەبەر هەرەشە و بەرتەسکبوونەوە و پەلاماردراندان، رێژەی کوشتن بە بەهانەی جۆراوجۆر بەردەوام رووڵە زیادبوونە و پەلامار و هێرش و هەرەشەی دەوڵەتانی وەک تورکیا و

ئێران رۆژانە دەگوزەرێ، لە ئاکام دا وێرای کوشتن و گیان لەدەسدان، دەیان دارستان و رەزو باخ دەسوتێ، لەم نێوەشدا میلیشیاکانی سەربە حیزب و لایەنە ناسیونالیست و تایەفی و مەزهەبییەکانی عێراقیش ڕۆژانە هەڵدەکوتنە سەر جوتیاران و هەرەشەی چۆڵکردن و دەرکردنیان لێدەکەن.

لەبەرامبەر وەها هەلومەرجێکدا ، چاوەروانکراوە، بەبەردەوامی لێرەو لەوێ، لە پینجوین و سلێمانی، لە کەلار و کفری، لە رانیەو دەربەندیخان، لە کۆیە و هەولێر و دهۆک، ..... تەواوی شار و شارۆچکەکانی کوردستان، خەڵکی برژێنە سەر جادە و نارەزایەتی بەرفراوان و خۆپیشاندان و ڕێپێوانی جەماوەری و گردبوونەوە ساز بدەن، وێرای فشارخستنە سەر دەسەڵاتداران و بەدیهێنانی برێک دەسکەوت و جێبەجێکردنی هەندێ لە داواکاریەکان، تابێت نارەزایەتیەکان فراوانتردەبێ و ئومێدی خەڵک بەهێزی خۆی بەهێزتردەبێ، خەریکە پێ دەنێینە بارودۆخێکەوە خەڵکی ئارازی چیتر دەنگ و رەنگ و نارەزایەتی خۆی ناداتە دەست هێزگەل و کەسانێک، کە بە ناڕەوا بە فریادڕەس و کاریزما دەناسران و سەودا و مامەڵە یان دەکرد و بەهۆی شوێن و جێیان لە نارەزایەتیەکاندا ، پلە و پایە و پۆست و بەشە بۆدجە بۆ خۆیان ئەوەکانیان دەستدەخست....

ئەم نارەزایەتیانە دەریانخست، کە دەسەڵات و تەنانەت حیزب و لایەنە بەناو بەرهەڵستکارەکانیش، بێباکن لە نالەباری بارودۆخی نالەباری خەڵک و ژیانی مەرۆمەڕژی و پێشێلکردنی ئازادیەکانیان....

ئەوەی نارەزایەتیەکان بەرەو بەهێزی زیاتر و سەرکەوتنی زیاتر دەبا، ئەوە بەردەوامی هاوڵاتیانی ستەملێکراوە لە هەوڵ و تێکۆشان، لەسەر متمانە بە هێزی خۆ، لەسەر یەکگرتوویی زیاتر، نابێ چیتر خەڵکی رێگابدەن، ناکۆکی بەرواڵەت و پروپاگەندەئامێزی حیزب و لایەنەکان، بە دەسەڵاتدارو بەناو ئۆپۆزسیۆنەوە، ریزەکانیان لەیەک بترازێنێ و کەرت و پەرتیانکات، دەبێ سەرلەوحەی داواکاریەکانیان گشتگیرو تایبەتمەندی ئەم هەلومەرجە سەخت و دژوارە بێت، نابێ ڕێگا بدرێت بە هیچ حیزب و لایەن و کەسایەتیەک، بە ئارەزوو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی یاری بە دروشم و داواکاریەکان بکا، بەتایبەت ئەوانەی کە دەستیان کەشفە لە ساتوسەودا و مامەڵە لەگەڵ دەسەڵاتداران دا، بە درێژایی مێژووی نزیک و دوور....



لە هەموو ئەمانە گرنگتر، زۆر پێویستە لەسەر خەڵکی ناڕازی و ئازادیخواز، لە هەر شوێن و ناوچەیە نوێنەرانی بەهەڵوێست و سەربەخۆ و دڵسۆز بۆخۆیان هەڵبژێرن و ناوی لێبنێن و هەر ئەوان، بەراوێژکردن بە خەڵکی بەشداربوو نوێنەرایەتی ڕاستە قینە بکەن ... زۆر پێویستە لە کاتی گفت و پەیمانی جێبەجێکردنی هەر داواکاریەکدا، بۆ هەر داواکاریەک سەقفی زەمەنی دیاری بکرێت و بەدوواداچوونی وورد بکرێت و ماوە نەدرێت دەسەڵاتداران لە رێی لیژنە و لیژنەکاریەوە خەڵک فریوو بدەن و نارەزایەتیەکان خەفەکەن و بمرێنن... هەموو ئەو پاساوانە ش ڕەدبکرێتەوە کە ساڵانێکی زۆرە دەسەڵاتداران بەگوێی خەڵکیدا دەدەن، وەک ئەوەی بەغدا بۆدجە نانێری و هەڵبژاردن نەکراوە و هێشتا مەسەلە و کێشە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان هەرەشەیان لەسەرە، ئەزموونی چەندین ساڵە دەریخست، کە ئەمانە هێندەی شەیدای مانەوە لەسەر کورسی دەسەڵات و دەسبەسەراگرتنی سەروەت و سامان و کەڵەکەی سەرمایەن بۆ خۆیان و وەچە هاوشێوەکانیان، هەرگیز بۆ تاقە ساتێک ئارەزووی گۆڕینی بارودۆخەکەیان لە بەرژەوەندی خەڵک نیە....

ماوەتەوە ئەوەی بڵێین بادەنگی نارەزاییمان بەم بارودۆخە بڵندو بڵنتر بێ، با دەسەڵاتداران، لە کوردستان و لە بەغدا بەفریادڕەس نەزانین، با هاوشێوەکانیان، بەناوی بەرهەڵستکار و ئۆپۆزسیۆنەوە بەرابەر و نوێنەری نارەزایەتیەکان قبوڵ نەکەین، با بەدەستی خۆمان پەیکەری سیستمی ملهوڕ و ستەمکار دروستنەکەینەوە، بەردەوام چاومان لەسەر بەدیهێنانی داواکاری و دروشمە ڕەواکانمان بێت، نەک حیزب و لایەن و کەسە چەند جار خیانەتکار و شکستخواردوو دۆڕاوەکان.

٢٥ / ٧ / ٢٠٢٣

# یان یاری ئەکەم یان تێکی ئەدەم!



عەلی مەولود

بۆ پاساوی نەدانی مووچەی مانگی (٦) و (٧)، و بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی، حکومەتی هەرێم جارێکی تر مایە پووچی ڕاگەیاند و وەزیری دارایی گیرفانی بەتاڵ پیشانی خەڵک دەدات، ئەوە لە کاتێکدا هەموو داتاکان و سەرچاوەکانی دارایی و شارەزایانی بواری ئابووری و داهات پێمان دەڵێن:

حکومەتی هەرێم بە داهات و دەسکەوتە داراییەکانی ناوخۆ و ناوەند و دەرەوە، نەک هەر دەتوانێت لە کاتی خۆیدا موچە بدات بەڵکو لە توانایدایە ئابووریـیەکی بەهێزیشی هەبێت تەنها بەمەرجی ئەوەی؛ دەستی حیزب و کۆمپانیاکان لە ئابووری دوور بخاتەوە و سیستەمی موچە و پێشینەکان و خەرجییەکان بەشێوەیەکی عادیلانە ڕێکبخاتەوە (نەک بەشێکی پڕ بێت و بەشێکی قڕ بێت)، بەڵام ئامانجدارانە خۆ لەو بەرپرسیارێتییە دەبوێرێت و زیرەکی لەخۆی نیشاندەدات و دەیەوێت خەتای کارەکانی بخاتە ئەستۆی ناوەند.

لەناو تورکمانەکان، دەربرینێک باوە، دەڵێت: (یان ئۆینەرەم یان زیفلەرەم) واتە (یان یاری دەکەم یان تێکی دەدەم). دەسەڵاتدارانی هەرێم بەم لۆژیکە کاردەکەن، هەم لەناوخۆیاندا (پارتی و یەکێتی) و هەم لەبەرامبەر خەڵک و هەم لەگەڵ بەغداش.

بۆ زۆرینەی خەڵکی کوردستان ئەوە سەلمێنراو و چەسپیوە، ئەگەر داهاتی هەموو وڵاتانی عەرەبیش بێتە بەردەستی دەسەڵاتدارانی هەرێم هەر بەوجۆرەی ئێستا، نیوەناچڵ و پچڕ پچڕ مووچە و خزمەتگوزاریـیەکان پێشکەشدەکات، لەبەرئەوەی: یەکەم - برسیکردن و سکهەڵگوشینی خەڵکی کردووە بە ستراتیژی ئابووری خۆی و دووەم - دەسەڵاتی هەرێم لەو قۆڵبڕانە دەچێت ئەگەر ئامانەتێکی بدەیتێ بۆت بگرێت تا پشتێنەکەت توند دەکەیتەوە، ناتداتەوە و دەبیات بۆخۆی. کە ئەوە هۆکاری چۆڵبوونی بانکەکانە نەک نەبوونی داهات.

بەهۆی ئەو دوو خاڵەی سەرەوە و لەبەرامبەر توونددبوونەوەی ستەمکاریـیەکانی دەسەڵاتی هەرێم و خێرنەدانەوەی ئابووری سەربەخۆ بۆ خەڵک و بوونی بە سەرچاوەی دزی و تاڵانی بۆ حیزب و بنەماڵە دەستڕۆیشتووەکان و کۆمپانیاکانیان، ماوەی چەند ساڵێکە، خواستی ئەوەی بودجە و دارایی لە لایەن بەغداوە، سەرەوکاری بکرێت، پەرەی سەندووە، ئەویش نەک لەبەرئەوەی بەغدا باشە، بەڵکو لەبەرئەوەی دەسەڵاتی هەرێم لەئاست داهات و سامانی گشتی نمونەی دەست پیسترین دەسەڵاتەکانی دنیایە و لەئاست ژیان و بەرژەوەندی گشتی تا سەرئێسقان بێدەربەستە، جگە لە بەرژەوەندی خۆیان بیر لە هیچ

ناکەنەوە، خەمی پێشکەوتنی کۆمەڵگایان نیە و دەربەستی ئەوە نین خەڵک چی بەسەر دێت، ژێرخانی ئابووری و بنەمای شارستانیەت و شارسازی، سیاسەت و حوکمڕانی و پەیوەندییەکانیان، هەمووی بەدەوری ئەم ئامانجە بەرتەسکەی مشتێک سەرمایەداری سیاسیدا دەخولێتەوە، بەوهۆیەوە بوونەتە هەرەشە و مەترسی بۆسەر ژیان و چارەنووسی خەڵکی کوردستان، هەم لەناوخۆدا خراپکار و هەم بۆ دووژمنکاریەکانی دەرەوەش هاوکارن.

ڕادەستکردنی مەلەفی نەوت بە عێراق، کە سەرچاوەی سەرەکی داهاتە و ئەگەری هەیە تا (١٥-٢٠) ساڵی تریش هەروا بمێنێتەوە، هیوایەکی بەخەڵکی هەرێمی کوردستان بەخشی، بەتایبەت موچەخۆران، کە لانیکەم لەپارەی فرۆشی نەوت موچەکانیان مسۆگەر دەبێت، بەڵام هەروەک پێشبینی دەکرا، (پارتی) کە بڕیار بەدەستی یەکەمی حکومەتی هەرێمە، ئەیهێشت و هەتا لەتواناشیدا بێت ناهێڵێت قووتی خەڵکی کوردستان لەدەستی خۆی بترازێت، لەوەش چەند ئاماجێکی هەیە:

یەکەم – بۆ ئەوەی لەکاتی پێویست وەک بارمتە و کارتی فشار کەڵکی لێوەربگرێت.

دووەم - بۆئەوەی بە خەڵکی هەرێمی کوردستان بڵێت ئەوە بەغداکەتان کە دڵتان خۆش بوو بەوەی لە من ڕزگارتان دەبێت.

سێیەم - بۆئەوەی پشکی خۆی و کۆمپانیاکانی (کە پشکی شێرە) لە یاریـیە ئابووریـیەکانی ئێستا و داهاتووی عێراقدا بپارێزێت و مسۆگەری بکاتەوە، ئەگەرنا تێکیدەدات.

هەڵبەت ئەم لۆژیکە بێ پێشینە نییە، هەمیشە درووشمی سەرەکی بزووتنەوەی کوردایەتی ( لەناوخۆدا) ئەوە بوو:

یان بۆ من یان بۆ هیچکەس، کە بەداخەوە دەیان ساڵ شەڕی کۆنەپەرستانەی ناوخۆ (جەلالی و مەلایی) لێکەوتۆتەوە و کۆمەڵگەی کوردستان و خەڵکەکەی گیرۆدەی دەیان نەهامەتی کردووە.

٢٠٢٣-٧-٢٤

# گرامشی لە نێوان دوو کتێبدا

رزگار عومەر



لە ساڵی (١٥١٣) نیکۆلۆ ماکیاڤێلی کتێبی "میر" دەنوسێت و دوای نۆزدە (١٩) ساڵ پاش مردنی لە ساڵی (١٥٣٢) چاپ کراو و بڵاو کرایەوە. کتێبی "میر"ی میکایڤێلی کە هەندێ کوردزمان پێیان باشە بە "شازادە" تەرجومە بکرێت، رەنگە یەکەم سێتی تۆکمەی تیۆریی سیاسی بێت کە بە چاوپۆشین لە میتۆد و ئامانجەکانی هەوڵێکی جدییە وەکو "زانست" مامەڵە لەگەڵ سیاسەت بکرێ. چوار سەد (٤٠٠) ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەمی "میر"ی مکیاڤێلی نوسەرێک و بیرمەندێکی مارکسی (گرامشی) دێت کتێبی "میری نوێ" لە ناو بەندیخانە دەنوسێت.

گرامشی لە کاتی نوسینی "نامەکانی بەندیخانە" کە کتێبی "میری نوێ"ش هەر لەو دەمەدا نوسرابوو لە نامەیەک بۆ خوشکەکەی باسی دۆخی خۆی دەکا لە زیندان "نۆ شەو هیچ نەخەوتم، لە پێنج شەوی رابردوش تەنیا پێنج سەعات خەوتووم". ژووری بەندیخانەکەی گرامشی لە تەنیشت ژووری پاسەوانەکان بوو، هەموو شەوێک بە بیانووی پشکنین سێ جار لە خەویان هەڵدەستاند. لە ناو زیندانـدا دۆخی تەندروستی ئەوەندە خراپ بوو کە ناچاربوون و گواستیانەوە بۆ نەخۆشخانە چونکە نزیکی مردن بوو، ددانەکانی هیچی نەمابوون، بە هۆی نەخۆشیەوە سزاکەی لە (٢٠) ساڵەوە کرا بە دە (١٠) ساڵ، بەڵام هەفتەیەک دوای بەربوونی لە بەندیخانە لە (٢٧)ی نیسانی (١٩٣٧) دڵی لە لێدان کەوت.


دە (١٠) ساڵ پێش ئەوەی گرامشی بمرێت، لەنێو هۆڵی دادگا داواکاری گشتی بە تۆمەتی "هەوڵدان بۆ تێکدانی دەوڵەت" و "چاندنی قینی چینایەتی" دادگا بیست ساڵ سزای بەسەر سەپاند، لەوێ لە دوای دەرچوونی بڕیاری دادگا "داواکاری گشتی" پەسەندی ئەم سزایەی کرد و قسە ناوبانگەکەی خۆی کرد: ((لە پێناوی ئەوەی ئەم عەقڵە بۆ بیست ساڵی داهاتوو لە کاربخەین))! بەڵام نە عەقڵ نە ئیرادەی گرامشی لە کار نەوەستا، نامەکانی زیندان و "میری نوێ"ی بەرهەم هێنا.

لەسەرەتای هەشتاکان هێشتا هەرزەکار بووم کە کتێبی "میر"ی میکاڤێلیم بە زمانی کوردی خوێندەوە،

ئەوەی جێگای سەرنج بوو لە کۆپی کوردی ئەم کتێبە کە مامۆستا (حوسێن عارف) وەریگێراوە؛ کتێبەکە خۆی (٢٦٠) لاپەڕە، پێشەکیەکی بۆ نوسراوە بە پێنوسی مێژونووسی گەورەی کورد "کەمال مەزهەر" کە پێشەکیەکە تەنیا خۆی (٨٤) لاپەڕەیە!

ئەو دەمی من ئەوەندەی کەوتمە کاریگەری پێشەکییەکە ئەوەندە خودی کتێبەکە کاریگەری لێنەکردم، هۆیەکی ئەوە بوو کە ئینتیباعێکی باو هەبوو لەسەر کتێبەکە و لەسەر ڕێبازی میکیاڤێلیزم کە لە جیاتی خوێندنەوە بەچاوی رەخنەیی زیاتر قفڵ لێدان بوو بۆ بەدواداچوون، چونکە تەنیا ئەوە باو بوو کە فاشیزمی جیهانی لە سەردەمی هیتلەر و حیزبی بەعس سوودیان لەم کتێبە بینیووە، لە ڕووی مێژوییەوە ئەمە ڕاستە، بەڵام ئەمە خۆشی ڕێگر بوو لەوەی کە ئەو دەمە ئێمە بۆ ئەم کتێبە "خوێنەرێکی قوڵ" بین، کەچی گرامشی نیو سەدە بەر لە ئەوەی ئێمە نەک تەنیا نیشانی دەدا کە چ خوێنەرێکی قوڵە بۆ کتێبی "میر"، بەڵکو بە ئاراستەیەکی پێچەوانە لە ڕێگای خوێندنەوەی ئەم کتێبە، کتێبێک دەنوسێ کە سەرەکیترین خەسڵەتی کتێبەکەی ئەوەیە خوێنەر سەرسام دەکا کە چۆن گرامشی لە یەک کاتدا وەکو خوێنەری کتێبی "میر" و وەکو نوسەری "میری نوێ" بە قوڵی لە نێو تێرمەکانی سیاسەت وەکو زانست "پراکتیکیش" وەکو تاکە ئەداتی سیاسەت کردن بە ووردی دێت و دەچێ.

ئەگەرچی تا ئێستا لە هەرزەکارییەوە تا نوسینی ئەم دێرانە (٣) جار کتێبی "میر"ی میکیاڤێلیم خوێندۆتەوە، بەڵام کاتێ دەستم بە خوێندنەوەی "میری نوێ"ی گرامشی کرد هەستم کرد دەبێ سەر



لەنوێ بچمەوە کتێبی "میر"ی میکیاڤێلی بخوێنمەوە، کە دیقەتی مەنهەجییەتی خوێندنەوەی گرامشیم کرد هەستم کرد وەکو خوێنەر خوێندنەوەمان بۆ تیۆری سیاسی لە سنووری "زانیاری گشتی" دەرنەچووە، لە لای گرامشی بێ ئەوەی یەک پیت بدرکێنی لەم بارەوە پێت دەڵێ پرۆسەی خوێندنەوە ئەگەر لە پەیوەندیەکی دیالیکتیکی و کۆلێکتیڤ نەبێت لەگەڵ ئامانجی گشتی "گۆڕانکاری" خوێندنەوەیەکی بەتاڵە!

جیاوازی بنەڕەتی لە نێوان "میری" میکیاڤێلی و "میری نوێ" گرامشی بە چاوپۆشین لە باری زاڵی شەرعیەت دان بە "لە خشتە بردن" و "پاشقوڵ لێگرتن" و "ئینتیهازیەت"ی ئامۆژگاریـیەکانی نێو "میر"ی میکیاڤێلی، بریتییە لە دوو شێواز بۆ مامەڵە لەگەڵ سیاسەت بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی. میکاڤێلی ئیش لەسەر "تاکی" بازنەی دەسەڵاتدارێتی دەکات بۆ وەرگرتنی دەسەڵات، گرامشی ئیش لە سەر حیزب و هەموو ئەو شێوازانە دەکات کە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی، چینایەتی، بلۆکە کۆمەڵایەتیەکان دەتوانن بە دیسپلین و ستراتیژی عەمەلیی کارکرن، کار بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بکەن. هەردوو کتێب سەرەڕای ئاراستە و ئامانج و مێژووی جیاواز یەک خەسڵەت کۆیان دەکاتەوە کە بریتییە لە زانستی گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی، کە بەشێکی زۆر لە چەپی ئێستای دونیا وا دەزانێت وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی کاری ئەو نییە! گرامشی لەم کتێبەدا زۆر بە ڕوونی دەڵێت "ڕەوەندی پشتگوێ خستنی وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە نێو چەپدا بریتیە لە ئینتیهازیەت"!

٢٠٢٣-٨-٤

# لە پەراوێزی کۆبونەوەی پەیماننامەی (١٠٠) ساڵەی لۆزان

وەستا جەلال



(کوردبوون) و (مافی مرۆڤی کورد) لە ڕێگای ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی کراوە بە بزنس. ئایدیۆلۆژیا دەرمانێکە بە ناوی ئاین و نەتەوە، لە ڕێگای حیزب و دەسەڵات بە شێوەی سیستەماتیک دەدرێت بە مرۆڤ، بۆ ئەوەی چاوی نەبینێت و بیرکردنەوەی لە کار کردن بوەستێت. بەبێ ئەوەی بۆخۆی هەستی پێ بکات و بزانێت، ئەو خواستە بنەڕەتییەی بۆ ژیان کردن وەکو مرۆڤێک داوای دەکات و لە ستەم و چەوساندنەوە ڕزگاری دەکات، لەبیری دەچێتەوە. دەکەوێتە داوی بەرژەوەندی سیستەمێکی تر، بە پێچەوانەی خواست و مافەکانی خۆی بەرهەمەکەی دەچێتە گیرفانی شێخ، ئاغا، حیزب و دەسەڵات.

خواستی بنەڕەتی مرۆڤی کورد و هەموو مرۆڤێکی تر، ژیانێکی باش، تەندورستێکی باش، دور لەهەر زوڵم و ستەم و چەوساندنەوەیەک، باوەڕ بە دادپەروەری، ئازادی، یەکسانی و بەرابەری، پەیوەندییەک لەسەر بنەمای خۆشەویستی و میهرەبانی دامەزرابێت.

تاکو ئێستاکە بەشی زۆری مرۆڤی کورد، لەبەر ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی، مرۆڤبوونی خۆی وەکو مرۆڤ لەبیر چۆتەوە، بۆتە وەسیلەیەک بەدەست حیزبە کوردییەکان بۆ شەڕی کورد و کورد، بۆ شەڕی کورد و عەرەب و فارس و تورک، بەناوی کوردایەتی.

لەماوەی خەباتی سەت (١٠٠) ساڵەی خەڵکی کورد بۆ بەدەست هێنانی مافە ڕەواکانی خۆی، بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، کەوتۆتە ژێر ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی، لەبەرئەوە، ئەو زەرەر و زیان و خیانەتەی لە لایەن

خودی کوردەوە پێی گەیشتووە کەمتر لە دوژمنەکانی نەبوە.

ئێستاکەش مرۆڤی کورد لە باشوری کوردستان ئەو زوڵم و ستەمەی لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و حیزبە کوردییەکان لێ دەکرێت، زۆر زیاترە بەراورد بە حکومەتی مەرکەزی.

ئەگەر مرۆڤی کورد، لە ساڵیادی سەد ساڵەی (پەیماننامەی لۆزان)، لە خەمی سرینەوری ستەمی نەتەوایەتی و زوڵم و ستەم و چەوساندنەوە بوایە، مافی مرۆڤ بونی خۆی وەکو کورد بوایە، نەک نەدەبوو بەشی زۆری (ئەو میوانە بەڕێزانەی لە ڕیزی پێشەوە دانیشتون) بەشداریان نەکردابایە،

دەبوایە لە کۆبونەوەی پەیماننامەی (١٠٠) ساڵەی لۆزان لەسەر گەرمکردنی دیوەخانی شێخ و پڕکردنی بانقی ئاغاکان و پەسەند کردنی یاسای بڕینی قوتی خەڵک و پشتیوانی کردن لە تیرۆر، کوشتن، زیندانی کردنی هەڵسوڕاوانی سیاسی و مەدەنی، چالاکوان و ڕۆژنامەنوسان، لەسەر مافی هاوڵاتیانی کورد لە باشوری کوردستان داوای دادگایی کردنی ئەو میوانە بەڕێزانە بکردابایە!

بەڵام بەداخەوە تاکو ئێستاکە تاکی کورد وەکو مرۆڤ نەیتوانیوە خۆی لە ئایدیۆلۆژیای کوردایەتی ڕزگار بکات، هەر بۆیە دەبینین، ئەوانەی، گەندەڵ، دز و تاوانبارن، لەبەر کورد بونیان کڕنوشیان بۆ دەبەن و لەسەری سەرەوە، لە ڕیزی پێشەوەیان دادەنێن.

# مادده هۆشبەرەکان لە عێراق و کوردستان کارەساتێکە جەستەی کۆمەڵگا دادەڕزێنێ!

عەبدوڵا ساڵح

ئەو هەواڵانەی ڕۆژانە و بە بەردەوامی لە دەزگا ئەمنییەکانەوە دەیبیستین، یان لە کەناڵەکانەوە دەیبینین سەبارەت بە دەستبەسەرداگرتن یا ڕاونان و کوشتنی تۆڕێکی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان، یان دۆزینەوەی حەشارگایەکی هەمان مادده، یان دەستبەسەرداگرتنی بڕێکی زۆر لەو ماددانە، هەموو ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەوەی ئەم وڵاتە بەگشتی، بە کوردستانیشەوە، بەرەو گیرۆدە بوون بەم کارەساتە دەڕوا.

ئێران لە ڕۆژهەڵاتەوە و سوریا لە ڕۆژئاواوە دوو سەرچاوەی سەرەکین کە ماددەی هۆشبەر لێیانەوە، یان لە ڕێگەیانەوە، دێت بۆ عێراق، پێشترئەم وڵاتە وەک ناوچەی ترانزێت وابوو، بەڵام ئێستا وەک ناوچەی بەکارهێنان، یان تەنانەت دروستکردنی هەندێک جۆری ئەم ماددانەیە.

بازرگانی و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە عێراق و کوردستاندا گەیشتووەتە ئاستێکی کارەساتبار و بێ وێنە و دەستی کردووە بە دارزاندنی جەستەی کۆمەڵگا، بەتایبەتی لەنێو توێژاڵی گەنجان لە هەردوو ڕەگەز.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەڵێن، (٧٠٪)ی ئەو ناوچانەی کە ئەم مادده کوشندەیان تێدا بەکاردێ، گەڕەکە هەژار و پەراوێزخراوەکانن. ڕێژەی بێکاری، بەتایبەتی لە نێو گەنجاندا، گەیشتۆتە (٣٦٪)، لە وڵاتێکدا کە گەنجانی خوار تەمەن بیست و پێنج ساڵ نزیکەی (٦٠٪)ی دانیشتوانی ئەو وڵاتانە پێکدەهێنن.

لە بەرامبەر ئەم دۆخە ترسناک و ناهەموارەدا، دەبینین کەناڵە میدیاییەکان کە زۆربەیان سەر بە حزبە دەسەڵاتدارەکان و میلیشیاکانیانن، دیوی مەترسیداری ئەم دەردە و کاردانەوە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی وەک پێویست ناخەنە ڕوو، دەوڵەتیش تاکە چارەسەری ئەم کێشەیە لە ڕووبەڕووبونەوەی ئەمنیدا دەبینێتەوە، بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ بنەما و هۆکارەکانی، وەک ئەوەی دیاردەکە شتێکی سەرپێی و کاتی بێت.

ئەو ئامارە "فەرمی"یانەی کە لە لایەن (کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ) لە عێراق دەرچوون، ئاماژە بەوە دەکەن، لە ماوەی ساڵی (٢٠٢٢)دا، (١٤) هەزار کەس دەستگیرکراون، کە بریتین لە بەکارهێنەر یان بازرگانانی مادەی هۆشبەر، لەنێویاندا (٥٠٠) ژن هەیە کە لە لایەن باندە بازرگانییەکانەوە بەمەبەستی بەکارهێنان و گواستنەوەی ئەو ماددانە سودیان لێوەرگیراوە.

بە پێی ئامارە "فەرمییەکان"ی تر، بەهۆی ئەم هەڵمەتانەی لە نێوان مانگی (١١)ی ساڵی (٢٠٢٢) تا مانگی ئایاری (٢٠٢٣) لە بەغدا و پارێزگاکانی تر، بە کوردستانیشەوە، ئەنجامدراون، (٨٦٧٦) بازرگان و بەکارهێنەری مادده هۆشبەرەکان دەستگیرکراون و هەمان سەرچاوەش ئاماژەی بەوە کردووە کە (٤٠٦٧٨٣) کیلۆگرام ماددەی هۆشبەر لە هەموو جۆرەکان دەستی بەسەردا گیراوە، جگە لە (٤٥٦) چەکی جۆراوجۆر و (١١٨) نارنجۆک، و (٨٠٨) ئۆتۆمبێل(*).

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە ژمارەی زۆری ئەو ژنانەی مادەی هۆشبەر بەکاردەهێنن، ئەوانەن کە کەوتونەتە بەر توندوتیژی خێزانەکانیانەوە، جا چ لە لایەن باوک، یا برا یان مێردەوە بوویێت، لە وڵاتێکدا کە دەسەڵاتێکی دواکەوتوی خێڵەکی، پیاوسالاری زاڵە و ئەو داب و نەریتەی ئەوان ئیلهامی لێ وەردەگرن کۆمەڵە یاسا و ڕێسایەکی چەند سەدەیەک لەمەوبەرە و ژن بە مرۆڤی پلە دوو لەقەڵەم دەدات.

ئەو ژنە ئازاردراوانەی کە ڕێگەیەک بۆ هەڵهاتن لەو واقیعە تاڵەی تێیکەوتوون نادۆزنەوە، هەندێک لە ناچاریدا دووچاری خۆکوشتن و خۆسوتاندن دێن، هەندێکیش کە ڕادەکەنە دەرەوەی چوارچێوەی خانەوادە، لە غیابی ئەوەدا کە یاسا و دادگا بەرگرییان لێبکات، دەبنە نێچیرێکی ئاسان بۆ ئەم باندانە، ڕادەکێشرێن و پەنادەدرێن و شوێنی حەوانەوەیان دەدرێتێ، پاشان ئەم مادە هۆشبەرانەیان دەخەنە بەردەست تا کەمێک سەری خۆیان گەرم بکەن و پێیان وابێ لەو ژیانە کۆیلەتییە ڕزگاریان بووە، تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ، ئەمجا ئالوودە دەبن، و دواتر دەبنە ڕەواج پێدەری ئەو ماددانە لەنێو ئەو ژنانەی وەک ئەوان ئازاردەدرێن.

دیاردەی بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان لە عێراق و کوردستان لەم چەند ساڵەی دواییدا لەوە زیاتر تێپەڕیووە کە بازرگانییەکی سادە و کەم بێت کە لە لایەن هەندێک لە بازرگانانەوە پیادە دەکرێت، بەڵکو بۆتە چالاکییەکی ڕێکخراو و پەیوەست بە میلیشیا چەکدارەکانی سەر بە حزبە تائیفی و ناسیۆنالیستەکانی دەسەڵاتدار، هەروەها لە لایەن... ئەو هۆزانەی کە لە نزیک ناوچەسنورییەکان دەژین، ئەم کارەش برە پارەیەکی زەبەلاحی لێ پەیدا دەبێ و دەقۆزرێتەوە ئەمەش بۆ ئەوەی دەسەڵات و نفوزی خۆیانی پێ بپارێزێن، جگە لەوەش ئەم باندانە چەمک و لقی ناوچەیی و تەنانەت نێودەوڵەتیشیان هەیە و لە پەیوەندیدان لەگەڵیان، ئەمەش وایان لێ دەکات کە ئەم بازرگانییە پارێزگاری بکەن و بە بەردەوامی و پەرەی پێبدەن، بە تایبەت کە ئەو میلیشیا چەکدارانە بەهۆی بەشداریکردنیان لە دەسەڵاتدا دەستی باڵایان لەناو زۆرێک لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا هەیە.

دەکرێ بڵێین ئەم دیاردەیە تاکو ساڵی (٢٠٠٣) جۆرێک نامۆ بوو بە کۆمەڵگا لە عێراقدا واتە تا داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمریکاوە. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نۆرمە کۆمەڵایەتییە باوانەی نێو کۆمەڵگای ئەو کاتی عێراق و کوردستان کە ئەم جۆرە ڕەفتارەیان ڕەتدەکردەوە و هۆکارێکی تریش دەگەڕێتەوە بۆ دیکتاتۆرییەت و توندوتیژی و دڵڕەقی حکومەتی بەعس لەو سەردەمەدا لەگەڵ هەموو کۆمەڵگا بەگشتی و بەتایبەت ئەوانەی تۆمەتبارکرابان بەم تاوانە.

سەرمایەداری ئەو کاتە بەو ئەندازەیەی ئێستا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەبەریەک هەڵنەوەشاندبۆوە و هێشتا هەموو بەهایەکی کۆمەڵایەتی نەکردبوو بە پیشەسازیی و بازرگانییەکی پڕسود و کەڵەکەی سەرمایە. دەسەڵاتی بورژوازی لە عێراق و کوردستانەکەیدا لە دوو دەیەی دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسدا بەتایبەت لە ڕێگەی گرتنەبەری سیاسەتی ئابووری نیولیبرالیزمەوە ئەم کارەی ئەنجامدا. ئەم دیاردەی پەرەسەندنی بەکارهێنان و بازرگانی کردن بە ماددەی هۆشبەرەوە بەشێکە لەو پەرەسەندنە سەرمایەدارییە و بەرهەمی دەسەڵاتی بورژوا ئیسلامی عێراق و بورژوا قەومی کوردستانە.

سێ جۆری بە سودترین و پڕقازانجترین کەرتی پیشەسازی و بازرگانی لەسەر ئاستی هەموو جیهان بریتین لە پیشەسازی و بازرگانی چەک، و پیشەسازی و بازرگانی سێکس، و پیشەسازی و بازرگانی ماددەی هۆشبەر. لێرەشدا



لە عێراقدا هاوڕای پەرەسەندنی پیشەسازی و بازرگانی ماددەی هۆشبەر، پیشەسازی و بازرگانی سێکیش گەرچی لە ژێر پەردەوە، بەڵام وەک بەشێک لە کارەساتێک کە ژنانی عێراقی گرتۆتەوە، پەرەی سەندووە.

ئەم دیاردانە، کە بەشێکن لە تراژیدیایەکی داسەپاو بەسەر ڕۆڵەکانی چینی کرێکار و بەسەر ژناندا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە عێراق و کوردستاندا زیاتر پەرە دەستێنن، کار گەیشتووەتە ئاستێک کە بە ئاشکرا هەڕەشە لە قەوارە و پەیکەری کۆمەڵگا دەکات و هۆشداری دەدات لە دارمانی ئەم کۆمەڵگایە.

ئەم کارەساتە و دەیان دەرد و ناسۆری تر کە هاوکات لەگەڵ هاتنە سەرکاری ئەم حزبە تایفیی و قەومییانە بەرۆکی کۆمەڵگایان لە عێراق و کوردستاندا گرتووە، وەک لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان، بەشێکن لە بارودۆخێکی ئابووری و سیاسی زاڵ کە دیاری ئیمپریالیزمی ئەمریکا و ڕۆژاوا و نیولیبرالیزمەکەیانە و هەر لێرەشەوە لە ڕێگەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی - سیاسیی شۆڕشگێڕانەوە کە هەڵپێچانی ئەم بارودۆخە سیاسی و ئابوورییە بکاتە ئامانج، دەتوانێت لە هەنگاوی یەکەمدا سنورداریان بکاتەوە و پاشان بەرەو پوکانەوە و کۆتایی پێهێنانیان بەرێت.

ئەمەش تەنیا و تەنیا بە ئاسۆیەکی لەم چەشنە کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە، دەکرێ ئەنجامبدرێت، کە نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و خەباتی کرێکار و زەحمەتکێش و لاوانی بێکار و ژنانی ستەمدیدە، و هەموو ئەو توێژاڵە زۆرینەی کە دووچاری ئەم نەهامەتییانە بوون، ڕێکخراو یەکگرتوو بکات بەرەو هەڵپێچانی سەراپای ئەم ڕژێمە سیاسییە و وەلانانی دەسەڵاتە ئیسلامی و قەومییەکەی لە ناوەند و لە هەرێم.

٧ ئاب/ئۆگۆست ٢٠٢٣

(*)- دەزگای هەواڵگری شینخوا (٨)ی تەمموزی (٢٠٢٣).

# حوسێن ڕەحال و یادی سەد ساڵەی یەکەمین ڕۆژنامەی مارکسیستیی لە عێراق

نووسین و ئامادەکردنی:

عەبدوڵا سلێمان(مەشخەڵ)

دروستبوونی یەکەمین حەڵقەی مارکسیستی لە عێراق لە ژوورێکی مزگەوتی حەیدەرخانە لە بەغداد بەناوی ژووری (ئەلسەید یان ئەلسەومەعە) لەلایەن (حوسێن ڕەحاڵ و مەحموود ئەحمەد ئەلسەید و عەونی بەکر سدقی و مستەفا عەلی و محەمەد سەلیم فەتاح و عەبدوڵا جەدوع و فازڵ محەمەد ئەلبەیاتی( پاشان هەریەک لە (ئیبراهیم ئەلقەزاز و کەمال ساڵح و محەمەد ئەحمەد ئەلمودەریس و زەکی خەیری و ڕەشید مەتڵەگ و یوسف زەینەڵ) پێیانەوە پەیوەستبوون، هەر بەتەنها ڕووداوێکی ڕۆتین و کۆبوونەوەیەکی ئاسایی نەبوو، بەڵکوو سەرەتای سەرهەڵدانی بزاوتێکی سیاسی سۆشیالیستی و مارکسیستی بوو لە عێراق، کە تا ئەوکات مێژووی عێراق شتی لەمجۆرەی بەخۆوە نەبینیبوو.

هەر ئەم حەڵقە مارکسیستییە بوو لەهەوڵی ئەوەدابوو ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی لە عێراق دابمەزرێنێت. ئەم حەلقەیە کە بەناوکی بزاوتی مارکسیستی لە عێراق دێتە ئەژمار، لەدوای چەندین یەکتر بینین و گفتوگۆی چڕ و لێکنزیبوونەوەی ئەندامەکانی، توانی کۆمەڵێک هەنگاوی عەمەلی گرنگ لەمێژووی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە عێراقدا بنێت کە تا ئێستاش جێگەی وانە لێوەفێربوون و ڕامانە.

یەکێک لەو مەیدانانە بواری ڕۆژنامەگەری بوو کە ئەندامانی ئەو حەلقە مارکسیستییە تا ئاستێکی باش توانیان ئەسپی خۆیانی تیا تاو بدەن. ئەندامانی ئەو حەلقەیە دواتر قاوەخانەی ( ئەلنەقیب) لە قەنبەرعەلی دەکەنە شوێنی یەکتر بینین و ئینجا بیر لە دەرکردنی ڕۆژنامەیەک دەکەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن بیروباوەڕ و ئەو تێڕوانینەی کە بۆ ژیان و کۆمەڵگە هەیانە لەڕێگەی ئەو بڵاوکراوەیەوە گوزارشتی لێوە بکەن و لەوێوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی دواکەوتووی ئەوکاتی عێراق دابنێن. بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژنامەیەکی نیوە مانگیی (پانزە ڕۆژ جارێک) لە (٢٨)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٢٤) بەناوی (ئەلسەحیفە)وە دەردەکەن و حوسێن ڕەحاڵ (١٩٠٣ - ١٩٧١) کە ئەوکات قوتابی خوێندنی حقوق بوو لە بەغداد یەکەمین کەسیش بوو کە هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیی بوو لە عێراق؛ وەک سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیاز بەڕێوەی دەبات کە بابەتەکانی دەربارەی کێشە کۆمەڵایەتی و ئابووری و فیکرییەکانی ئەوکاتی عێراق و هەروەها دژایەتی دەرەبەگایەتیش بوو. بەمجۆرە حوسێن ڕەحال بوو بە یەکەمین سەرنووسەری یەکەمین بڵاوکراوەی مارکسیستی لە مێژووی ڕۆژنامەگەری مارکسیستی لە عێراق.

حوسێن ڕەحاڵ خاوەن ئەزموون و شارەزاییەکی باش بوو لەبواری فیکری مارکسیستی و سۆشیالیستیدا. ئەو یەکێک بوو لە کەسانەی کە زمانزان بوو و جگە لە زمانی عەرەبی، زمانەکانی ئینگلیزی و ئەڵمانی و فەرەنسی و تورکی و فارسیشی دەزانی. حوسێن سەردانی هیندستان و ئەڵمانیا کردبوو و ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتانەی دەخوێندەوە و دەیگەیاندە دەستی هاوڕێکانیشی یان وەک خۆی دەیوت (جەماعەتەکەی). ڕەحال هەڵسوڕاوێک بوو دەیویست بیروباوەڕی مارکسیزم لەسەر واقیعی عێراق پیادە بکات. ئەو دڵنیا بوو لە ڕاست و دروستی ئەو بیروباوەڕە شۆڕشگێڕانەیە و بۆیە هەموو ژیانی خستە خزمەت ئەو ڕێبازەوە.

ڕەحال و جەماعەتەکەی ڕۆژنامەی ئەلسەحیفەیان دەرکرد کە شەش ژمارەی لێدەرچوو لەنێوان ساڵانی (١٩٢٤ — ١٩٢٧) بەئاشکرا و بێئەوەی بیروباوەڕی خۆیان بشارنەوە لە مەیدانی ڕۆژنامەگەری ئەو سەردەمەدا بۆچوونەکانیان لەسەر کێشە و بابەتە گرنگ و هەستیارەکانی ئەو قۆناغەی ژیانی عێراق دەردەبڕی و قورسایی تەبلیغاتیشیان لەسەر ڕەخنەگرتن بوو لە دەوڵەمەندان و لایەنگری هەژاران بوو و دەیویست لێرەوە هەژارانی عێراق بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن. هەورەها گەلێ بابەتی فیکری شۆشیالیستییان لەو ڕۆژنامەیەدا دەهێنایە بەر باس کەئەمەش دژەکرداری ئیسلامییەکانی لێکەوتەوە و لە مینبەری مزگەوتەکانی بەغدادەوە کەوتنە تەشهیر بە ڕەحال و جەماعەتەکەی و بە بڵاوکردنەوەی کفر و ئیلحاد تاوانباریان کردن. ئەوەبوو ڕۆژنامەی ئەلسەحیفە دوای شەش ژمارە وەستێنرا و پاشان دوای دوو ساڵ جارێکی تر ڕۆژنامەکە دەست بەکار بۆوە و ئەمجارەش دوای تەنها دوو ژمارە جارێکی تر لە (١٧)ی ئایاری ساڵی (١٩٢٧) وەستێنرایەوە. واتە ڕۆژنامەی ئەلسەحیفە لەهەموو تەمەنیدا هەشت ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە. بەچاوگێڕانێک بە نووسراوە مێژووییەکان حوسێن ڕەحال و ڕۆژنامەی ئەلسەحیفە لەڕوانگەی ئەوەی تا ئێستا مێژوو پێمان دەڵێت دەتوانین بەمجۆرە بیبینین:

1. یەک: ئەلسەحیفە یەکەمین ڕۆژنامەی مارکسیستییە لە مێژووی بزاوتی ڕۆژنامەگەری سۆشیالیستی لە عێراق.

2. دوو: حوسێن ڕەحاڵ وەک هەڵسوڕاوێکی مارکسیستی یەکەمین سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامە مارکسیستییە .

3. سێ: بابەتەکانی ئەلسەحیفە ڕەخنەن لە ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی و برەودانن بە فیکری مارکسیستی و ڕەخنەن لە دەرەبەگایەتی و دوواکەوتوویی کۆمەڵگە لەسەرجەم بوارەکان.

4. چوار: یەکەمین ڕۆژنامە بوو لەلایەن هێز و لایەنە ئیسلامییەکانی ئەوکاتی عێراق کە بە بیانووی کوفر و ئیلحاد لە دەرچوون بوەستێنرێت.

5. پێنج: یەکەمین ڕۆژنامەیە کە مەسەلەی یەکسانی ژنان و پیاوان وەک مەسەلەیەکی ئینسانی بداتە بەر باس و گفتوگۆ.

6. شەش: بە پێچەوانەی سەرجەم ڕۆژنامە و بلاوکراوەکانی ئەو سەردەمەی عێراق، ئەلسەحیفە بەدوای بەدەستهێنانی پارەوە نەبوو بەڵکو بەدوای گۆڕینی خەڵکەوە بوو.

7. حەوت: شێوازی نووسینی ڕەحال و جەماعەتەکەی، زەق نەبووە و بەڵکو زانستییانە و ناڕاستەوخۆ بووە. بۆ نموونە لەبری ئەوەی بڵێ من مارکسیم، وتوویەتی بڕوام بە ماتریالیزمی مێژوویی هەیە بۆ شیکردنەوەی گۆڕانی کۆمەڵگە.

ئەمڕۆ لە کاتێکدا کە یادی سەد ساڵەی ئەو ڕۆژنامەیە و ڕۆژنامەنووسە مارکسیستە دەکەینەوە و لەدووتوێی لەپەڕەکانی دیرۆکەوە چەکە گوڵی ڕێز و وەفای پێشکەش دەکەین، هەر ئەم عێراقە بۆتە مەیدانی جموجۆڵی کۆنەپەرستترین بزووتنەوەی ئایینی، ئەو بزووتنەوە کۆنەپەرستەی کە ڕۆژنامەی ئەلسەحیفەی داخست و ئێستاش بۆیان بلوێ هەموو ئەو ڕۆژنامانە دادەخەن کە بۆنی پێشکەوتووخوازی و مارکسییەتی لێوە بێت. ئەو ئەرکەی کە لەسەر شانی حوسێن ڕەحاڵ و جەماعەتەی و سەرجەم مارکسیستەکانی نێو دیرۆکی عێراق بوو، ئێستاش هەمان ئەرک لەسەر شانی ئێمەی مارکسیستە بۆ ئەوەی بتوانین پاشەکشە بەو بزووتنەوە کۆنەخوازە ئایینییە بهێنین کە وەک شێرپەنجە دەمی ژەنیوەتە جەستەی بریندار و وەک پایەیەکی بنچینەیی ئەم کۆمەڵگە چینایەتییە ماندووە و خەریکە بڕست لە ژیانمان دەبڕێت.

لەم یادی سەد ساڵەیەی ڕۆژنامەی ئەلسەحیفە؛ سڵاو لە حوسێن ڕەحاڵی ڕۆژنامەنووسی مارکسیست، سڵاو لە ڕۆژنامەی ئەلسەحیفە، سڵاو لە هەموو ئەو بزاوتە ڕۆژنامەگەرییە مارکسیستەی کە ئەمڕۆ لە سەرتاپای عێراق و کوردستان و جیهان خەریکی شەڕێکی بەردەوامن دژ بە نیزامی سەرمایەداری و بۆرژوازی لەپێناو بەرگریکردن لە ئینسانییەت و بەهای ئینسان.

(٨)ی تەمموزی (٢٠٢٣)

تێبینی : بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە.

١-ملاحق المدى حسين الرحال و بدايات الفكر الاشتراكي في العراق د. عامر حسن الفياض

https://almadasupplements.com/view.php?cat=18968

٢-حسين الرحال و الحركة الاشتراكية في العشرينات د. سيف عدنان القيسي

https://almadasupplements.com/view.php?cat=18967

٣-حسين الرحال رائد الفكر الماركسي في العراق نبيل عبدالامير الربيعي

https://www.riadinoureddine.com/2022/01/blog-post_785.html

٤-الرحال و الدفاح عن قضايا المرآة حنا بطاطو

https://almadasupplements.com/view.php?cat=18973

# وەهمەکانی ڕۆشنبیر

ناجی ئەفراسیاو



هەمیشە سنوری نێوان فەلسەفە و ئایدۆلۆژیا، سنورێکی ڕوون و دیاری نییە. چونکە ڕەنگە شتێک لە فەلسەفە بچێتە نێو ئایدۆلۆژیاوە، شتێکیش لە ئایدۆلۆژیا بێتە نێو سنوری فەلسەفەوە. "دەشێت تا دوا ڕادەش، فەلسەفە بەتەواوی ئاوێتەی ئایدۆلۆژیا ببێت، بۆیە مرۆڤ نازانێت خاڵی سەرەتا ئایدۆلۆژیایە یان فەلسەفە، وەک ئەوەی لە "مارکسیزم"دا هەیە". پرسیارە سادە و باوەکە لەمەڕ ئەرک و بەرپرسیارێتیی نوخبەی ڕۆشنبیر ئەوەیە؛ کە بۆچی نەیانتوانیوە تەرجومەی دروشمەکانیان بکەن بۆ واقیع؟ بۆ تەنها وەک فرۆشیاری وەهم دەردەکەون؟ شکستی نوخبەی ڕۆشنبیر تەنها ئەوە نییە کە لە ڕابردوودا هیچ ڕۆڵێکی ئیجابی و یەکلاکەرەوەیان لە کایەی سیاسیدا نەبینیوەوە، بەڵکو لەوەش زیاتر نەبوونی ئایدیایەکی پێشکەوتنخوازنەیە کە جیلی نوێ پشتیان پێببەستێت. ئەم نووسینەی خوارەوە هەوڵێکە بۆ گرێدانی مەعریفە بە واقیعەوە، نەک ئەوەی مەودای نێوان نووسەر و واقیع فراوانتر بکەین.

سێ دەیە زیاترە نوخبەی ڕۆشنبیری ئێمە گلەیی لە خەڵک دەکات و پێیوایە کۆمەڵگا قەرزاربارییەتی، بۆیە جاروبار بەمنەتەوە قەڵەم و پەیکەرەکانیان دەفرۆشن، و هەندێکجاریش دەڵێن چیتر بۆ کۆمەڵگەیەک نانووسین کە منەتی پێمان نەبێت. گرامشی، ئەمجۆرە لە ڕۆشنبیر ناودەنێت، ڕۆشنبیری تەقلیدی، بەڵام کۆمەڵگە پێویستی بە ڕۆشنبیری ئۆرگانییە، کە لانی کەم نوخبە بەرهەم نەهێنێتەوە، و هەڵگری ئایدیای عەدالەت و ئازادی بێت. لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستدا، بیرمەندێکی لوبنانی (عەلی حەرب)، نوخبەی ڕۆشنبیران بەگشتی و ڕۆشنبیرانی عەرەب بەتایبەتی دەخاتەبەر نەشتەری ڕەخنەکانییەوە، چونکە جگەلەوەی دوورەپەرێزن لە کۆمەڵگەوە، هەروەها خەریکی دووبارە خۆبەرهەمهێنانەوەن. (حەرب) پێیوایە چیتر ڕۆشنبیر شکستی هێناوە لەوەی گوایە پێشڕەوەی کۆمەڵگەیە، و دەبێت نوخبە لەو وەهمە بێنە دەرەوە، و دووبارە دارشتنەوە بۆ چەمکەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و کاری سیاسی بکەن، چونکە ئەوە کۆمەڵگەیە دەبێت بگۆڕێت و سەرجەم توێژەکانییەوە کارا بن، نەک تەنها ئەو توێژەی خۆیان ناوناوە پێشڕەوانی هۆشیار و نوخبەی ڕۆشنگەر، کە پێیان وایە جگە لە خۆیان کەس بۆی نییە ڕەخنەبگرێت، یاخود کەس میسداقییەت و ڕەوایەتیی نییە قسە لەسەر بەها گشتییەکان بکات ئەوان نەبێت. بەڵام دواتر باجی ئەمەیان پەراوێزخستنیان بوو لە لایەن کۆمەڵگەوە.

ئەوەی لە ئەمرۆدا مەترسیدارە و تووشی دڵەڕاوکێیمان دەکات، پێشتر ئیدوارد سەعید دەربارەی ڕۆشنبیر خستوویەتەڕوو؛ (سەعید) لە کتێبێکیدا بەناوی (نوێنەرایەتییەکانی ڕۆشنبیر- Representations of the intellectual)، قسە لەسەر ئەو وێنە دەکات کە ڕۆشنبیر بۆ خۆیی دەکێشێت، یاخود لە لایەن خەڵکەوە بۆی دەکێشرێت، ناوبراو جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت ڕۆشنبیر لە کاتی پێشکەشکردنی ئایدیاکانیدا بۆ جەماوەر پەیوەستبوونی بۆ بەها باڵاکانی وەک عەدالەت و ئازادی هەبێت. چونکە ئەو هاوبەشیی لە ژیانی گشتیدا دەکات و نوێنەرایەتیی ئەوانە دەکات کە نوێنەریان لە دەسەڵاتدا نییە، بەوپێیەی کاری ڕۆشنبیریی وەزیفەیەکی گشتییە نەک تایبەت بۆیە دەبێت هێزەکەی بۆ دەرەوە بێت. هەر لەو کتێبەدا باس لە ڕۆڵی سیاسیی ڕۆشنبیران دەکات و پێیوایە هیچ شۆڕش و دژە شۆڕشێک بەبێ نوخبەی ڕۆشنبیر بەرپا ناکرێت. وەک گرامشی دەڵێت هەمووان ڕۆشنبیر و بیرمەندن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کێ وەزیفە و ئەرکی بیریار و ڕۆشنبیر جێبەجێدەکات. دواتر ئیدوارد سەعید ئەوە سەربار دەکات کە ئەمڕۆ ئەو کایانەی ڕۆشنبیر بەرهەمدەهێنێت زۆرن یەکێک لەوانە میدیا، ئەوانەشی بەئاشکرا شەرعییەت بە دەسەڵات دەدەن ئەو گروپەن کە (هادی عەلەوی) دەڵێت دەسەڵات ئیغرای کردوون و خستوونیەتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە بۆئەوەی درێژە بە دەسەڵاتیان بدەن.

عەلی حەرب، داخرانی عەقڵ و چەقبەستوویی فیکری نوخبە دەگەڕێنێتەوە بۆ خەمی ڕۆشنبیر کە ببێتە میراتگر و پەیامبەری ئازادی و حەقیقەت، دواجار دەرەنجامی ئەم ئەرکی پێشەنگبوونە لە واقیعدا بریتیبوو لە شکست و خەمۆکی و دوورەپەرێزی. تەنانەت لەدوای شۆڕشی ئایاری (١٩٦٨)ی فەرەنسا، ڕۆشنبیرە دیارەکانی گۆڕەپانەکە؛ چەمک و ڕۆڵی ڕۆشنبیریان خستە ژێرپرسیارەوە. سارتەر یەکێک بوو لەوانەی ڕووداوەکان و جۆش و خرۆشی توێژەکانی کۆمەڵگە تووشی سەرسوڕمانی کرد و دانی بەوەدانا؛ کە هیچ ڕەوایەتییەکی تیدانییە ڕۆشنبیر لەبری ئەوانی تر بیربکاتەوە. هەر ئەوکاتیش فۆکۆ وتی دەبێ سەرەخۆشی لە "ڕۆشنبیری گەردوونی" بکەین، پێیوابوو چیتر ئەو زەمەنە گوزەشت کە نوخبە حەقیقەت بە خەڵک بڵێت، چونکە ئێستا ئەوانیش لە خەڵک زیاتر نازانن. هەڵبەت دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە جیاوازییەکی گەورە لە مێژووی ڕۆشنبیریی ئێمە و ڕۆژئاوادا هەیە؛ بەوپێیەی هەر لە ڤۆڵتێر و ڕۆسۆ تا دەگات بە سارتەر و فۆکۆ، ڕۆڵیان هەبووە لە ئاراستەکردنی کۆمەڵگە و دروستکردنی ڕای گشتی، و هۆشیاریی دەستەجەمعی، بەڵام لەوەتەی پیشەی ڕۆشنبیریی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا گەشەیکردووە، بارودۆخەکە خراپتر بووە، بەتایبەت پاشەکشێیەکی زۆر لەسەر ئاستی ئازادییەکان بەدیدەکرێت. ئەوان لەڕێگەی کۆمەڵێک دروشمەوە بانگەشەی گۆڕینی واقیعیان دەکرد؛ کەچی پێچەوانەکەی دەبینرێت، داوای یەکرێزیی نەتەوەییان دەکرد، ئێستا پەرتەوازەیی زیاتر دەبینرێت، بانگەشەی ئازادییان دەکرد، کەچی ڕۆژبەڕۆژ ئازادییەکان لە پاشەکشێدان، خۆیان بە بانگخوازی سکۆلاریزم دەزانی کەچی سەلەفییەت و بزووتنەوەکانی فەندەمێنتاڵیزم گۆڕەپانی فیکر و بوارەکانی ژیانیان تەنیوە. ئەم پاشەکشێ گەورە لە دۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوریی ئێمەدا ڕۆشنبیرانی بەخەبەر نەهێناوەتەوە.

(حەرب) پێیوایە ئەمڕۆ ڕۆشنبیران لە پێگەیەکدا قەتیسبوون، و تەوەهمی ئەوە دەکەن کە لە لایەن دەسەڵات و بزووتنەوە فەندەمێنتاڵیستەکان گەمارۆدراون. بەڵام لەڕاستیدا ئەوان گیرۆدەی نێرگسییەت و خۆبەزلزانیی خۆیانن، خۆیان وەک توێژێکی گوڵبژێری کۆمەڵگە، و ویژدانی نەتەوە، و پاسەوانی هۆشیاری، دەستەبژێرکردووە. پێیانوایە تاکە فریادڕەسی کۆمەڵگەن بۆ ڕزگارکردنیان لە جەهالەت و دواکەوتوویی. باجی ئەو نوخبەگەرایەش، بریتیبوو لە دوورەپەرێزیی ڕۆشنبیران لەو خەڵکەی دەیانویست بیانخەنە سەر "ڕاستەڕێی ئازادی و پێشکەوتن". بەم پێیەش؛ ئەوان چیتر لە وەهمەکانیاندا دەژین و خۆیان نەفی کردووە، چونکە دیلی ئایدیای چەقبەستوەکانیان بوون، بۆیە ئەوە واقیعە کە گەمارۆیان دەدات. کێشەی ڕۆشنبیر لە ئایدیا یۆتۆپییەکانیاندایە؛ داوای ئازادییان دەکرد بۆ ئەوەی مومارەسەی دکتاتۆرییەت بکەن. هەروەها نەک خۆیان بەقەرزاری کۆمەڵگا نازانن، بەڵکو زیاتر عەقڵییەتێکی فاشیستانەیان هەیە؛ دەیانەوێت نووسین تەنها موڵکی دەستەبژێرێک بێت و مۆنۆپۆڵی کایەی نووسین بکەن. ڕەنگە زۆرێک پاساوی ڕۆشنبیران بەوە بدەنەوە، کە دەبێت دەست بەم قودسییەتەی ڕۆشنبیرانەوە بگیرێت چونکە ئەهلی فیکر ئیمتیازێکیان هەیە و بیردەکەنەوە. بەڵام نابێ ئەوە لەبیربکەین کە کاری فیکر شمشێرێکی دوو سەرەیە؛ دەکرێت کەرەستەیەکی ئاشکراکردن و ڕۆشنگەریی بێت، دەشکرێت ببێتە کەرەستەی شاردنەوە و چەواشەکاری. بۆیە دەبێ خاوەن ئایدیا هەمیشە لە دڵەڕاوکێی و نیگەرانیدا بێت، لە نێوان فیکر و ڕووداودا، لەنێوان تیۆر و پراکتیکدا دارشتنەوە بۆ ئایدیاکانی بکات.

لەلایەکی ترەوە؛ ڕۆشنبیران خۆیان لەگەڵ ژینگەی سیستەمی سەرمایەداریدا گونجاندووە، چیتر کولتوور و ڕۆشنبیری پەیوەستبوونی بە ئیستاتیکا یان هونەرەوە نەماوە، بەڵکو ڕۆشنبیر یان هونەرمەند بەپێی بری قازانج و چۆنێتیی فرۆشتنی بەرهەمەکانییەوە خۆی دەپێوێت. بۆیە فرۆشتنی قەڵەمی شاعیرێک یان پەیکەری ڕۆماننووسێک بەو سیستەمە نامۆ نییە کە مارکس ڕاڤەی پەیوەندیی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و سەرخانەکەی دەکات و دەڵێت: "خەڵک بەبێ ویست و ئیرادەی خۆیان، لەڕێگەی بەرهەمی کۆمەڵایەتییانەوە دەچنە نێو پەیوەندییەکی دیاریکراوی زەرورییەوە، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەگەڵ پلەی گەشەسەندنی توانای هێزی ماتریاڵیی بەرهەمهێناندا دەگونجێت. کۆی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەبنە ستراکتۆری ئابووریی کۆمەڵگا و ژێرخانی ماتریاڵیی بەرجەستەکراو، کە دواتر سەرخانی یاسایی و سیاسی لەسەر ڕادەوەستێت". پەیوندیی دیالەکتیکیی نێوان ژێرخان و سەرخان ئاڵۆزە، بەڵام هەمیشە لە کۆتاییدا ژێرخانی ئابووری دەبێتە هێزی یەکلاکەرەوە. لە کۆتاییدا دەشێت ئەو پرسیارە بوروژێنین؛ کە ئایا ئەوە دۆخە ئابوورییەکەی نوخبەی ڕۆشنبیر نییە، کە هەڵوێست و بۆچوونەکانی لەمەڕ ڕووداوەکان دەستنیشان دەکات؟

١١-٨-٢٠٢٣

# لە یادی پێنج ساڵەی ڕێکخراودا هاوڕێیان لە بەغدا و کەرکوک و تکریت و سلێمانی و پارێزگای دیوانیە و میسانەوە بۆ ڕۆژنامەکانمان دەدوێن:

**بە بۆنەی پێنجەمین ساڵیادی دامەزراندنی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق)، ڕۆژنامەی (الغد الاشتراكي) چاوپێکەوتنی لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی ڕێکخراوەکە ئەنجامداوە، لە شارە جیاوازەکان و لەگەڵ گەنجان و ژنان و کرێکاران، کە تیایدا، باس لە پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو ڕێکخراوە و دیارترین ئەو کار و چالاکییانە دەکەن کە ئەنجامیان داوە لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا، بۆ زیندووکردنەوەی کۆمۆنیزمی شۆڕشگێڕانە لە عێراق و ناوچەکەدا.**

**ڕۆژنامەی ڕەوت وەرگێڕانی ئەم چاوپێکەوتنەی بە پێویست زانی و هەر بە بۆنەی ئەم یادەشەوە، پیرۆزبایی لە خوێنەرانمان و لەو کەسانە دەکەین کە هاوبەشی ئامانجەکانمانن.**




ئەلغەد الاشتراکی: هاوڕێ ڕەشید، تۆ تێکۆشەرێکی کۆمۆنیستی خاوەنی مێژوویەکی درێژخایەنی خەباتیت، ئەزموونت لەگەڵ زۆرێک لە حزب و ڕەوتە کۆمۆنیستەکانی عێراقدا هەبووە، چ شتێک (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) لەباری سیاسی و ڕێکخراوەییەوە، لەوانی تر جیا دەکاتەوە؟

## ڕەشید ئیسماعیل:

تا ئێستا ئەندامی چەندین ڕێکخراوی کۆمۆنیستی بووم و لە ڕیزەکانیاندا خەباتم کردووە، وەک (حزبی شیوعی عێراق) و (قیادە مەرکەزی) و (وەحدەی قاعیدە) و چەندی تر، تا ئەوەی لە ئێستادا باوەڕی تەواوم بە (بەدیلی کۆمۆنیستی) هەیە بۆ کاری کۆمۆنیستی.

بەڕاستی ئەم ڕێکخراوە دەستپێشکەر بوو لە دەستنیشانکردنی وەرچەرخانە مێژووییەکاندا بۆ چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش، هەر وەک لە (ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩) دا، لە ناوەڕاست و خواروی عێراقدا بینیمان، کە چەند ڕۆژێک بەر لە ڕاپەڕینەکە بەیاننامەی دەرکرد و باسی لەو ڕاپەڕینە دیاریکراوە کردووە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم ڕێکخراوە لەناو دەرد و ئازارەکانی جەماوەردایە و دەستنیشانی ئەوەی کردووە کە تەقینەوەکەیان بەڕێوەیە. لە ڕاپەڕینەکەشدا دروشمی (هەموو دەسەڵات بۆ جەماوەری ڕاپەڕیوو)ی بەرزکردەوە کە گوزارش لە بیر و باوەڕەکانی ئەم ڕێکخراوە دەکات سەبارەت بە تواناکانی جەماوەر بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، و (هێڵە گشتییەکانی پێکهێنانی شۆڕا)ی خستەڕوو بۆ بنیاتنانی دەسەڵاتی جەماوەر و ڕزگاربوون لەدەست دەسەڵاتی میلیشیایی حزبە قەومی و ئیسلامییەکان و سیاسەتە داگیرکارییەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و (سندوقی دراوی نێودەوڵەتی) و (بانکی نێودەوڵەتی) کە جەماوەر بە دەستیانەوە دەناڵێنن.

ئەلغەد الاشتراکی: پرسیارمان لە هاوڕێ عەبدوڵا کرد کە دیدگا و تێڕوانینی ئەو بۆ کاری ڕاگەیاندنی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) چییە، و هەروەها ئەو ئاڵەنگارییە سەرەکییانەش چین کە لە بەردەم میدیا و میدیاکارانی ڕێکخراوەکەدان؟

## عەبدوڵا ساڵح:

پلاتفۆرمە جۆراوجۆرەکانی میدیای (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)، توانیویانە لە نێو میدیای چەپدا پێگەیەکی باش پەیدا بکەن، وەک پلاتفۆرمێک کە هۆشیاری مارکسیستی و سۆسیالیستی بڵاودەکەنەوە و خەبات دەکەن لە پێناو یەکڕیزی چینایەتی کرێکاران و جیاکردنەوەی لە ڕیزەکانی چینی بۆرژوازی و هەوڵدان بۆ یەکخستنی ئەم خەباتە لە ئاستە جیاوازەکاندا.

هەروەها گرنگییەکی سەرەکی و هەمەلایەنەیان داوە بە خەباتی ژنان لە پێناو ڕزگاربوون لە چنگی کۆمەڵگای پیاوسالاری کۆنەپەرست، و هەوڵی بەستنەوەی ئەو خەباتەیان داوە بە خەباتی چینی کرێکار. ئەمە و فۆکەسیشیان کردۆتەسەر خەباتی توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگا کە لە گەنجان و فەرمانبەران و بێکاران و تیشکیان خستۆتە سەر خەباتیان بۆ ڕزگاربوون لە ژیانی کولەمەرگی، هەژاری و نەبوونی ئازادیی، کە لە لایەن دەسەڵاتی ئیسلامی تائیفی و قەومییەوە لە عێراق و کوردستاندا داسەپێندراوە.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش، میدیاکانی ڕێکخراومان بەشدارییان کردووە لە ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی چینایەتیی ڕژێمی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد. لەم نێوەدا ڕۆژنامەی (ڕەوت) ڕۆڵێکی سەرەکی هەبووە لە ئاشکراکردن و ڕوونکردنەوەی کار و کردەوەکانی ئەم دەسەڵاتە و هاندانی جەماوەری زەحمەتکێش لە پێشەنگیانەوە چینی کرێکار، لە پێناو کۆتایی هێنان بەم دەسەڵاتە بۆرژوا قەومییە.

یەکێک لە دیارترین ئەو ئەلەنگارانەی ڕووبەڕومان دەبنەوە توانایی داراییە کە دەبێتە بەربەستێک لە ڕێگای فراوانکردن و پەرەپێدانی پلاتفۆرمە میدیاییەکانمان، ئەوەش وایکردوە نەتوانین هەموو ڕوداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی ئابورییەکان بدەینە بەر ڕەخنە و شیکردنەوە بەدرێژایی ڕۆژ و بە بەردەوامی، نەک تەنیا لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان بەڵکو لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهانیش، لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئاگایی و ڕێبازی فکری کۆمۆنیستی، بەتایبەتی کە ڕێکخراوی بەدیل، لەڕێگای کادرە کۆمونیستە تێکۆشەرەکانیەوە بەهرەمەندە لە توانایەکی فکری و سیاسی بەرچاو.

ئەلغەد الاشتراکی: سەبارەت بە ڕۆڵی گەنجان و پێگەی ئەوان لە ناو (ڕێکخراوی بەدیل)دا، لە هاوڕێ عەباس فازڵمان پرسی: وەک گەنجێک چۆن سەیری ئەزموونی خۆتان دەکەن لەناو ئەم ڕێکخراوەدا، بەتایبەتی تۆ یەکێکیت لەو کادیرانەی کە هەر زوو پەیوەست بووی بە ڕیزەکانییەوە، ڕێکخراوەکە چۆن حساب بۆ بەشداریکردنی گەنجان دەکات لە کاری کۆمۆنیستی شۆڕشگێڕانەدا؟

## عەباس فازڵ:

لە سەرەتاوە سڵاوم بۆ هاوڕێیان هەیە، و پیرۆزباییشیان لێ دەکەم بەبۆنەی پێنجەمین ساڵیادی دامەزراندنی ڕێکخراوەوە، وە هەر بەم بۆنەیەوە داوا لە کرێکاران و کۆمۆنیستە ڕزگاریخوازەکان دەکەم کە بێنە نێو ڕیزەکانمانەوە بۆ بەدیهێنانی سۆشیالیزم. لە ڕاستیدا ئەزموونی گەنجان لە ڕیزەکانی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)دا ئەزموونێکی ناوازەیە کە لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەدا هاوشێوەی کەمی هەیە. ڕێکخراومان بە هەموو تواناکانییەوە بەو ئاڕاستەیە هەنگاو دەنێت کە لاوانی کچ و کوڕی بگرێتە خۆی و کەشێکی ئازاد لەناو ڕێکخراوەکەدا دابین بکات و هەمیشە ئاوات و بیر و بۆچوونەکانیان لەبەرچاو بگرێت و گرینگییەکی زۆریش بدات بە ڕەخنەکانیان.

پرسیار: هاوڕێ نەوزاد، (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) لە هەرێمی کوردستاندا کار و چالاکی و کاریگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، ئەگەر بکرێ لەوبارەوە ئاگادارمان بکەنەوە لە کار و چالاکییەکانتان؟

## نوزاد بابان:

هەم وەک کادری (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) و هەم وەک هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و کرێکاری لە کوردستان، ڕۆڵمان بینیووە لە زۆربەی بزووتنەوە نارەزایەتییەکان و مانگرتنی شارەکان لە دژی نەبوونی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان و بێکاری و هەژاری و دواکەوتنی موچە.

هەر لەم مانگەدا (تەمموزی 2023)، لەنێو ئەو خەڵکەدا ئامادە بووین کە مانیان گرتبوو لە شاری (کفری) و چادریان هەڵدابوو، لەوێ وتارێکمان پێشکەش کرد و چەندین چاوپێکەوتنمان لەگەڵ خۆپیشاندەران ئەنجامدا بۆ ڕۆژنامەکەمان (ڕەوت)، بەتایبەتی لەگەڵ گەنجانی بێکار و ئێستاش لە پەیوەندیداین لەگەڵیاندا بۆ هێنانەدی ڕێکخراوێکی تایبەت بە بێکاران لە شارەکەدا. هەروەها لە مانگەکانی (شوبات و ئازاری 2023) لەناو نارەزایەتی و مانگرتنی شاری دەربەندیخان و شاری هەڵەبجەدا ئامادە بووین، و هەمان ئەو چالاکییانەی وەک چالاکییەکانی شاری کفریمان ئەنجامداوە.

ئەمە و لە ساڵانی پێشوودا، ڕۆڵمان هەبووە لە بەشداری کردن و ڕێکخستنی شەپۆلە یەک لە دوای یەکەکان لە خۆپیشاندانی کرێکاران و فەرمانبەران و مامۆستایان دژی حکومەتی هەرێم، بەهۆی نەدانی مووچە، وەیا دواخستن و بڕینی بەشێک لێی، وەستاندنی دەرماڵەکان و پلەبەرزکردنەوەکان.

هەروەها لەنێو مانگرتنی کرێکارانی ژینگەپارێزی شارۆچکەی (تەکیە) ئامادە بووین کە لە مانگی شوباتی (2022) مانگرتنیان ئەنجامدا، لەگەڵ ئامادەبوونمان لە خۆپیشاندانەکانی خوێندکارانی زانکۆ و بەشە ناوخۆییەکانی سلێمانی، کە لەوێ فڕێندرام (لە سەرەتای کانوونی یەکەمی 2021) لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە و بۆ ماوەی زیاتر لە هەفتەیەک لە زیندانەکانیان دەستگیرکرام.

ئەلغەد الاشتراکی: هاوڕێ نادر جیاوازی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) لەگەڵ باقی هێز و لایەنە کۆمۆنیستەکانی ناو هەرێم چییە؟

## نادر عبدالحمید:

بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراق، لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەوە تا ئێستا، چەندین ڕێباز و خەتی فکری و ستراتیژی سیاسی و نەریتی خەباتکارانە و ڕێکخراوەیی جیاوازی بەرهەم هێناوە، لە مامەڵەیدا لەگەڵ بارودۆخی سیاسی کوردستانی عێراق.

لە ئێستادا ڕێبازی فکری و سیاسی "کۆمۆنیزمی کرێکاری" لەلایەن (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان)ەوە نوێنەرایەتی دەکرێت، کە ڕێبازێکی کامڵ و هاوئاهەنگە لەناوخۆیدا لەڕووی فکری و سیاسییەوە. ڕێباز و خەتی دووەم، کە یەکێتی کۆمۆنیستەکان سەر بەو خەتەیە، لەژێر کاریگەری ئەزموونی سیاسی کوردستانی سوریا و بیرۆکەکانی عەبدوڵا ئۆجالاندایە. ئەم ڕێبازە لە ڕووی سیاسییەوە مەیلی هەیە بۆ (پەیەدە -پارتی یەکێتی دیموکرات)ی کوردستانی سوریا و (پ.ک.ک)ە و هاوشێوەکانیان لە کوردستانی عێراق.

جگە لەم دوو ڕێبازە فکری و سیاسییە، چەند گرووپ و کۆڕوکۆمەڵی فکری و سیاسی ڕۆشنبیرانی مارکسیست هەیە، وەک (ئەڵتەرناتیڤی سۆسیالیستی) و (وەرچەرخان) و (سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان) کە ئەمەی دواییان سەربە فکری ترۆتسکییە. ئەم گروپ و کۆڕوکۆمەڵە فکری و سیاسییانە، هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی کە ڕێبازێکی سیاسی هەمەلایەنەی یەکگرتوو و تۆکمە بخەنەڕوو بۆ چالاکی سیاسی، کار و چالاکی بەردەوامیان بریتییە لە بڵاوکردنەوەی بیری مارکسیزم و پڕوپاگەندەی سۆسیالیستی بەدژی سەرمایەداری و دەسەڵاتی بورژوازی.

ڕێبازی فکری و سیاسی سێیەم هی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)ە کە مارکسیزم و ئینتەرناسیۆنالیزمی وەک ڕێبازێکی فکری سیاسی یەکگرتوو بەرجەستەکردۆتەوە، ئەمەش لە بەیاننامەی دامەزراندنەکەی و مامەڵەکردنی لەگەڵ (ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩) و چەندین بەڵگەنامەی پەیوەندیدار بە بارودۆخی سیاسی عێراق بە گشتی و بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستانی عێراقەوە هەیە بەرجەستەبۆتەوە. ئەمە جیاوازییەکان بوو لەڕووی ڕێبازی فکری و سیاسییەوە.

هەرچی جیاوازییەکانیشە لەڕووی ستراتیژەوە، ئەوا چەپ لە کوردستانی عێراقدا دابەشبووە بەسەر سێ ستراتیژی سیاسیدا: یەکەمیان ستراتیژی (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان)ە، کە لە کۆنگرەی دامەزراندنیدا لە (٢٠٠٨) و لە بەرنامەکەیدا، سەربەخۆیی کوردستانی پەسند کردووە، هەروەها پاڵپشتی (ڕیفراندۆمی بارزانی)یش بووە لە (٢٠١٧)دا. ئەم حزبە پێی وایە سەربەخۆیی کوردستان، ڕێگەی بەهێزبوونی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و ڕێگەی ڕزگاری جەماوەری زەحمەتکێشە؛ هەم لە ستەمی نەتەوەیی و هەم لە زوڵم و زۆری حیزبە قەومییە کوردییەکانی فەرمانڕەوا. ئەم حیزبە داوای کۆتاییهێنان و ڕووخاندنی دەسەڵاتی حیزبە میلیشیا ناسیونالیستەکان دەکات لە هەرێم، لە ڕێگەی ڕاپەڕینێکی شۆڕشگێڕانە و دامەزراندنی دەسەڵاتی شۆرا جەماوەرییەکانەوە، بەڵام ئەم سیاسەتە بەشێکە لە ستراتیژەکەی بۆ سەربەخۆیی کوردستان، بە واتایەکی تر؛ وەلانانی دەسەڵاتی حزبە بورژوا ناسیونالیستەکانی کورد، بە ڕاپەڕین و شۆڕش و دامەزراندنی دەسەڵاتدارەتی شۆرا جەماوەرییەکان، ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە ستراتیژی ئەو حزبە کە سەربەخۆیی کوردستانە.

ستراتیجی دووەم داوای سەربەخۆیی ناکات، بەڵکو داوای خۆبەڕێوەبردنی خۆجێی (الإدارة الذاتية المحلية) جەماوەر لە شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان دەکات، هاوشێوەی ئەوانەی لە کانتۆنەکانی ئەو ناوچانەدا هەن کە لەژێر دەسەڵاتی "پەیەدە" (پارتی یەکێتی دیموکرات) لە باکوری سوریادا دەبینرێن، واتە کانتۆنەکانی جزیرە و کۆبانێ و عەفرین (پێش داگیرکردنی لەلایەن تورکیاوە). هەروەها ئەم ستراتیژە خوازیاری نەمانی دەسەڵاتی حزبە فەرمانڕەواکانە بۆ ئەوەی جەماوەر ئازاد بێت و خۆبەڕێوەبردنێکی خۆجێی دابمەزرێنن.

سەبارەت بە ستراتیجی سێیەمیش جەخت لەسەر هاوبەرژەوەندیی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی ستەملێکراو و گەنجانی شۆڕشگێڕی هەرێمی کوردستان دەکات لەگەڵ هی سەرتاسەری عێراق، و کار دەکات بۆ لێکهەڵپێکان و یەکخستنی تێکۆشانەکانیان لە سەرتاسەری عێراقدا بۆ هێنانەدی بزووتنەوەیەکی چینایەتی هۆشیارانەی خاوەن ئاسۆیەکی سۆسیالیستی، دژ بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە-سیاسییەکانی بۆرژوازی، لە ناسیۆنالیزم و ئیسلامیزم و ڕیفۆرمخوازی لیبراڵ، و پوچەڵکردنەوەی ڕۆڵ و کاریگەریی فکری و سیاسییان، وە دژ بە سەراپای ڕژێمە سیاسییەکەیان و فەرمانڕەوایەتی حزبە بۆرژواکانیان لە ڕەوتەکانی ئیسلامی سیاسی تائیفی و قەومی هەم لە ناوەند (بەغدا) و هەم لە هەرێم (هەولێر).

بێ گومان ئەمەش پێویستی بە بەرجەستەکردنەوە و دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی سیاسی چینی کرێکار هەیە، لەڕێگەی خەباتێکی ماندوونەناسانەی فیکری و سیاسییەوە، لەدژی مەیل و گرایشە بۆرژوا قەومی و ئایینی و لیبراڵییەکان، و هەروەها لەدژی ئەو ستراتیژانەی ناو بزووتنەوەی چەپی کوردستانیش کە لەگەڵ بەرژەوەندی چینی کرێکاردا ناکۆکن، ئەمەش بۆ یەکخستنی ڕیزی کۆمۆنیستەکان و مارکسیستەکان لە پێناو ئامادەکردنی چینی کرێکار بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی لە عێراقدا و دامەزراندنی حکومەتی کرێکاری خۆی، ئەمە ئەو ستراتیژیە کە ئێمە لە (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) گرتوومانەتەبەر و جیامان دەکاتەوە لە ستراتیژی لایەنەکانی تری ناو بزووتنەوەی چەپی کوردستان.

جیاوازییەکانی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) لەگەڵ باقی حزب و ڕێکخراو و لایەنەکانی ناو بزووتنەوەی چەپ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا تەنها سنوردار نابێتەوە بە جیاوازی لە ڕێبازی فیکری - سیاسی و ستراتیژ، بەڵکو ئەو جیاوازیانە درێژیش دەبێتەوە بۆ مەیدانی تاکتیکی و خەباتی کردەیی ڕۆژانەش.

بۆ نموونە، کۆمەڵێک چالاکوانی سەربەخۆی بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و کرێکاری، لەگەڵ هەڵسوڕاوان و ئەندامانێکی (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان) و (یەکێتی کۆمۆنیستەکان) و (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)، هەر هەموو ئەو چالاکوان و هەڵسوڕاوانە لە سەرەتای نیسانی (2022) لە بارەگای (حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان) لە سلێمانی کۆبوونەوە بۆ تاوتوێکردنی یادکردنەوەی یەکی ئایار بەیەکەوە لەو شارە، بەڵام هەفتەیەک دوای ئەم کۆبوونەوەیە، بە دەعوەتنامەی (حزبی شیوعی کوردستان) بۆ هەردوو حزبی (کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان) و (یەکێتی کۆمۆنیستەکان)، ئەندامان و چالاکوانانی ئەو دوو حیزبە بە "دەستخۆشانە"ی حیزبەکانیان، پشتیان لە هاوڕێکانیان لە (ڕێکخراوی بەدیل) و کۆمەڵێک چالاکوانی سەربەخۆ کرد و چوون بەدەم داوەتنامەکەی (حزبی شیوعی کوردستان)ەوە بۆ بەرپاکردنی ئاهەنگێک بە بۆنەی یەکی ئایار لەگەڵ (کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) بە ڕابەرایەتی (عەبدوڵای موهتەدی)، کە ڕەوتێکی ناسیونالیستە و مێژووەکەی پڕە لە دژایەتییەکی ڕاشکاوانە و ئاشکرای کۆمۆنیزم و بزووتنەوەی کرێکاری لە ئێران و هاوکاری (ڕەزا پەهلەوی) کوڕی شای ئێرانە بۆ دەست بەسەراگرتنی ڕاپەڕینی ژنان و خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخوازی ئێران، بەدوای کوشتنی (ژینا ئەمینی)یەوە. لەبەر ئەوە ئێمە و چالاکوانە سەربەخۆکان خۆمان بەدوور گرت لە بەشداریکردن لەم ئاهەنگەدا چونکە هێزێکی ناسیونالیستی دژە کۆمۆنیست و دژە کرێکاری لەو چەشنەی ڕەوتەکەی (عەبدوڵای موهتەدی) بەشێکە لە ڕێکخستن و بەرپاکردنی وەها مەراسیمێک.

هەرچی (حزبی شیوعی کوردستان)ە، نە لە مێژووی ڕاستەقینەی خۆیدا و نە لە ڕێبازە سیاسییەکەیدا، سەر بە بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی کوردستانی عێراق نییە، لە ڕووی مێژووییەوە درێژکراوەی (ڕێکخراوی کوردستانی حزبی شیوعی عێراقی)یە، کە سازشکار و هاوکاری بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و حزبە کۆنەپەرست و سەرکوتگەرەکانی بووە، لە کاتێکدا یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی لە کوردستانی عێراقدا، هەستیاری و دوژمنایەتییە سیاسییەکەیەتی بەرامبەر بە حیزبە نەتەوەییەکان. مێژووی بزووتنەوەی چەپ دەرئەنجامی جیابوونەوەی ڕۆشنبیرانی مارکسیستییە لە حزب و ڕەوتە ناسیۆنالیستەکان لە ناوەڕاستی حەفتاکان تا نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، بەڵام مێژووی (حزبی شیوعی کوردستان) مێژووی پاشکۆیەتییە بۆ ناسیونالیزمی کورد و حزبە فەرمانڕەواکانی.

ئەلغەد الاشتراکی: سەبارەت بە پرسی ژن، کە پرسێکی بنەڕەتییە بۆ ڕێکخراوی (بەدیلی کۆمۆنیستی)، دەچینە لای هاوڕێ حەنین کە (ئەندامی کۆمیتەی بەغدا)یە و دەپرسین، تا چ ڕادەیەک ئەم ڕێکخراوە ڕزگاری و یەکسانی ژنان خستۆتە دەستوری کاری خۆیەوە و پشتیوانی دەکات، وە ئامراز و شێوازەکانی بەدیهاتنی کامانەن؟

## حەنین ئەلحاتم:

لە (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق): (ڕێکخراوی بەدیل) ڕۆڵی گەورەی هەیە لە پاڵپشتیکردنی ژنان، وە بەشداریکردنیان لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەییدا لەسەر ئاستێکی یەکسان لەگەڵ پیاوان، بەشداریکردنیان لە کۆبوونەوەکان، وە لەوەی کە دەنگیان بیستراوبێت لەناو ڕێکخراودا، و بیر و بۆچونەکانیان لەبەرچاو بگیرێت لە سیمینار و کۆبوونەوەکاندا. ئەمە و کردنەوەی [قوتابخانەی فێمینیستی (المدرسە النسویە)] لەبیر نەکەین، کە ئەو قوتابخانەیە ڕۆڵی سەرەکی لە پەروەردەکردنی ژناندا هەیە، و بەشدارە لە بڵاوکردنەوەی بیری فێمینیستی کۆمۆنیستی یەکسانیخواز و ئازادیخواز.

ئەلغەد الاشتراکی: سەبارەت بە کاری ڕێکخراو لە باشووری عێراق، بە تایبەتی لە پارێزگای میسان، ئەم پرسیارەمان ئاراستەی هاوڕێ سامی الیساری کرد: ئەو پاڵنەرانە چی بوون کە وای لە ئێوە و هاوڕێکانتان کرد بچنە نێو ڕیزەکانی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)، وە هێڵی سیاسی ئەم ڕێکخراوە چۆن دەبینن؟

## سامی الیساری:

ڕاستییەکە ئەوەیە کە وابەستەیی چینایەتی پێویستە، بۆیە ئێمە ئەمڕۆ هیچ هەڵبژاردەیەکمان نییە جگە لە کارکردن بۆ خەونە مەزنەکەی شۆڕشی سۆسیالیستی. پەیوەندیمان بە ڕێکخراوی بەدیلەوە یەکەم هەنگاوی ڕێگای ڕاست بوو، بەو پێیەی ئەم ڕێکخراوە، لە ڕوانگەی ئێمەوە، نوێنەرایەتی مارکسیزم دەکات و ڕوانگەیەکی ڕاستەقینەی مارکسیستی دەگرێتەبەر. ئەمەیە کە ئەمڕۆ وەک بیرمەندێکی چەپ پاڵنەری منە بۆ ئەوەی سەر بە ڕێکخراوەکە بم و هەموو هەوڵەکانم بۆ سەرکەوتنی سۆسیالیزم لە پێناو کرێکاران و زەحمەتکێشان بۆ یەکسانی بخەمەگەڕ.

ئەلغەد الاشتراکی: بەم پرسیارەی خوارەوە چووینە لای هاوڕێ ساڵح عابد لە شاری تکریت: ئێوە لە ڕێکخراوەکانی تکریتی بەدیلی کۆمۆنیستی کارتان کردووە و چالاکی وەک ڕۆژنامە بڵاوکردنەوە وهەڵواسینی لافیتەتان ئەنجامداوە، دەتوانن باسی ئەو چالەنجانەمان بۆ بکەن کە لە تکریت ڕووبەڕووتان دەبێتەوە، وە ئایا ڕێباز و سیاسەتی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) لەگەڵ خواستی کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنان و چینە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانی تردا یەک دەگرێتەوە؟

## ساڵح عابد:

بەڵێ ئەوەی بە ئەزموونێکی پراکتیکیی دەیبینین ئەوەیە کە (ڕێکخراوی بەدیل) هاوتەریبە لەگەڵ خواستەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان، بەتایبەتی سەبارەت بە ژنان. ژینگەیەکی گونجاو بۆ خواستەکانی ژنان دابین دەکات، بۆ بەدەست هێنانی ئازادی بۆیان. ئێمە لە (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) لە تکریت هەموو هیوایەکمان ئەوەیە کارەکان بە باشترین شێوە بەردەوام بن بۆ پەرەپێدانی بەرنامەکە بە پێی ڕووداوەکان بە مەبەستی هێنانەدی واقیعێکی نوێ کە هاوتەریب بێت لەگەڵ خواستەکانی جەماوەر. ئێمە لە ماوەی ڕابردوودا کارمان بۆ بڵاوکردنەوەی ڕوانگەی سیاسی ڕێکخراوەکە کردوە و لەسەر دابەشکردنی ڕۆژنامە و لافیتەکان، لە ژینگەیەکی تا ڕادەیەک سەختدا، و ئێمە سەرەڕای هەموو شتێک بەردەوامین لە خەباتەکەمان.

ئەو هەلو مەرجانەی وڵات پێیدا تێدەپەڕێت، لەلایەن کۆمەڵێک حزبی دەسەڵاتدارەوە بۆ پڕکردنەوەی گیرفانی کاریگەرەکان لەسەر حیسابی چینی زەحمەتکێش سە پێنراون.

ئەلغەد الاشتراکی: سەبارەت بە شاری کەرکوک، کە (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) پێگەیەکی بەرچاو و گرنگی هەیە، و بەم پرسیارە ڕوومان لە هاوڕێیان شۆڕش عومەر و فاتیمە کەیف الدین کرد: چۆن کارەکانیان لە ناو ڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوەدا هەڵدەسەنگێنن، بەتایبەتی سەبارەت بە چالاکیەکانی لە نێو ڕیزەکانی کرێکاران و بێکاران و هەروەها ژنان، و ئێوە کارێکی گرنگتان لەناو ئەم توێژانەدا لە شاری کەرکوک هەیە؟

## شۆڕش عومەر ڕەزا و فاتمە کەیفەدین:

ئێمە پێنجەمین ساڵیادی دامەزراندنی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق) لە (٢٠٢٣/٢٥/٧) تێدەپەڕێنین، لە کاتێکدا کە ڕێکخراوی کەرکوک، لە ڕێگەی کار و خەباتی خۆیانەوە لە پارێزگای کەرکوک و قەزا و ناحیەکانی، بەشێوەیەکی کاریگەر چوونەتە ڕیزی چینی زەحمەتکێشی کرێکاران و بێکارانەوە، بەتایبەتیش کرێکارانی کشتوکاڵ. بۆ ئەوەی ببێتە هاوکار و دەنگێک بۆیان، ئەمەش لە ڕێی ئەنجامدانی سیمینار و کۆبوونەوەی کرێکاری لە پارێزگاکە و گوندەکان و بۆ هۆشیاری و ئاگاردار کردنەوەیان لەسەر ئەو مافانەی کە لە یاساکانی کاردا لە عێراقدا کارپێکراون.

هە روە ها گرنگیدان بە مافی ژنانی کرێکار لە لادێکاندا کە لە شوێنی کاردا ئیستغلال دەکرێن بە هۆی ئەوەی هێزێکی کاری هەرزانن، و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پە ڕاوێزخستنەی کە لە ژێر ناوی داب و نە ڕیت و ئاییندا تووشی دەبن. ژنان دیلن تەنها بۆ مەبەستی کار و سێکس بەکار دێن لە ژێر پەردەی دیندا. لەدوای لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق؛ سەپاندنی سیاسەتەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی، و تێکدانی ژێرخانی وڵات، و دەرکردنی سەدان هەزار کارمەند لە کۆمپانیاکانی سەر بە وەزارەتی پیشەسازی و کانزاکان، بەناوی ئاڵوگۆڕی لە پەیکەرەی کۆمپانیاکان و هاندانی وەبەرهێنان لەسەر حیسابی کەرتی گشتی، و سەرهەڵدانی سوپایەکی بەرفراوانی بێکاران، کرێکاران لە سەرەتاییترین مافەکان بێبەش دەکرێن لەوانە کرێ و سەعاتی کارکردن و نەبوونی پاراستنی یاسایی بە پێی پێویست بۆیان، وە هەروەها مافەکانی زەمانی کۆمەڵایەتی و دابین کردنی بیمەی بێکاری.

بەرنامەی چاودێری کۆمەڵایەتی بە قازانجی حزبە دەسەڵاتدارەکان و لایەنگرانیان دەستکارییەکی زۆری تیا دەکرێت. کرێکاران لەسەر بنەمای خزمایەتی و پاشکۆیەتی لەبەرچاو دەگیرێن و دەوڵەت خۆی بە بەرپرسیار نازانێت لە دابینکردنی هەلی کار بۆیان. دۆخی ژنان بە گشتی سامناکە، چونکە لە سەرەتاییترین مافەکان بێبەشن، جا چ لە ماڵەوە بن یان لە شوێنی کار، تێڕوانینێکی زۆر خراپ هەیە بۆ ژنان لەلایەن دەسەڵاتی پیاوانەوە، وە لە بەرامبەر کاردا موزایەدەیان پێ دەکرێت. ئەو هەل ومەرجانەی وڵات پێیدا تێدەپەڕێت لەلایەن کۆمەڵێک حزبی دەسەڵاتدارەوە سەپێنراون بۆ پڕکردنەوەی گیرفانی هەندێک لەسەر حیسابی چینی زەحمەتکێش.

بە بۆنەی ئەم یادەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆمان پێشکەش دەکەین و دەستمان دەخەینەناو دەستی یەکترییەوە بۆ پشتیوانی لە کرێکاران و ستەملێکراوان. بژی خەباتی چینی کرێکار لە عێراق بە گشتی و کرێکارانی پارێزگای کەرکوک بە تایبەتی.

ئەلغەد الاشتراکی: لە پارێزگاری دیوانییە ئەم پرسیارەمان لە هاوڕێ کیفاح الدعمی کرد: کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی لەناو (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق)دا، چۆن دەبینیت؟ جیاوازی ئەم ڕێکخراوە لەگەڵ هێزە شیوعیەکانی تری دیوانیە و شامیە لە چیدایە؟

## کیفاح الدعمی:

هەر لە دوای پەیوەست بوونم بە (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی)یەوە کە لە دوای ماوەیەکی کەم لە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە بوو وە کارکردنم تیایدا، قەناعەتم بە ڕوانگەی شۆڕشگێڕانە و مارکسیستی-کۆمۆنیستی ڕاستەقینەی ئەم ڕێکخراوە پەیداکرد، بەو کادر و هاوڕێ دڵسۆزانەی پرسی کرێکاران و جەماوەر بە گشتی و ژنان، و خەباتیان بۆ ڕزگاربوون لە سیستەمی گەندەڵ کە دەسەڵاتی کوشتن و چەتەیی نوێنەرایەتی دەکات، کە دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی و قەومییە، و بەرهەمی ئەمریکا و هاوپەیمانەکەیەتی کە ئێرانە. تێبینی دەکەم کە ژمارەی ئەو چالاکوانانەی پەیوەندی دەکەن بە ڕێکخراوەوە لە زیاد بووندایە، ئەمەش لە ئەنجامی هەڵوێستە شۆڕشگێڕانەکانمان لە بەرگریکردن لە پرسی زەحمەتکێشان و هەژارکراوان و ئەو بارودۆخە نەفرەتییەی کە ژنان تێیدا دەژین بەهۆی ئەو کۆمەڵکوژی و شەڕ و قەیرانانەی سیستەمی سەرمایەداری نیولیبراڵ.

هەروەها، هەڵوێستی بە پرەنسیپ و پتەوی ئەم ڕێکخراوە لە ڕەتکردنەوەی تەواوی پرۆسەی سیاسی و ئاکامەکانی لەعێراق. ڕێکخراو لە (ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩)ی مەزندا چالاک بوو، هەروەک لە خۆپیشاندانی کرێکاران و فەرمانبەرانی شارەوانی دیوانیە و شامیە، و خۆپیشاندانی وانەبێژان و کارگێڕان، بەشدار بووە لەگەڵ ڕێپێوانەکانی ڕۆژی جیهانی کرێکاران و ژنان لە دیوانیە و هەموو ئەمانەش دەنگدانەوەی لە ناو جەماوەردا هەبووە. ڕۆژنامەی (الغد الاشتراكي) بەدەمهاتنەوە و ڕەزامەندی لە شەقامدا هەبووە بەهۆی دەربڕینی نیگەرانیەکانی خەڵک و خستنە ڕووی چارەسەری واقیعی بۆ هەموو قەیران و ئازارەکانیان، بە پێچەوانەی ڕۆژنامەکانی دیکەی سەر بە حزبەکانی تر کە بانگەشەی (ئیدیعای) کۆمۆنیزم دەکەن، وە کە بوونەتە بەشێک لە ئیعلامی دەسەڵاتی گەندەڵ و گوزارشت لە ڕێکخراوێک دەکات کە دوورە لە خواستی کرێکاران و زەحمەتکێشان. ئەم ڕەفتارانەیان کاریگەریەکی زۆر نەرێنی لەسەر کۆمۆنیستەکانی شارەکە بە جێ هێشتوە، و بێ ئومێدیەکی گەورەی لای ئەوانەی قوربانیان داوە و خۆڕاگر بوون، وە بە تایبەت کەس و کاری قوربانیان. هەڵسوکەوتی ئەوان بریتی بووە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە و درۆو سەر لێشێواوی لە دژی (ڕێکخراوی بەدیل). خۆدزینەوەیان لە پشتگیریکردنی کێشەکانی خەڵک و بەرکەوتنی ئەو لایەنانە لەبەردەم ڕەخنەدا بەهۆی هاوپەیمانییان لەگەڵ هێزە ئیسلامی و بەعسی و ناسیۆنالیستەکان و دۆڕاندنیان و لەدەستدانی دەنگەکانیان بۆ ئەو هێزانە، هەموو سیاسەتەکانیان ئاشکرا دەکات.

کار و سیاسەتەکانی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی) لە دیوانیە دۆست و لایەنگرانێکی زۆری هەیە، بەڵام هەلو مەرج و هۆکاری زۆریش هەیە کە ڕێگری دەکات لە پەیوەستبوونیان بە ڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوەوە.

ئەلغەد الاشتراکی: وە لە بەغدا و بە تایبەتی ناوچەی (ئەلمەعامل - المعامل)ەوە ئەم پرسیارەمان ئاراستەی هاوڕێ عەلی الشیاع کرد: پاش پێنج ساڵ لە دامەزراندنی (ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق)، ئەم بۆنەیە بۆ ئێوە چی دەگەیەنێت؟ چۆن بتوانین بیکەین بە بۆنەیەک بۆ جەختکردنەوە لەسەر ئەو ڕێبازە سیاسییەی کە جیاوازە لە باقی حزب و ڕەوتە کۆمۆنیستەکان؟ و هەڵسەنگاندنتان بۆ ئەزموون و دەور و کاریگەری (یانەی ڕۆشنبیری لاوان لە ئەلمەعامیل) چۆنە؟

## عەلی الشیاع:

ئەو دروشمانەی کە (بەدیلی کۆمۆنیستی) بانگەشەیان بۆ دەکات، نوێنەرایەتی خواستەکانی جەماوەر دەکەن و پەیوەستە بە ئامانجەکانیان بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کۆمۆنیستی لە دەستی کرێکاران و جوتیاراندا. ڕێکخراوی بەدیل لە عێراقدا سازشی لەسەر ئەو پرەنسیپانە نەکردوە کە باوەڕی پێی هەیە و تاکە گەرەنتی بێ ئەملاوئەولای خەباتی پرۆلیتاریایە.

عەلی شیاع جەختی لەوە کردوە کە ئەزموونی ئەلمەعامل بۆ ئەو وەک مەلەوانێکی بەهێز وایە کە بەرامبەر بە تەووژمی بەهێزی شەپۆلەکانی دەریایەک مەلە دەکات، جگە لە باوەڕبوونی بە توانای خۆی و بەرەو پێش چوون هیچی تری نییە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی سەرەڕای سەختییەکان، پێویستمان بە سەبر و پلانی دروستە بۆ پێشخستنی واقیعی یانەکەیان. سەرەڕای هەموو ئەو چالاکییانەی پێشکەشی دەکەین، هەست بە توانای خۆمان دەکەین کە دەتوانین کاری باشتر و بەسوودتر بکەین.

# توندوتیژی و ئازاردانی دامەزراوەیی تەندروستی بەرامبەر بە ژنان لە کاتی دووگیانی و منداڵبووندا

شیرین عەبدوڵا



هەڵاواردن و توندوتیژی دژی ژنان هەمەلایەنەیە و هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە، لە ماڵەوە، لە شوێنی کار و تەنانەت ئەو دامەزراوە تەندروستیانەی کە خزمەتگوزاری پزیشکیان پێشکەش دەکات. زیادبوونی ڕێژەی توندوتیژی خێزانی و ئازاردانی ژنان لە کاتی دووگیانی و منداڵبووندا و لە دوای منداڵبوون لە زۆرێک لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە پزیشکییەکاندا سەلمێنراوە -وە ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لەنێوان هەر پێنج ژنێکی دوو گیاندا، یەک ژن تووشی توندوتیژی خێزانی دەبێت- و ئەمەش یەکێکە لە گرنگترین هۆکارەکانی منداڵ لەبارچوون و لەدایکبوونی پێشوەختە و مردنی دایک لە کاتی منداڵبوون و خۆکوشتن. بەڵام ئەوەی کە وێنا ناکرێت ئەوەیە کە ئەم توندوتیژییە بەرامبەری، لە شوێن و دامەزراوە پزیشکی و چارەسەرییەکاندا بەردەوامی هەبێت.

چاودێری پزیشکی -هەروەک سروشتی خۆی؛ کە پەیوەندی بە تەندروستی خەڵک و زیندوو ڕاگرتنی نەخۆشەوە هەیە- خزمەتگوزارییەکی مرۆییە کە نابێت جیاوازی لە نێوان نەخۆشەکاندا بکات و دەبێت دوور بێت لە جیاکاری لەسەر هەر بنەمایەک بێت، بەڵام ئەمە بۆ ژنان، و بە تایبەتی لە کاتی دووگیانی و منداڵبووندا، وا نییە. وە ئەم جیاکاری و توندوتیژییە بەرامبەر ژنان لە چینە هەژارەکان و گروپە پەراوێزخراوەکانی تری کۆمەڵگا، وەک پەنابەران و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان، هەروەها کچانی هەرزەکار و گەنج و ژنانی بەساڵاچوو زیادترە. توندوتیژی دژی ژنانی دووگیانی ئەم توێژانە چەند قات زیاترە. کاتێک دێینە سەر باسی قوربانیانی دەستدرێژی سێکسی (اغتصاب)، ئەم توندوتیژییە دەچێتە قۆناغێکی ترەوە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگاکانی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە کۆمەڵگا هەر نایەوێت دەنگی ژنە دەستدرێژی لەسەر کراوەکە ببیسترێت، و هەوڵ دەدرێت دووگیانییەکەی بە بێدەنگی و بە بێ "هەراسانکردنی کۆمەڵگا" کۆتایی پێبێت! بەم پێیە و (بەپێی خەملاندنی کۆمەڵگا)، ژنەکە تاوانبارە بەوەی کە بێ گومان خۆی هانی دەستدرێژیکارەکەی داوە، وە یان خۆی خستۆتە دۆخێکەوە کە هانی ئەوی دابێت دەستدرێژی بکاتە سەری، ئیتر چۆن بۆی هەبێت بوێرێت گلەیی لە ئازارەکانی دووگیانی و منداڵبوون بکات.

توێژینەوەیەک کە لە لایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییەوە لە چوار وڵاتی گانا، گینیا، میانمار و نەیجیریا لە ساڵی ٢٠١٥ ئەنجامدراوە، دەری دەخات کە سێیەکی ژنان لە کاتی منداڵبووندا تووشی ئازاردان دەبن، وە بە تایبەتی بەینی ٣٠ خولەک پێش منداڵبوون و ١٥ خولەک دوای منداڵبوون توشی ئازاردانی جەستەیی یان دەروونی دەبن.

دووگیانی و منداڵبوون لە سەختترین و ناسکترین قۆناغەکانی ژیانی ژنە. لە هەموو کاتێک زیاتر ئەم کاتانە پڕ لە مەترسی و ئاڵۆزییە تەندروستیی جەستەیی و دەروونییەکانن، کە ڕەنگە کاریگەرییەکانی بە درێژایی تەمەن بمێنێتەوە. ئەوەی جێی داخە و مایەی بێ ئومێدییە، ئەوەیە کە زۆربەی ئەم ئاڵۆزیانە دەتوانرێت ڕوو نەدات. کاتێک ژن بە ئیرادەی سەربەخۆی خۆی مافی دووگیان بوون و منداڵبوون بەکاردەهێنێت، بە پاڵپشتی هاوژین و خێزان و کۆمەڵگا، بە دامەزراوە پزیشکییەکانیشەوە، ئەمە دەبێت ڕووداو و ئەزموونێکی دڵخۆشکەر بێت لە ژیانیدا، بەڵام هەبوونی توندوتیژی و هەڵاواردن لەسەر بنەمای ڕەگەز، جا لە ماڵەوە بێت یان لە دەرەوە یان لەو شوێنانەی کە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان پێشکەش دەکرێت هەندێک جار دەیکاتە ئەزموونێکی تاڵ و ئازاربەخش، ژن بە هەستێکی شکاوەوە لێی دێتە دەر.

بەگوێرەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی: "ژنان لە سەرانسەری جیهاندا لەکاتی منداڵبوون لە دامەزراوە پزیشکییەکاندا بەدەست بێ ڕێزی، ئازاردان یان پشتگوێخستنەوە دەناڵێنن و ئەم کارانەش پێشێلکردنی مافەکانی ژنانە، و ڕەنگە ببێتە هۆی سڵەمینەوەیان لە بەکارهێنانی خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی دایکان، ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر باری تەندروستی و خۆشگوزەرانیان دەبێت".

لە فۆرمەکانی توندوتیژی: سووکایەتی پێکردن، لۆمەکردن، هاوارکردن بەسەر ژندا، جنێودان، توندوتیژی جەستەیی، شەق و شەقازلە لێدان، پشتگوێخستنی داواکارییەکانی ژنان بۆ دەرمانی ئازارشکێن و دەرمانی تری پێویست، تۆمەتبارکردنیان بەوەی کە "لاوازن" و "بەرگەی ئازار ناگرن" و هتد. فۆرمەکانی توندوتیژی لە کاتی دووگیانی و منداڵبووندا زۆرن و پلەکانیان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، بەو پێیەی شوێنانێک هەن کە هەنگاوی گەورەیان بەدەستهێناوە لەم بوارەدا، بەڵام هێشتا دیاردەیەکی باو و "ئاساییە"، کە هەندێک وەک پەتایەک سەیری دەکەن کە بە شێوەیەکی سیستماتیکی چاوپۆشی لێدەکرێت. توێژینەوەکان دەریدەخەن کە باسکردن لە دەستدرێژیکردنە سەر ژنی دووگیان هێشتا بابەتێکی تابۆیە، تەنانەت ژنان خۆیان درکیان بەوە نییە کە مامەڵە کردنیان لە کاتی منداڵبووندا دەتوانرێت بە دەستدرێژی هەژمار بکرێت.

کەمیی هۆشیاری لە سەر ئازارە ئاسایی و چاوەڕوانکراوەکان و ئەوانەی کە لە کاتی دووگیانیدا ئاسایی نین، لەو هۆکارانەن کە دەبنە هۆی سەرلێشێواوی و دڵەڕاوکێ بۆ ژنان. دووگیانی بەرپرسیارێتییەکی یەکجار گەورەیە لەسەر شانی ژن و سروشتییە کە ئەو خەمی تەندروستی کۆرپەلەکەی بێت. لە لایەکەوە دەبێت دڵی هاوسەر و کەسوکاری هاوسەریشی ڕابگرێت، چونکە هەر ئاڵۆزییەک ڕوودات ئەو لۆمەی دێتە سەر، و لە لایەکی کەوە، سەرنجی نەرێنی دێتەسەر و تۆمەتبارکردن بەوەی "خۆڕانەگر" و "ترسنۆکە".



پشتگوێخستنی سکاڵای ژنی دووگیان و گوێنەگرتن لێی، لەوانەیە لە لایەکەوە ببێتە هۆی لەدەستدانی متمانەی بە دامەزراوە پزیشکییەکان و لە لایەکی کەشەوە لەوانەیە ببێتە هۆی دواکەوتنی دەستنیشانکردنی ئاڵۆزییەکان و هەندێک جاریش ئەنجامی کارەساتباری لێدەکەوێتەوە.

هەروەها توندوتیژیی لە کاتی منداڵبووندا کاریگەری لەسەر ژن بۆ دوای منداڵبوونیش دەبێت، چونکە ڕەنگە بەهۆی ئەو ئازار و توندوتیژییەی کە لەو کاتەدا تووشی بووە، بینینی منداڵەکەی ڕەتبکاتەوە. جگە لەوەش هەست شکاندنی وا دەکات ئاسوودەیی خۆی لەدەست بدات و تووشی خەمۆکی دوای منداڵبوون و کاریگەرییەکانی لەسەر تەندروستی و خۆشگوزەرانی خودی ژنەکە و هەروەها منداڵەکانیشی.

تەندروستی ژنان و تەندروستی زاوزێ بەشێکی دانەبڕاوە لە تەندروستی گشتی لە هەر وڵاتێکدا، جا لە سیستەمی تەندروستی گشتی بێت یان تایبەتیدا بێت. وە بەو پێیەی تەندروستی ژنان و منداڵان بەشێکی گەورەی تێچووی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان پێکدەهێنێت، دەبینین کە ئەو وڵاتانەی سیستەمی تەندروستی گشتی تیایە ئەمە بە فورساییەک دادەنێن (کە خۆیان لە بنەڕەتدا و لە باشترین حاڵەتدا ئەم سیستەمانە بودجەی پێویستیان نییە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی تەندروستی گشتی دانیشتووان)، و هەر لەبەر ئەم هۆکارەش دەوڵەت نایەوێت خەرجی پێویستی بۆ دابین بکات.

لە لایەکی کەوە لە سیستمە تەندروستییە تایبەتەکان تەندروستی ژن وەک نێچیرێکی چەور دەبینن بۆ تێر کردنی چاوچنۆکی وخولیای شێتانەیان بۆ قازانج. لێرەدا تەندروستی ژن دەبێتە فشار لە سەر بودجەی خێزانەکەی، ژنەکەش خۆی لە خەمی داهاتی خێزانەکەیدا دوودڵ دەبێت لە خەرجکردن بۆ تەندروستی خۆی. ڕاپۆرت هەیە باس لەوە دەکات کە ژنان یان منداڵەکانیان لە دامەزراوەکاندا ڕاگیر دەکرێن هەتاکو پارەی نەخۆشخانەکە ئەدەن.

## توندوتیژی تەندروستی دامەزراوەیی ڕەنگدانەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە باوەکانە

هۆکارەکانی توندوتیژی تەندروستی دامەزراوەیی دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتی پیاوسالارانەی کۆمەڵگا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پیاوسالارییە باوەکان، بەتایبەتی لە کۆمەڵگاکانی ئێمەدا لە عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ژنان بەدەست پەراوێزخستن و توندوتیژی و سووکایەتی پێکردن و زەلیلبوونەوە دەناڵێنن، ئەگەر سکاڵا بکەن، دەوترێت "هیستریای هەیە"، "زۆر ئەڵێت"، "ناسکە"، "هەمیشە بۆڵەبۆڵ دەکات"، یان "ناز ئەکات"...هتد. ئەم بۆ چوون و تێڕوانینانە بەرامبەر بە ژن لە ڕووی مێژووییەوە، سەرچاوەی بۆ سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی باوەڕی باو ئەوە بوو کە ژن بەهۆی منداڵدانەوە ناهاوسەنگە. و ئەمانە هێشتا بوونیان هەیە و ڕەگ و ڕیشەیان لە بیرکردنەوە و مێشکی مرۆڤەکانی کۆمەڵگاکانی ئێمەدا چەسپیوە، و ئامانج لێی بەکەم زانین و بچوک سەیرکردنی ئازار و ئەشکەنجەکانی ژنانە. هەندێ جار گوێبیستی دەستەواژە و کۆمێنتێکی لەم شێوەیە دەبین، وەک ئەوەی ئاسایی و قبوڵکراو بێت و زۆرجاریش تەنانەت لە چوارچێوەی نوکتە و گاڵتەجاڕی دێن. سەیریش نییە ئەو کەسەی ئەو کۆمێنتانە دەڵێت، ستایش و ڕەزامەندی گوێگران وەربگرێت، وەک ئەوەی ڕێک قسەی دڵی ئەوانی کردبێت بەرامبەر بەو ژنەی کە باسی لێوە دەکرێت.

کارمەندانی تەندروستی و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان ئەندامی کۆمەڵگاکەن و هەڵگری بیرۆکە و بۆچوونە باوەکانی ناو کۆمەڵگان. سروشتیشە کە ئەوان هەمان بیرۆکە و تێڕوانینەکان بگوێزنەوە بۆ شوێنی کارەکانیان. ئەوەی لە چوارچێوەی دیواری ئەو دامەزراوانەدا (کە بۆ چاودێریکردنیان لە کاتی پێویستیدا دروستکراون)، بەرامبەر ژنان ڕوودەدات، درێژکراوە و ڕەنگدانەوەی توندوتیژی و هەڵاواردنی دژی ژنانە لە کۆمەڵگادا بە گشتی دەگوزەرێت. بە کەم سەیرکردنی ئازارەکانی ژنان و پشتگوێخستنی کێشە تەندروستییەکانیان و ئازارەکانیان لە کاتی دووگیانی و منداڵبوون و بە جددی وەرنەگرتنیان لە دامەزراوە تەندروستییەکانی سەرتاسەری جیهاندا باوە. ئەمە هەمان بۆ چوونە کە سکاڵای قوربانیانی توندوتیژی خێزانی لە بنکەکانی پۆلیسدا وەک بابەتی خێزانی "بێ بایەخ" دادەنرێت و پشتگوێ دەخرێت بەوەی کە شایەنی کات و ووزە تیا سەرف کردنی دەزگاکانی نییە.

ئامار و زانیاری تۆمارکراو زۆر کەم هەیە لەسەر توندوتیژی تەندروستی دژ بە ژنان بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و هۆشیاری لەم بارەیەوە لاوازە چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگا یان دامەزراوەکان، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە ڕۆشنایی بخرێتە سەر ئەم لایەنە گرنگ و شاراوەیەی توندوتیژی دژی ژنان.

٢٠٢٣-٨-١٠

دەتوانن بینەری ئەم چاوپێکەوتنانە بن لە لاپەڕەی فەیسبوکی ڕۆژنامەی (ڕەوت) لە ڕێگەی ئەم لینکانەی خوارەوە:

/https://fb.watch/mIKgeQpe_z

/https://fb.watch/mIKzOCobB6







## ڕۆژنامەی ( الغد الأشتراكي ) لە چاپ دەرهات

ڕۆژنامەی ( الغد الأشتراكي ) دەنگی کرێکارانی ناڕازیە و هەوڵ وخەباتیانە لە پێناو بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاری وبەدیهێنانی سۆشیالیزم، دەنگی لاوانی شۆڕشگێڕە دژی ئەم بارودۆخە داسەپاوە، دژی بێکاری و برسیەتی و بێمافی، دەنگی ژنانی شۆڕشگێڕە لە پێناو ڕزگار بوون لە کۆت وبەندی کۆمەڵگای داڕزیوی پیاوسالاری ڕووە بەدەستهێنانی ئازادی و یەکسانی تەواو، دەنگی هەموو ئەو توێژانەیە کە دژی ڕژێمی تایفەگەری و نەتەوەیی وەستاونەتەوە و خەبات دەکەن . ئەم ڕۆژنامەیە بەزمانی عەرەبی دەردەچێ و لە زوربەی کتێبخانەکانی کوردستانیش دەست دەکەوێ .


الغد الاشتراكي
العدد 33
آب 2023
صحيفة سياسية شهرية صادرة عن منظمة البديل الشيوعي في العراق
البديل OCA
منظمة البديل الشيوعي في العراق

إعادة مجالس المحافظات سياسة بائسة أسقطتها انتفاضة أكتوبر وستسقطها الجماهير

تحديات ومهام،
في الذكرى السنوية الخامسة لتأسيس منظمة البديل الشيوعي في العراق
مؤيد احمد

إضراب الشباب العاطلين عن العمل والمتظاهرين في مدينة كفري

بمناسبة الذكرى الخامسة لتأسيس منظمة البديل الشيوعي في العراق

اجرت صحيفة الغد الاشتراكي لقاءا مع عدد من أعضاء المنظمة، متحدثين حول موقعها السياسي والاجتماعي داخل العراق وأبرز الاعمال والانشطة التي قامت بها طوال الخمس سنوات الماضية
ص4

المسار السياسي في إقليم كوردستان في ارتباطه بالصراع الطبقي
ص1

ساعات عمل طويلة وأجور قليلة
معاناة سواق التوصيل – دلفري

ويستمر الإسلاميون في سياسة الافقار زيادة ساكني العشوائيات
ص2

الرأسمالية وتدمير الحياة على كوكب الأرض
ص3

الصفحة الادبية
ص5

وهل هناك من ثقة كي تخسروها ؟!
ص2


قضايا ونضالات المرأة
ص6

قضايا ونضالات العمال
ص7

بيان مشترك لمجموعة من المنظمات اليسارية
ص2

بۆ پەیوەندی گرتن بە ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق و ڕۆژنامەی ڕەوت
البديل OCA
ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
SCAN ME
ڕەوت
مازن محەمەد +9647709658673
نزار عەقراوی +447507070024
نەوزاد بابان +964 771992 9183
@rawtnews
@AlbadeelAlsheoi
Rawt.news@gmail.com
Albadeel.alsheoi@gmail.com
http://www.Albadeel-alsheoi.org/ar

دەستەی بەڕێوەبردن
نادر عبدالحميد
جەمال کۆشش
عەبدوڵا ساڵح
نەوزاد بابان
شیرین عەبدوڵا
مونەیەد ئەحمەد
نزار عەقراوی
سەلاح فەتحوڵا

Graphic & Designe
By / Salah Fathulla

https://salahfathulla.contently.com/
salah_fathulla@hotmail.com
+358 409115275
https://www.facebook.com/garafart
# Newspaper
# Logo_Design
# Business_Cards
# Magazines
# Illustration
# typography
# Brochure Design
# Poster